گوڵان
www.gulan-media.com
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

# هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و هۆشیاری سیاسی هاوڵاتیان





بۆچی هەندێ کەس زیاتر لە سیمکارتێکیان هەیە؟






د.موحسین جەمیل: دەستنیشانکردن بە پێنۆری گەدە جێگای متمانەیە



عەدنان درجال: پاڵپشتیکردنی حکومەتی کوردستان لە پشت بەهێزی یانەی هەولێرەوەیە






لەگەڵ مار دەژی

■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد سـدیق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
☎ ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
☎ ٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠

■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تاڤینگ
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ و دیزاین
لوقمان ڕەشیدی

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
د. عادل حوسێن: تەندروستی
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ك)

گوڵان
ژمارە (٧٣٩)
٢٠٠٩/٦/٢٩

# سەرۆکێک لە سەرووی جیاوازیی و ناتەباییەکانەوە



**ئاسۆ کەریم**

Aso2karim@yahoo.com

**تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی**

بەرلەوەی بێمە سەر ئەسڵی مەبەست، بەگوێرەی دوا گەڵاڵەنامەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە لە ٢٢ی ئەم مانگەدا بڵاوکراوەتەوە، هەروەکو لە ماددەی (١)ەمدا دەردەکەوێ، سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستان وەکو هەرێمێکی فیدراڵیی ناو عێراق، "پەرلەمانیی کۆماریی دیموکراتییە". ئەو سیستەمە پشت بە "فرەیی سیاسی، پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، پرەنسیپی ئەمدەست و ئەودەستپێکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات لەرێگەی هەڵبژاردنی ناوبەناوی راستەوخۆی گشتییەوە" دەبەستێ و هەرگیز ئەم سروشتە سیاسییەی حوکمڕانیی لە کوردستاندا، بەگوێرەی (مادده ١٢٠)ی پرۆژەکە، دەسکاری ناکرێ و قابیلی هەمووارکردن نییە.

کەواتە سیستەمی سیاسیی کوردستان، بەگوێرەی ئەو پرۆژەیە، وەکو خۆی ماوەتەوەو بەگوێرەی (مادده ٤٠) و (مادده ٥٣-یەکەم) یش، پەرلەمان، "تاکە مەرجەعە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی هەرێمی کوردستان بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان" و هەر ئەویش متمانە بە کابینەی وەزاری دەدا و لێشی وەردەگرێتەوە (مادده ٥٣- پێنجەم و شەشەم).

هەر بەگوێرەی ئەو پرۆژە دەستوورە، تەبای هەر سیستەمێکی پەرلەمانیی دیموکراتیی، لەنێوان هەر سێ دەسەڵاتی "یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری"دا، رێوشوێن بۆ پێڕەوکردنی پرەنسیپی check and balance دانراوە. واتە هەر سێ دەسەڵاتەکە هەم هاریکاری یەکدوو دەکەن و هەم چاوەدێریش بەسەر کارو ئەدای یەکترییەوە لە چوارچێوەی دەستوور و قانووندا.

لە هەمانکاتدا، دەسەڵاتی تەنفیزی وەکو هەر سیستەمێکی تری پەرلەمانیی، بەپێی (مادده ٥٩) دوو لکیە: واتە لە ١- سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و ٢- ئەنجوومەنی وەزیران پێکدێ و بەگوێرەی دەستوورو قانوون هەڵدەسوڕێ. لێرەدا، تاکە خاڵێک کە جیای بکاتەوە ئەوەیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە سەرۆکی هەرە باڵای دەسەڵاتی تەنفیزییە (مادده ٦٠)، لە جیاتی ئەوەی لە پەرلەمان هەڵبژێردرێ، لە لایەن خەڵکەوە راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێ. ئەوەش پێشتر لە قانوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا هاتووەو لە پرۆژەی دەستووریشدا، وەکو خۆی بەبێ دەسکاری نووسراوەتەوە (مادده ٦١). هەروا سەرۆکی هەرێم چ بە خۆی و چ جێگرەکەی، بەپێی مادده (٦٢) دەکرێ لە هەندێ باردا هەروەکو لە پرۆژەکەدا قامکی بۆ راکێشراوە، لەسەر کار لابدرێن. هەروا سەرۆکی هەڵبژێردراو لەبەرانبەر پەرلەماندا، نەک لەبەرانبەر دەستەیەکی تردا، سوێندی دەستبەکاربوون دەخوات، (مادده ٦٣).

راستە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەگوێرەی (مادده ٦٥) دەسەڵاتێکی کەمی نییە، بەڵام ئەم دەسەڵاتانە لە سۆنگەی هەڵبژاردنی راستەوخۆی سەرۆک لەلایەن گەلەوە، لە قەبەڵی نەکراون. بەڵکە لە دەورەی یەکەمی سەرۆکایەتیشدا، بەگوێرەی قانوونی سەرۆکی هەرێم، سەرۆک ئەو دەسەڵاتانەی هەبووە. خۆ سەرکۆماری تورکیا کە لە لایەن پەرلەمانیشەوە، هەڵدەبژێردرێ، دەسەڵاتێکی زۆری هەیە. تەنانەت لە عێراقیشدا، باس لەوە دەکرێ دەسەڵاتی سەرکۆمار زیاد بکرێ بەبێ ئەوەی دەست لە سیستەمی حوکمڕانیی عێراق، کە پەرلەمانییە، بدرێ.

کەواتە، سەرۆکی هەرێم وەکو دەردەکەوێ، وەکو هەندێک دەڵێن، دەسەڵاتێکی رەهای نییە. بەڵکە تەنیا دوو (دەورە)ی لەسەریەک، سەرۆک دەتوانێ سەرۆکایەتی بکا و دەسەڵاتەکانیشی بەپێی دەستوور دیاریکراون و لەبەرانبەر خوا، گەل و پەرلەمانیشدا بەرپرسە. بەڵام هەقە کە قسە لەو بارەوە دەکرێ، چەند راستییەک هەیە لەبەرچاو بگیرێن:

١- ئێمە، وەکو گەلی کوردستان، هەم پێیەکمان لەناو قۆناخی رزگاریی نیشتمانیدا ماوە و هەم پێیەکیشمان هاویشتۆتە ناو قۆناخی گۆڕانکاری دیموکراتی. زیاتر لە سەدا ٤٠ی خاکی کوردستانی عێراق، لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی ئێستای حکوومەتی کوردستانە. بۆیە کۆکردنەوەی هەموو هێزو تواناکان چ ئەوانەی دێنە ناو پەرلەمان و چ ئەوانیش لە دەرەوەیدا دەبن، لەژێر رابەرایەتیی سەرۆکێکی بەهێزو خاوەن دەسەڵاتدا کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرابێ و بە سەقەی نێوان کوتلە سەرەکییە براوەکان حیساب نەکرێ، هەم بۆ هەرێم و هەم بۆ جوڵانەوەی کورد بەگشتی و هەم بۆ ژینگەی ئێستای عێراق و دەوروبەرو نێودەوڵەتی، پێویستییەکی سیاسیی و لەسایەیدا خیتابێکی یەکگرتووی دوور لە "راکێش راکێش"، کە بۆ هەموو لایەک روون بێ، دێتەدی. دەکرێ بەهەندێ جیاوازییەوە، لەنێوان ئەو پێڤاژۆیەی "سوڵتەی فەلەستینی" تێیدایەو هەلومەرجی ئێستای کوردستاندا، "قیاس"ێک بکرێ کە هەلومەرج لە هەردووکیاندا ئەوە دەخوازێ کە سەرۆک، هەم لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێ و هەم سەرۆکێکی بەهێز بێ، نەک تەشریفاتی، بەتایبەتی کە هەردوو حزبی سەرەکیی کوردستان، پارتی و یەکێتیی، لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەشی ستراتیجی رێککەوتوون و لەتێڕوانین و پەیامدا زۆر لێکنزیکبوونەتەوەو کێشەو بەرەیەکیان لەسەر دەسەڵات نییە.

٢- لە ماوەی رابردوودا، سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان، بەڕێز مسعود بارزانی، زێتر هۆکاری کۆکردنەوەو پارسەنگراگرتن بووە، پتر رێنوێنکار و سایەو دەستگر بەو سیاسەتە گشتییە بووە کە لە پەرلەماندا پەسندکراوە و کەمتر بەلای ئەداو کاری رۆژانەی تەنفیزییەوە چووە.

٣- سەرۆک بارزانی لە ماوەی سەرۆکایەتیی خۆیدا، هەندێ لەو قانوونانەی "گونجاو" و "کامڵ" نەبوون، بەگوێرەی دەسەڵاتی خۆی بۆ پەرلەمانی گەڕاندنەوە، تا پێداچوونەوەیان بۆ بکەن و "کامڵتر"ی بکەن. نموونەش، قانوونی رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی و سیستەمی کۆتا بۆ نەتەوەکانی تورکمان، کلدان ئاشووری سریان و ئەرمەن لە ئەنجوومەنی پارێزگاو قەزاو ناحییەکاندا. واتە، لە بواری یاسادانانیشدا، سەرۆک، دەوری هاریکارانەو کامڵکارانەی گێڕاوە، نەک شتێکی تر.

٤- لەدەسپێکی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، سەرۆک بارزانی لە ٢٤/٦دا، لە بەردەم ئاپۆرەی خەڵکدا، لە ستادیۆمی هەولێر گوتی "ئەو پەڕی رێزو خۆشەویستیم بۆ هەموو لیست و قەوارەکان، هەموویان لە کۆتاییدا کوردن و کوردستانین و براو کەسی ئێمەن". واتە سەرۆکێکە، زۆر بەرزتر لەوە دەڕوانێ کە بەتەنیا سەرۆک و کاندیدی پارتی و یەکێتییەکان بێ، بەڵکە خۆی لەسەرووی ناتەبایی و بیروڕا جیاوازەکان دەبینێتەوەو ئەوەی بەلایەوە مەبەستە بەرژەوەندی باڵای کوردستان و خێروخۆشی گەلەکەمانە. سەرۆکێکی وا، هەر شایستەی ئەوەیە بۆ ماوەی چوار ساڵی تریش، هەر سەرۆک بێ.

**پەرلەمانی کۆماریی دیموکراتییە هەرگیز ئەم سروشتە سیاسییەی حوکمڕانیی لە کوردستاندا، بەگوێرەی (مادده ١٢٠)ی پرۆژەکە، دەسکاری ناکرێ و قابیلی هەمووارکردن نییە**

# (٦) نقورچە



فەیسەڵ دەباغ
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

* هەر یەکێك لە ئێمە مانانان ئەگەر سەیری ئەو وتارو ریپۆرتاژانە بکات کە لەو میدیایانە بڵاو دەکرێتەوە کە بەخۆیان دەڵێن ئەهلی، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئەو میدیایانە راستە ئەهلین، بەڵام بێ لایەن نین و (حی علی الصلاة) پشتگیرییەکی تەواو لە لایەنێکی سیاسی یان لیستێك دەکەن، نەك هەر ئەوە و بەس، بەڵکو پشتگیری لەو لیستانەش دەکەن کە بە ئاشکرا دژایەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن..!!

* هەواڵێکم لە رۆژنامەیەکی ئەهلی ..!! خوێندەوە کە تیایدا هاتبوو: (بەرامبەر سووربوونی بارزانی لەسەر تێپەڕاندنی دەستووری هەرێمی کوردستان رۆژنامەکانی ئاوێنە و هاوڵاتی و گۆڤاری لڤین بایکۆتی کۆبوونەوەیەکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن).

پێم سەیرە رۆژنامەیەك یان گۆڤارێك کە خۆی بە ئەهلی و سەربەخۆ دادەنێ و بایکۆتی کۆبوونەوەیەکی وابکات، من زانیومە حزبێکی سیاسی یان قەوارەیەکی پەرلەمانی بایکۆتی کۆبوونەوەیەك دەکات، بەڵام نەمزانیوە رۆژنامە و گۆڤاریش ئەوە دەکات، ئەگەر ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە بە فیعلی سەربەخۆ بان ئەو کارەیان نەدەکرد، چونکە ئەرکی رۆژنامە و گۆڤاری سەربەخۆ ئەوەیە کە گوێ لە هەموولایەك بگرێ، نەك تەنیا لایەنێك کە بەهەموو پێوەرێك رێژەیەکی کەمی ئەو هەرێمە پێك دەهێنێ، ئایا دەکرێ لە سیستەمێکی دیموکراتدا کەمینەیەك خۆی بە نوێنەری میللەت دابنێ؟ خۆ ئەو دەستووره راپرسی لەسەر دەکرێ، ئیتر بۆ هەموومان چاوەڕوانی ئەنجامی راپرسییەکە نەکەین؟ ئەگەر زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەنگیان بۆ دا، دەبێ ئەو کەمینەیە رێز لە ئیرادەی ئەو زۆرینەیە بگرێ.

* گۆڕانی هەڵوێستی چوار حیزبەکە بەرامبەر بە دەستوور بۆ بەسازش حیساب بکرێ؟ من بەرگری لەو چوار حیزبە ناکەم، بەڵام تۆمەتی سازشکردن دیارە بووەتە هەرزانترین دیاردە لەلایەن ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە کە ناومان بردن، بۆ نموونە رۆژنامەیەکی بەناوبانگی ئەهلی دەڵێ: (کەلە کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ بارزانیدا چوار حیزبەکە سازشیان لەسەر ئەو هەڵوێستەی پێشوویان کرد کە پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە دەبێت دەستوور لە پەرلەمانی ئایندەدا بڕیاری لەسەر بدرێت).

خۆ هەمان ئەو رۆژنامەیە قسەیەکی سەرۆکی فراکسیۆنی یەك لەو حزبانە بڵاوکردۆتەوە کەدەڵێ: ((ئێمە وەکو لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی کۆمەڵێك داواکاریمان هەبوو لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی دەستوورییەوە تەسبیت کرا، ئێمەش رازیبووین بە دەستوور و لە پەرلەماندا دەنگی بۆ دەدەین..)) و ئیتر هەر وابوو.

هەموومان ئەوە دەزانین کە دەستوور مایەی سەروەریبە و شورەی سەروەری هەر وڵات و هەرێمێکە و هەر هاوڵاتییەکی ئەو هەرێمەش پێویستە بەو دەستوورە سەر بەرزبێ، نەك بێ و دژایەتی بکات و رێش بۆ حکومەتی فیدراڵ خۆش بکات کە ئەویش لە دژی بێت، بەڕاستی ئەمە یاریکردنە بە بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان و بە هەموو پێوەرێکیش دژایەتی کردنی ئیرادەی ئەو میللەتەیە کە ناکرێ وا بە ئاسانی سەیر بکرێ، هەتا پاڵێوراوێك بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم لە لێدوانێکیدا دەڵێ: (ئەگەر ببم بە سەرۆك، دەستوور هەڵدەوەشێنمەوە).

سەیرەکە لەوەدایە ئەو زاتە بەر لەوەی دەستوورەکە بخوێنێتەوە ئەو حوکمە دەدات، کەواتە مەسەلە مەسەلەی دەستوور نییە، بەڵکو دژایەتی کردنی هەموو شتێکە، دەربارەی نەخوێندنەوەی ئەو دەستوورەش لە پەرەگرافێکدا ئەو پاڵێوراوە دەڵێ: (زۆربەی خەڵکی کوردستان ئەو دەستوورەی نەخوێندۆتەوە، منیش نەمخوێندۆتەوە).

باشە کاکی برا مادام تۆ ئەو دەستوورەت نەخوێندۆتەوە ئەی چۆن پێشوەخت، بڕیار دەدەی کە ئەگەر بووی بە سەرۆك، دەستوور هەڵدەوەشێنیتەوە..؟

* لە رۆژنامەیەکی بەناو ئەهلی دا ستوونێکی زۆر سادەم خوێندەوە کە دەڵێ پارتییەکان نیگەرانن لەوەی رۆژ لە دوای رۆژ خەڵك لەیەکێتی جیا دەبنەوە دەچنە پاڵ لیستی گۆڕانەوە و پێیان وایە کە پێویستە پارتی چاو بە ناوەڕۆکی رێککەوتننامەی هاوپەیمانی

خۆی لەگەڵ یەکێتیدا بخشێنێتەوە..!!

من نازانم نووسەری ئەو ستوونەش چۆن زانی پارتییەکان لەو وەزعە نیگەرانن، ئایا پارتی وەك حزبێکی گەورەی ئەو کوردستانە ئەوەندە سادەیە کە خوێندنەوەی خۆی بۆ ئەو هەلومەرجە نەکردبێ و؟ لە راستی ئەو واقیعە تێنەگەیشتبێ؟

من بەدڵنیاییەوە بە نووسەری ئەو ستوونە دەڵێم: خوێندنەکانت دەربارەی ئەو مەسەلەیە زۆر سادەن و سیناریۆکانیشت هەر زۆر سادەترن، چونکە ئەگەر ئەو هاوپەیمانێتییە نەبوایە ئەو دەستکەوتانەش بەدەست نەدەهاتن، کە ئەمڕۆ هەمووومان شانازییان پێوە دەکەین، دەرچوونی ژمارەیەك کادیر لە ریزەکانی یەکێتی ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو حزبە ئیتر کۆتایی پێ هاتووە، یان نەك هەر بووەتە حزبی دووەم بەڵکو سێیەمش وەکو ئەو زاتە نووسیویەتی.

ئێمە بەو شێوەیە سەیری مەسەلەکان ناکەین و بەو شێوە هەڵەیەش شت ناخوێنینەوە، ئێستاش لە قەناعەتی هەر پارتییەك دایە کە ئەو هاوپەیمانییە لەم بارودۆخەی کوردستان زۆر پێویستە، سەرەرای هەرەشەی ناوخۆ، هەرەشەی دەرەکیشمان لەبەردەمە، ئەوانەی کە دەڵێن هیچ هەرەشەیەك لەسەر ئەم ئەزموونەی خۆمان نییە، باسیر بخۆن و زۆرنالێدەن، ئەوانە زۆرباش دەزانن کە ئەو هەرەشانەی لەسەر هەرێمی کوردستان هەن زۆرن، بەڵام بۆ چەند مەبەستێکی تایبەت خۆیان لە بەرامبەر ئەو هەرەشانە گێل دەکەن، خۆ یەکێك لەوانەی کە ئێستا پێی وایە کە هیچ هەرەشەیەك لەسەر ئەزموونی کوردستان نییە، بەر لە ماوەیەك و لە چاوپێکەوتنێکدا ئەوەی درکاندبوو کە بۆ ماوەی بیست ساڵی تر کوردستان لە بەردەم هەرەشەدا دەبێ، کەواتە ئێستا بۆ ئەو راستییە سەرەو ژێر دەکرێ و خەڵکی پێ هەڵدەخەڵەتێندرێ..؟

بەراستی مەسەلەکە لەوەدا نییە کە پارتی سەنگی لە یەکێتی زیاتر بێ یان بە پێچەوانەوە، بەڵکو مەسەلەکە لەوەدایە مەترسی لە کاتێکدا روودەدات ئەگەر پارتی و یەکێتی کێشەیان هەبێت، بەراستی بارودۆخەکە وایە ئەمەیش بە حوکمی سەنگیان و قەبارەیان و هێز و توانایان، بۆیە هەرچەند ئەو دوو حزبە لە یەکتر نزیك بکەونەوە لە بەرژەوەندی میللەتەکەمان دەبێ و خەڵکیش بە ئاسوودەیی دەژیت و ناحەزانیش ناتوانن لە حاڵەتی نا تەباییدا سوود لەو کەلێنە وەرگرن کە بەهۆیەوە دروست دەبێ.

هەندێ لیستی هەر لە ئێستاوە پاساو بۆ ئەگەری دۆڕاندنیان دەهێنن و لە بڵاوکراوەکانیاندا هەرەشەی یاخیبوونێکی شارستانیانە دەکەن و خۆشیان بە چاکسازیخوازەکانی ئێران دەشوبهێنن، هەتا کار گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە رۆژنامەیەکیان بەراوردی نێوان هەڵبژاردنەکانی ئێران و کوردستان بکات و لایەنگرانی لیستێکی رکابەری لیستی کوردستانی بە موسەوییەکانی کوردستان ناوزەد بکات.

ئەوانەی ئەو بەراوردە دەکەن یان ئەوەتا لە سیاسەت تێنەگەیشتوون یانیش خۆیان گێل دەکەن، چونکە بە هەموو پێوەرێك ناکرێ ئەو بەراوردە بکرێ، ئێران وەزعێکی تایبەتی خۆی هەیە کەبەهیچ شێوەیەك ئەو وەزعە لە کوردستان بەراورد ناکرێ، خەڵك کەلەوێ داوای چاکسازی دەکەن بۆ ئەوەیە کە هیچ نەکراوە تەنیا ئەو بوودجەیەی کە ساڵانە تەرخان دەکرێ لەسەر تفاقی عەسکەری سەرف دەکرێ و خەڵکیش برسییەتی، بەڵام لە کوردستان وانییە و ماوەی هەژدە ساڵە ئەو هەرێمە ئاوەدان دەکرێتەوە، تۆ کە داوای چاکسازی دەکەی بۆ ئەوەیە کە هیچ نەکرابێ، بەڵام کە شت کرابێ بۆ ئەو هەموو شتە چاکانە دەسڕیەوە، هەموومان دەزانین زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهان دژی ئەو سیستەمەی ئێرانە، کەچی هەر ئەو وڵاتانە پشتگیری لە کوردستان دەکەن، ئێران رێی نەدا چاودێران چاودێری هەڵبژاردنەکان بکەن، کەچی لە هەرێمی کوردستان دەسەڵات بەخۆی داوای ئەو چاودێرییە دەکات، کەواتە هیچ بیانوویەك لە ئارادانییە تا ئەوانە بێن و خۆیان بە چاکسازخوازەکانی ئێران بشوبهێنن.

* مەترسی هەرە گەورە لەوەدایە کە هەندێ پاڵێوراو یان لیستی بەشداربوو لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا شتی ژهراوی دەخەنە نێوان پارتی و یەکێتیشەوە، وەك ئەوەی کە رۆژنامەیەکی ئەهلی و لەسەر زاری پاڵێوراوێك بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بڵاوی کردۆتەوە کە گوایە یەکێتییەکان دەنگ بە بارزانی نادەن.

ئەوەی تێبینیم کردووە نەك هەر ئەمجارە، بەڵکو پێشتریش پەنا براوەتە بەر ئەو جۆرە وروژاندنە و مەبەستیش لەمە دروستکردنی دڵەراوکێیە لەلای پارتییەکان کە فیعلەن یەکێتییەکان دەنگ بە بارزانی نادەن.

خوێندنەوەی ئێمە پێچەوانەی ئەوەیە کە ئەو پاڵێوراو و لیستانە بڵاوی دەکەنەوە، ئەمڕۆ چارەنووسی میللەتەکەمان بە تەبایی نێوان پارتی و یەکێتی گرێدراوەو لە هەموو کات زیاتریش ئەو دووڵایە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کەبەبێ ئەو تەباییە بەرژەوەندی کوردستان دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە لەوە دڵنیام کە هەموو یەکێتییەکان دەنگ بە بارزانی دەدەن و ئەوەش قەناعەتی هەموو پارتییەکانە.

بەراستی ئەمە ترسناکترین شتە کە ئەو پاڵێوراو و لیستانە بڵاوی دەکەنەوە کە پێویستە پارتی و یەکێتییەکان زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و بواریش بە کەس نەدەن کە درزبخاتە نێوانیانەوە.

باشە ئەگەر ئەو پاڵێوراو و لیستانە مەبەستیان پاراستنی یەکریزی و بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان بێت، وەك ئەوەی لە بەرنامەکانیاندا بڵاویان کردۆتەوە، ئەی بەرامبەر بەو جۆرە هەوڵەیان دەڵێن چی؟.

**ئەرکی رۆژنامە و گۆڤاری سەربەخۆ ئەوەیە کە گوێ لە هەمووولایەک بگرێ، نەک تەنیا لایەنێک کە بەهەموو پێوەرێک رێژەیەکی کەمی ئەو هەرێمە پێک دەهێنێ**

**لەوە دڵنیام کە هەموو یەکێتییەکان دەنگ بە بارزانی دەدەن و ئەوەیش قەناعەتی هەموو پارتییەکانە**

# سەرۆک بارزانی زەرورەتە بۆ ئێستاو دوارۆژی کورد



**سامی شۆرش**

**تایبەت بۆ گولان دەینووسێ**

سەروەرییەکی گەورەی میللەتی کورد، هەمیشە لەوەدا بووە کە جەنابی مەسعود بارزانی سەرۆك و ڕێبەرو ڕێ نیشاندەرو پێشمەرگەی بووە. ئەمەش وەك چۆن سەروەرییەکی گەورە بووە بۆ خودی جەنابی سەرۆك کە بەرپرسیارێتی و سەرۆکایەتی میللەتێکی کاریگەرو دڵسۆزو بە ئەمەکی وەکو کوردی لەسەر شان بووە. میللەتان کاتێك کەشتییەکانیان بە دەست کەشتیەوانێکی شارەزاو بە دیققەت و لێهاتووی وەك سەرۆك بارزانی دەبێت، هەرچەندە بارودۆخەکەیان ئاڵۆزو زەحمەت و دژواریش بێت، ئەوا لە ئەنجامدا، بە دڵنیایی و باوەڕێکی پتەوەوە هەنگاو بەرەو پێشەوە دەهاوێژن و دڵ پڕ هیوا و دەروون پڕ بڕوا، ڕووبەڕووی هەموو سەختی و زەحمەتییەکان دەبنەوەو لە ئەنجامیشدا ئاواتەکانیان دێتە دی و خەون و خەیاڵە ڕەواکانیشیان دەکەن بە واقیع.

میللەتان لە هەموو جیهاندا، لە چەقە ڕێگای خەباتی بێ وچانیان دا، لە پێناو دەستەبەرکردنی ئازادی و سەرفرازی و شارستانی، هەمیشە خولقێنەری سەرکردەی گەورەو شایستەو ڕاستەقینەن.

لە هەمان کاتدا، سەرۆکی دووربین و ڕاستەقینەو دڵسۆزو کارامەش، هەمیشە کاریگەرترین فاکتەری بەرەو پێش بردن و گەشەپێدانی ژیان و چارەنووسی میللەتانە. ئەمە، نە پێداهەڵدانە بە تاك کەس و نە کەم کردنەوەیشە لە ڕۆڵی کۆمەڵ. بەڵکو ڕاستییەکە وەك ڕۆژ بە ناوچەوانی مێژووەوە دەدرەوشێتەوە. لاپەڕەکانی خەباتی گەلان لە سەرتاسەری جیهاندا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە هیچ میللەتێك بە بێ سەرۆکی خاوەن تاقی کردنەوەو بەرچاو ڕوون و ئازاو هێمن و وردبین و داهێنەرو دەست پێشخەر، نەیتوانیوە دوارۆژی خۆی بە شێوەیەکی خولقێنەر دابمەزرێنێت.

ڕەنگە، سەلماندنی ئەو ڕاستییە بۆ میللەتێکی وەکو کورد کارێکی زەحمەت نەبێت. هەر تەنیا سەیرکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو هەموو دەسکەوت و ڕاستیانەی ناو بیست ساڵی ڕابردوو ڕەنگە بەس بێت بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییە لە بەر چاو بەرجەستە بکرێت:

خۆراگرتن لە بەرامبەر شاڵاوە بەدناوەکەی ئەنفال و ڕاگواستن و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکی کیمیاوی و پرۆسەی تەفروتونا کردنی نەتەوەیی کورد. ئینجا بەرپاکردن و سەرکردایەتی کردنی ڕاپەڕین، دواتر، ئازاد کردنی کوردستان و ڕێکخستنی یەکەم هەڵبژاردنی دیموکراسی لە کوردستاندا. دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت. گەشەپێدانی ئابووری و بازرگانیی کوردستان. ئاوەدانکردنەوەی کوردستانێکی خاپوور کە تازە لە ژێر سیاسەتە وێرانکارییەکەی ڕژێمی پێشووی عێراق دەرچوو بوو. گەشەپێدانی مەودای دیپلۆماسی و نێودەوڵەتی کورد. گەلاڵە پێکردنی تاقیکردنەوەی سیاسی کوردستان وەك حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگر لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا. دامەزراندن و گەشەپێدانی دۆستایەتی لە نێوان ئەمریکاو کوردستان، لە نێوان ئەورووپاو کوردستان. لە نێوان کوردستان و دەوڵەتانی ناوچەیی و عەرەبی و ئیسلامی. ئینجا پاراستنی کورد لەو هەموو ئاڵۆزی و دژواری و شەڕو ناکۆکییانەی لە دەوروبەری کوردستاندا هەیە. قووڵکردنەوەی گیانی تەبایی و ئاشتەوایی لە ناو ڕیزەکانی میللەت و ئینجا لە نێوان کوردو پێکهاتە مەزهەبی و ئیتنی و ئایینیەکانی کوردستان. بەڕێوەبردنی پەیوەندی و ناکۆکی و دانوستان لەگەڵ حکومەتی تازەی عێراق. بەشداری کردن لە دامەزراندنی عێراقێکی تازە. دابینکردنی دەستوور. فیدرالی. پاراستنی کورد لە گیانی تۆڵەو دەردی تیرۆرو دەماری ڕقابەرایەتی. بەرهەمهێنی نەوت و غاز و گواستنەوەی کوردستان بۆ ڕیزی نەتەوە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە بازاڕە جیهانییەکاندا. یەکسانی و مافی ئافرەت و دابینکردنی ئازادی و فرەخوازی و لێبووردەیی.

ڕاستە، ئەمانەو دەیان دەسکەوتی دیکە کە هەر یەکەیان بایەخێکی تایبەتیی خۆی هەیە، لە سووچێکەوە، زادەی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانن. زادەی ژیری و بەرنامەڕێژیی پەرلەمان و حکومەتی کوردستانن. زادەی تێکۆشانی حزبە سیاسیەکانی کوردستانن. زادەی لە خۆبوردوویی پێشمەرگەی کوردستانن. بەڵام لە هەمان کاتدا، مەحاڵ بوو ئەم دەسکەوتانە بهاتنایەتە دی و جێگیر بوونایەو گەشەیان بکردایەو بە ڕاستە ڕێگەی خۆیان بڕۆیشتنایە، لە پێناو قازانجی کوردو عێراقیکی

مرۆڤایەتی، ئەگەر خواستێکی پۆڵایین و کەسایەتییەکی بەهێزو عەقڵێکی وردبینی وەك جەنابی سەرۆك بارزانی، بە بێ دەنگی، بە وردی، بە خەمخۆری، بە بەردەوامی لە پشتی نەبووایە.

یەك لە خەسڵەتە گەورەو بایەخدارەکانی سەرۆك بارزانی هەمیشە لەوەدایە کە ئەو پێوانەو رێبازە سیاسییەی پەیڕەوی دەکات، رێبازو کەلتوورێکی رەگوریشەدارو درێژخایەن و مێژوویەکی نەپساوەی خەباتە کە ئەویش رێبازو کەلتووری بارزانیی نەمرو بنەماڵەی شکۆداری بارزانیانە، بۆیە هەمیشە لە پانتایی سیاسەتی کوردیدا، دابو نەریتێکی وای داڕشتووە کە کەم لە میللەتانی ناوچەکە دابونەریتی دەوڵەمەندو ئەکتیڤی لەو جۆرەیان هەیە. بە بڕوایەکی زۆرو متمانەیەکی بەهێزی ئەوتۆوە جوڵاوەتەوەو جڵەوی کاروانی شکۆدارانەی میللەتی کوردی بەرێوە بردووە کە کەم لە تاقیکردنەوە سیاسییەکانی ناوچەکە بڕواو متمانەی لەو بابەتەیان بە سەرۆکەکانی خۆیان هەیە. بە ئازایەتی و جورئەتێکی ئەدەبی گەورەوە بڕیاری داوە کە کەم جار لە ناوچەکەماندا سەرۆك هەیە بەو جورئەتەوە بڕیار بدات.

خەسڵەتێکی دیکەی سەرۆك بارزانی ئەوەیە کە هەمیشە سیاسەتەکانی لە چاوگی هەست کردن بە مەسئولیەتەوە بەرامبەر بە میللەت دادەڕێژێت و بەڕێوەیان دەبات. بە مانایەکی دیکە، وەك چۆن جورئەت لە بڕیارەکاندا هەبووە، بە هەمان شێوە دیققەت و بەراوردکاری و لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندیی خەڵك و نەتەوە لەو بڕیارانەدا رەچاو کراوە. بۆیە، سیاسەتەکانی جەنابی سەرۆك، لە قۆناغە سەخت و ئاڵۆزو زەحمەتەکانی بیست و پێنج ساڵی رابردوودا، هەمیشە لەگەڵ هەست و نەستی خەڵکی کورد گونجاوەو لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە دڵ و بە گیان لایەنگیرییان لێکراوە.

خەسڵەتێکی دیکە، لەوەدابووە کە جەنابی خاوەن دیدێکی سیاسیی دووربین و وردو حەکیمانەی دوور لە هەڵچوون و ئینفیعالە. لە زۆر قۆناغدا، رەنگە کێشەی سیاسیی کورد بە هەڵە ببردرابووایەو میللەت زەرەری زۆری بکردایە ئەگەر حیکمەت و بیرتیژی و دووربینی ئەو سەرۆکە نەبووایە. سەرۆکایەتی هەمیشە لای ئەو نەوە دلێرەی بنەماڵەی شکۆداری بارزانیان تەنیا رووکەش و دروشمی بریقەدارو خۆڕەپێش کردن و لاف و گەزاڤی رۆژانە نەبووە، بەڵکو کارو بەرنامەو خزمەت و خۆخەریك کردن بووە لە بابەتە ستراتیژییەکانی پابەند بە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەو میللەت.

خەسڵەتێکی گەورەی دیکەی ئەوە بووە کە هەمیشە بە چاوی یەکسانی و عەدالەت و یەکرێزییەوە رەفتاری لەگەڵ میللەتەکەی خۆی کردووە. هەوڵی داوە هەموو پێکهاتە سیاسییەکان بە یەك چاو سەیر بکات و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانی لەسەرووی هەمووی ئیعتیبارە حزبی و تەسك و سنووردارەکان دابنێت. لەوەش زۆرتر، بە یەك شێواز رەفتار بەرامبەر هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردەواری جوڵاوەتەوە بێ ئەوەی ئاوڕ لە هیچ جیاوازییەکی ئایینی و ئیتنی و مەزهەبی بداتەوە. بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و خەڵکی عێراق لە پێشەوەی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکەی بووە.

هەروەها یەك لە خەسڵەتە گرنگەکانی ئەوە بووە کە هەمیشە رێگرە بووەە لە تیرۆر. بەشدارییەکی کاریگەری کردووە لە نەهێشتنی تیرۆرو توندڕەوی و تەسك بینی لە کوردستاندا. پێی وا بووە کاتێك کورد ئاسۆکانی ئازادی و تەبایی لەبەردەمدا دەکرێتەوە کە خۆی و تێکۆشانە بێ وچانەکەی خۆی جیا کردەوە لە تیرۆر. هەروەها کاتێك ئەو ئاسۆیانە زیاتر دەکرێنەوە کە کوردستان پاك کرایەوە لە تیرۆریستان و ئەمن و ئاسایش دابین کراو خەڵك ئەمین بوون لە سەرو سامانی خۆیان. ئەوەی راستی بێت، ئەمن و ئاسایشی کوردستان لە جەوهەرە گەورەکەیدا دەگەڕێتەوە بۆ دیدو کارو ئەو بەرنامەڕێژییە وردو بە دیققەتەی جەنابی سەرۆك بەڕێوەی بردووە.

لە ئاسایش بەولاوە، یەك لە نهێنییە گەورەکانی پشت ئەو هەموو بیناو تەعمیرو گەشەپێدانە سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری و دیموکراسیەی ئەمڕۆی کوردستان یەك لەو تاجانەیە کە جەنابی سەرۆك بۆ کوردستانی دابین کردووە. راستە حکومەت و پەرلەمان دوو داینەمۆی بزوێنەری داهێنەرانە بوون لەو بوارانەدا. راستە، میللەت کانگایەکی دەوڵەمەندی هێزو توانست و لە خۆبوردوویی بووە، بەڵام راستیشە کە نهێنیە سەرەکییەکانی پەرەسەندنی ئابووری و بازرگانی و سیاسیی کوردستان لە پێگەی جەنابی سەرۆك بارزانیەوە سەری هەڵداوە. هەر ئەویش هێزی بوژاندن و بەرەوپێشبردن و داینەمۆی گەورەو سەرەکی بووە لەو مەیدانەدا.

خەسڵەتی دیکەی ئەو سەرۆکە مەزنە کە جێگەی شانازییە بۆ کورد لەسەر هەموو ئاستە ناوخۆیی و عێراقی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا ئەوەیە کە هەمیشە ئەندازیاری ئاشتەوایی و تەبایی بووە لە کوردستاندا. بەردەوام لە خۆبوردووانە بۆ ئاشتی و تەبایی کاری کردووە، بەردەوام هەوڵی داوە میللەتەکەی خۆی لە ناکۆکی و هەوای کینەو رق و بوغز دوور بخاتەوە. بەردەوام گیانێکی بێ ئەندازە بەرفراوانی هەبووە لە بواری لێبوردەییدا. لە کاتی توندیدا توند بووە. لە کاتی هێمنیشدا هێمن.، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا پێوانەی لێبوردەیی یەك لە پێوانە گرنگەکانی کارو سیاسەتەکانی بووە.

بۆیە، سەرۆك بارزانی نهێنییە گەورەکەی پشت هەموو ئەو سەرکەوتنە مەزنانە بووە کە کورد لە ماوەی ساڵانی رابردوودا وەدەستی هێناون. هەروەها نهێنییە گەورەکەی پشت پاراستنی ئەو دەستکەوتانە بووە. نهێنییە گەورەکەی پشت بەرەو پێشەوە چوون و گەشەکردنی ئەو دەستکەوتانە بووە. لەو دیدەوە، سەرۆکایەتی بارزانی بۆ کورد هەمیشە نەك تەنیا مەرجەع و داڵدەو پێگەی ئەمان و دڵنەوایی و سەقامگیری بووە، بەڵکو زەرورەتێکی زۆر پێویست و چارەنووسسازیش بووە بۆ ئێستاو بۆ دوارۆژی کوردو کوردستان.

**سەرۆکی دووربین و راستەقینەو دڵسۆزو کارامەش، هەمیشە کاریگەرترین فاکتەری بەرەو پێش بردن و گەشەپێدانی ژیان و چارەنووسی میللەتانە**

**یەک لە خەسڵەتە گەورەو بایەخدارەکانی سەرۆک بارزانی هەمیشە لەوەدایە کە ئەو پێوانەو رێبازە سیاسییەی پەیڕەوی دەکات، رێبازو کەلتوورێکی رەگوریشەدارو درێژخایەن و مێژوویەکی نەپساوەی خەباتە**

# رۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا



جۆرج مەنسوور*

هەڵبژاردنەکانی داهاتووی هەرێمی کوردستان رکەبەریەکی ئازادانە لە نێوان لیستە جیاجیاکان بەخۆیەوە دەبینێت و، لایەنێکی گرنگە لە پرۆسەی دیموکراتی هەرێمی کوردستاندا، کاتێ ئازادی بیرورا و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی رۆژنامەگەری ورێکخستن و بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی پێشەنگ بەئامانجی بەشداربوون لە رکەبەریەکی سەربەخۆ و دروست بەگوێرەی پرەنسیپەکانی دیموکراتیەت کە دەستوور دەیانگرێتەوە بەرجەستە دەبێت، لەگەڵ ئەو پارت و هێزانەی کە حکومەتی هەرێم یان لە هەر وڵاتێکی تری دیموکراتی، لایەکانی تری پرۆسەی دیموکراتی پێکدەهێنن.

پێویستە هەر هاووڵاتییەك کە لە هەرێم دەژێت و تەمەنی یاسایی تەواوکردووە بەشێوەیەکی کارا بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا بکات، بەو پێوەرەی مافێکە لە مافە سەرەکییەکانی خۆی کە نابێ دەستبەرداری بێت. چ بەهۆی بەکارنەهێنانی ئەم مافە یان بە خراپی بەکارهێنانی، چونکە بەکارنەهێنانی ئەوە دەگەیەنێت کە هۆشیاری پێویستی نییە دەربارەی گرنگی ئەو پرۆسەیە و، بایەخنەدان بە وڵاتی خۆی و ئایندەی نیشتمانەکەی و ئەو پرۆگرامانەی بۆ بەرەوپێش چوونی پێشکەشی دەکرێت. لە هەمان کاتیشدا بەشداری نەکردن بریتییە لە بێ دەنگ بوون و رەت نەکردنەوەی ئەو شتانەی دژی بەرژەوەندی وڵاتن، پرۆسەی دەنگدان لەرێگەی دەنگدانەوە بە هەڵوێستی دەنگدەر بەستراوەتەوە لە پەسندکردنی ئەو پرۆگرامانەی کە پشتگیریان لێ دەکات لەرێی دەنگدان کە بەو پاڵێوراوە یان ئەوەی تر .. یان ئەو لیستە یان لیستەکانی تر. بەڵام دەنگ بە تاکە کەس و لیستی تر نادات کە هەر بەرنامەیان نییە، یان بەرنامەیەکی ناواقیعیان هەیە یان داخوازی و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە جێبەجێ ناکەن..

لێرشەوە کاکڵەی پرۆسەی هەلبژاردن بۆ سێ لایەنی سەرەکی دابەش دەکرێت:

١- مومارەسەکردنی مافی دەنگدان:

ئەو مافە لە هەمان کاتدا، لە دەستووری عێراقی و دەستووری هەرێم سەرچاوە دەگرێت، بەتەواوەتی لەگەڵ رێنماییەکانی مافی مرۆڤ و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان دەگونجێت لە مافی هاووڵاتیی لە دەنگدان لە پرۆسەی هەڵبژاردن و ریفراندۆمە گشتییەکان، بەو پێودانگەی یەکێکە لەو مافانەی سیستمی دیموکراتی دەستەبەری دەکات بەو مەرجەی بەئازادی و پاکی ئەنجام بدرێت، نابێت لە رووی بنەماوە ئەم مافە مومارەسە نەکرێت. چونکە لەو کاتەدا مرۆڤ بە کەمتەرخەم لە بەرامبەر نیشتمان و گەل و ژیانی تایبەتی خۆی و خێزانەکەی هەژمار دەکرێت. ئەم مافەش زۆرجار بەدوارۆژی وڵات و پەیوەندییەکان و ئاراستەکانی پەرەسەندنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و ژینگەیی و سەربازی و پەیوەندییە هەرێمایەتییەکان و نێودەوڵەتییەکان بەندە.

مافی دەنگدان سیستمە سیاسییە جیاجیاکان دەستەبەری دەکەن، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە. لەهەمان کاتیشدا مرۆڤ ناچار کراوە لە هەڵبژاردنەکان، کەسێکی دیاری کراو یان لیستێکی دیاری کراو هەڵبژێرێت، هەروەك چۆن لە هەڵبژاردنەکانی رژێمی بەعسی پێشوو، یان سەرجەم رژێمە دیکتاتۆری و گشتگیرەکان ئەنجام دەدرێت، ئەمەش بریتییە لە هەڵبژاردنێکی رووکاری بۆ هەڵخەڵەتاندنی رای گشتی و جیهان، ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان نەکردبایە ئەوا لەلایەن موخابەراتی بەعس یان دەزگاکانی ئەمن و دەزگانی حیزب و رێکخستنە پۆلیسییەکانییەوە راوەدودەنرا، لە کاتێکدا ئازادی دەنگدان یان دەنگ نەدان بەشێکە لە سیستمی دیموکراتی بەڵام مومارەسە نەکردنی مافی دەنگدان یان دەرنەبڕینی را لەمەڕ کێشەو پرۆگرامە ئاراستە کراوەکان، رەنگە ببێتە هۆی کاندیدکردنی کەسانی ناشایستە بۆ پەرلەمان، کە بەرپرسیارێتی خۆیان بە باشی نازانن و ئەو سیاسەتانەش جێبەجێ ناکەن کە لە بەرژەوەندی گەلدایە، مافی هەڵبژاردنەکان لە مافێکی دوو لایەنەوە سەرچاوە دەگرێت، لەلایەکەوە مافی هەر هاووڵاتییەکە لە نێر و مێ بۆ کاندیدکردن و، بەشداری کردن لەگەڵ پاڵێوراوانی تر بەشێوەیەکی ئاشتیانەو دیموکراتیانەو پاك و بێگەرد، یان مافی دەنگدان بۆ ئەو تاك یاخود لیستەی، کە بەرژەوندی خۆی و کۆمەڵگەکەی تیادا دەبینێتەوە و، وازهێنان لەم مافە یارمەتیدەر نییە بۆ هێنانەدی ئاواتەکانی گەلەکەی.

٢- مافی بەشداربوون لە دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی پرۆگرامێکی گونجاو:

ئەم مافە بە شێوەیەکی ئەندامی بە ئەرکە سەرەکییەکان بەستراوەتەوەو ناتوانرێت لە بەندی یەکەم داببڕێت، چونکە هەردووکیان دوو ڕووی یەك دراون واتە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا تەنها مافێك نییە بەڵکو ئەرکیشە، بەبێ ئەم ئەرکە ئاست وجۆری ژیانی دیموکراتی بچووك دەبێتەوە، بۆیە ئەرکی مرۆڤی رۆشنبیرە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکات بۆ دەستنیشانکردنی ئەو پرۆگرامە گونجاوەی ئەم پاڵێوراوە یاخود ئەوەی تر پێشکەشی دەکات، یا ئەو لیستە یا ئەو گرووپە سەربەخۆیە یان هەر پێکهاتەیەکی سیاسی تر کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی

]

ولات بگونجێت و ئەو بەرژەوەندییانەی پاڵێوراو پشتی پێ دەبەستێت. بۆیە ناتوانرێت وازی لێ بهێندرێت چونكە پەیوەستە بە بەرژەوەندییەكانی گەل و نیشتمان و خودی تاكەكان و دواڕۆژی نەوەكان.

گومانی تێدا نییە ئاستی هۆشیاری مرۆڤ و رۆشنبیرییەكەی و لێهاتوویی سیاسی هەلی جیاكردنەوەی پرۆگرامە جیاجیاكانی پێ دەبەخشن و دەزانێ كە جیاوازیە ریشەییەكان لە نێوان پرۆگرامەكاندا لە كوێوەن، لە كاتێكدا نەزانین و نەخوێندەواری و سستی ئاستی رۆشنبیریی و هۆشیاری یارمەتیدەر نین بۆ ئەمەو لە رێگەیەوە دەتوانرێت دەنگ بۆ پرۆگرامی نا هۆشمەندانەو ناواقیعی بدرێت.

زانراویشە پەیوەندییەكی جەدەلی لە نێوان ماف و ئەركەكان لە كۆمەڵدا هەیە، بۆیە زۆر مرۆڤ مومارەسەی ئەم مافە دەكەن و هەوڵی پەرەپێدانی دەدەن بەڵام ئەوەش لەیاد دەكەن كە ئەركیشیان لە ئەستۆیە، چونكە ئەگەر هەمووان وازیان لە ئەركەكانیان هێنا ئەوا كۆمەڵگە ناتوانێ ئەو ئامانجانە بهێنێتەدی كە دەوڵەت یان هەرێم یان كۆمەڵ هەوڵی بۆ دەدات، بەڵام هەندێ مرۆڤ كە بەشێوەیەكی گشتی زۆرینەن هەست بە پەیوەندی ئەندامی نێوان ئەم دووە دەكەن، بۆیە هەوڵی بەیەك بەستنەوەیان دەدەن، لەهەمان كاتدا ماف و ئەركەكانیان جێبەجێ دەكەن، ئەوانەشن كە دەتوانن باشترین خزمەت پێشكەش بە كۆمەڵ و بەخۆیان بكەن، ئەمەش لە هەمووڵایەك پێویستە، بەڵام ئەم ئەركەش خۆی لەخۆیدا بەستراوەتەوە بە ئەركێكی تر كە ئەویش بریتییە لە:

٣- ئەركی دەنگدان و دەستنیشان كردنی كەس و لیستی گونجاو:

گومانی تێدا نییە ئەو پرۆگرامە سیاسی و ئابووری و رۆشنبیرییانەی كە لە هەڵبژاردنەكاندا دەخرێنەڕوو پەیوەستن بە هێزی سیاسی و ئەو كەسایەتییانەی كە خۆیان بۆ بەشداری كردن لە هەڵبژاردنەكاندا كاندید دەكەن، هەڵبژاردنی پرۆگرامەكەش بەشێوەیەكی ئەندامی بەستراوەتەوە بە پاڵێوراوانی لیستەكان یان وەكو تاك، لێرەشەوە دەنگدەر بەرپرسیاریەتی هەڵبژاردنی پرۆگرامەكەو بەرپرسیاریەتی هەڵبژاردنی كاندیدەكەو لیستی كاندیدەكەشی دەكەوێتە ئەستۆ بۆ ئەوەی دەنگی بۆ بدات، ئەمەش بەرپرسیاریەتییەكی گەورەیە، ئەگەرچی زۆربەی خەڵكی درك بەو مەسەلەیە ناكەن، چونكە ئەم ئەركە تەنها پەیوەست نییە بەجۆر و باشی پرۆگرامەكە، بەڵكو بە بنەڕەتەكە و ئاستی توانای كۆمەڵگە لە جێبەجێ كردنی ئەم پرۆگرامانە بەندە، واتە بەشێوەیەكی وردتر ئاستی واقیعی و بابەتییانە بوونی پرۆگرامەكە و ئاستی توانای دەوڵەت یان هەرێم لە جێبەجێ كردنی ئەم بەرنامەیە یان ئەوەی تر دەردەخات...

هەندێك كەس موزایەدە لەسەر بەرنامەكانیان دەكەن تا پاڵپشتی خەڵكی وەدەست بهێنن و دەنگەكانیان بۆ خۆیان كۆبكەنەوە، بەڵام ناتوانن پرۆگرامەكانیان جێبەجێ بكەن بەهۆی هاوسەنگ نەبوونی دەسەڵات و كۆمەڵگە لەگەڵ پرۆگرامەكەدا. لەكاتێكدا پرۆگرامی تر هەن ئامانجی گرنگیان هەڵگرتووە بەڵام واقیعین بۆیە دەبێ دەنگدەر ئەو پرۆگرامانە هەڵاوێرد بكات و لەیەكیان جیا بكاتەوە لە رووی باشی واقیعی بوون و جێبەجێ كردنی و ئاستی خزمەتكردنیان بەكۆمەڵ، بەتایبەتی ئەو توێژانەی پێویستیان بە دەستی یارمەتی هەیە بۆ هێنانەدی ئامانجەكانیان..

هەستكردن بەم راستییە بنەڕەتییانەو هی تر كە بریتین لە مافی هاووڵاتی بوون و ئەركەكانی، وادەخوازن رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی كوردستان بەبەرپرسیاریەتی خۆیان هەڵبستن لە هۆشیاركردنەوەو رۆشنبیركردنی گشتی و بەرفراوان لە رێگەی شیكردنەوەی گرنگی هێنانەدی بەرفراوانتری بەشداری لە هەڵبژاردنە گشتییە و ریفراندۆمەكان لەسەر دەستوور یان یاسا بنەڕەتییەكان یان ئەو مەسەلە هەستیارەكانی دەوڵەت یان هەرێم بۆ ئەنجامدانی راپرسی لەسەریان و وەرگرتنی رای گەل لەبارەیانەوە..

ئەركی نیشتمانی بوون پێویست دەكات لەسەر رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی هەرێمی كوردستان، كاربكەن بە ئاراستەی جۆشدانی رای گشتی بۆ بەشداربوون لە هەڵبژاردنەكان و چوون بۆ بنكەكانی دەنگدان، بەو پێوەرەی ماف و ئەرك و بەرپرسیارییەتییەكی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و نیشتمانییە لە هەمان كاتدا، ئەمەش دەبێت لە ئەستۆی رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی دابێت وەكو بەشێك لە ئەركە سەرەكییەكانیان..

هەمەلایەنی لە رێبازەكانی روونكردنەوەو هۆشیاری لە رێگەی سیمینار و كۆڕی جەماوەری یان خستەڕووی دروشمی بێ لایەنانە كە داكۆكی لەسەر گرنگی بەشداری كردن لە هەڵبژاردنەكان و چوون بۆ دامەزراوە ئابووری و كۆمەڵایەتی یان زانكۆ و پەیمانگەكان بۆ ئەم مەبەستە، تا دەگاتە سوود وەرگرتن لە هۆكارەكانی راگەیاندن بۆ گەیشتن بە دەنگدەران و گرێدانی وۆركشۆپ لە ناوچەی جیاجیادا بۆ هاندانی هاووڵاتیان بۆ دەنگدان و چوون بۆ لادێكان بۆ جۆشدانی جەماوەر بەبێ رەچاوكردنی ئەو دەنگدەرە دەنگ بۆ كێ دەدات..

ئەركی رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنییە بەشداری بكەن لە پەروەردەكردنی تاكەكانی كۆمەڵ بە مافەكانیان و ئەركەكانیان كە تەنها بریتی نییە لە بەشداری كردن لە هەڵبژاردنەكان بەڵكو بەشداری راستەقینە لە پرۆسەی بنیادنانی هەرێم، بەتایبەتیش كە سیستمە سیاسیە مەركەزییەكانی پێشوو سیاسەتی فەرامۆشكردنی دژی هەرێم و گەلی كوردستان پیادەكرد. ئەمەش وای كرد خەڵكی بایەخ بە ئەركەكانیان نەدەن چونكە سوودیان لە مومارەسەكردنی مافە رەواكانیان وەرنەگرت كە تەنانەت دەستووری خراپ و رەگەزپەرستانەی دیكتاتۆرەكانیش دانی پێدادەنا. بەڵام ئەوان رێزیان لەم دەستوورانەشیان نەدەگرت چونكە ئەوان رێزی خۆیان نەدەگرت بۆیە رێزیان لە دەنگدەرانیش نەدەگرت، ئەمەش بەشێوەیەكی زەق لە دەسەڵاتی هێزە نەتەوەییە عەرەبییەكان هەستی پێدەكرا كە جڵەوی دەسەڵاتیان بۆ ماوەی نزیكەی ٤٠ ساڵ گرتبووە دەست و بە رووخانی رژێمی دیكتاتۆری كۆتایی پێهات.

ئێمە ئێستا لە قۆناغێكی نوێدا دەژین و لە هەوڵداین بۆ بنیادی ژیانێكی نوێ و كاردەكەین لەپێناوی پەرەپێدانی ئەم ژیانەو، دەوڵەمەندكردنی لایەنە جیاجیاكانی بەو شتانەی كە پێویستن بۆ پێشكەوتن و تازەگەری دامەزراوەكانی هەرێم و دەزگا كارگێرییەكان و ئەدای دروست و خێراو نابیرۆكراتیانەی، ئەمەش هەمووی پێویستی بە چاودێری كۆمەڵ و رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی هەیە بۆ یارمەتیدانی حكومەت لەسەر دامەزراندنی بنەمای دروست لە مومارەسەكردنی ماف و ئەركەكان لە دامەزراوەكانی هەرێم و كۆمەڵدا...

* وەزیری كۆمەڵگەی مەدەنی لە حكومەتی هەرێمی كوردستان- عێراق

# مومکین نییە جارێکی دیکە ڕێگە
# بدەین دیکتاتۆریەت بگەڕێتەوە

## دەنگدان بە مسعود بارزانی ...
## دەنگدانە بە بەو دەستوورەی دەتوانێت
## بەشێوەیەکی ئاشتیانە حکومەت بگۆڕێت و
## دەسەڵاتی گەل دەتوانێت حکومەت
## دادگایی بکات







گوڵان
ژمارە (٧٣٩)
٢٠٠٩/٦/٢٩

**بەبێ بوونی دەوڵەتێکی بەهێز هەموو مرۆڤەکان دەبنە دوژمنی سەرسەختی یەکتری**

ئامانج لە دامەزراوەکانی سیستەمی دیموکراتی، هەوڵدانە بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت و ڕێگرتن لە خراپ بە کارهێنانی ئازادییەکانی، وەك ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی بڵاوکردنەوە بۆ هاندان و دژایەتی خودی سیستەمە دیموکراتیەتەکە، بۆ ئەوەی ئازادیش لە نێوان سەرکوتکاری دەوڵەت و خراپ بەکارهێنانی لە دژی کەرامەتی مرۆڤ ڕزگار بکەین ئەوا پێویستمان بە سیستەمێکە کە بتوانێت ڕێگە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەت بگرێت دژی ئازادییەکان، هەروەها پێویستمان بە دەوڵەتێکیشە کە ڕێگە نەدات بەخراپ ئازادییەکان بە کار بهێنرێت.

ئەم چەند دێڕەی سەرەوە ئیشکالیەتی فەلسەفەی حکومڕانییە لە سەردەمی سوکرات و ئەفلاتوونەوە تادەگاتە ئێستا، ئەم کێشەیە، چەندین پرسیاری گرنگی بە درێژایی مێژوو وروژاندووە و چەندین وەڵامی جۆراو جۆریشی هێناوەتەوە ئاراوە، پرسیارەکەش ئەوەیە: کێ دەبێت حکومڕانی بکات؟ کێ شایستەی حکومڕانیە؟وەڵامی ئەم پرسیارە، سوکرات بەو شێوەیەوە وەڵامی دەداتەوە کە باشترین کەس بۆ ئەوەی بۆ حکومرانی دەستنیشان بکرێت یان متمانەی حکومڕانی پێبدرێت، ئەو کەسەیە کە ئیعتراف دەکات وەك پێویست هەموو شتێك نازانێت، واتە سەرچاوەی هەقیقەت نییە، ئەمەش واتە بەردەوام لە هەوڵدانە بۆ ئەوەی بە دوای کێشەکانی کۆمەڵگە بگەڕێت و لە ئاکامی هەوڵەکانی و سوود وەرگرتنی لە هەڵەکان، باشترین ڕێگە چارە بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە.

**(کانت)داوا دەکات دەبێت سنوور دانان بۆ ئازادییەکان تەنها ئەوەندە بێت، نەبێتە پێشێلکاری بۆ ئەوانی دیکە**

بەڵام ئەفلاتون بۆچوونێکی دیکەی هەیەو پێیوایە دەبێت ئەو کەسەی دەستنیشاندەکرێت بۆ حکومڕانی یان متمانەی ئەوەی پێدەدرێت حکومڕانی بکات، دەبێت لە هەموان باشتر بێت،لە هەموان زاناتر بێت، فەیلەسوف بێت، ئەم بۆ چوونەی ئەفلاتوون، وەك بۆ چوونێکی تیۆری هیچ عەیبی نییە، بەڵام لە پراکتیزەکردنی لە باری واقیعدا، ڕووبەڕووی هاودژی دەبێتەوە، چونکە ئەم شێوازەی ئەفلاتون پێشنیاری دەکات، دەستنیشانکردنێکی واقیعیانە نییە، بۆیە دەمانگەیەنێتە چارەسەرێکی ناواقیعیانە، واتە ئەو کەسەی هەڵیدەبژێرین لەبەر ئەوەی لە هەموان باشترە، لە هەموان زاناترە، خاوەنی ئیرادەی خێرە و ئەوانی دیکە خاوەنی ئیرادەی شەڕن، کەواتە پێویستی بە ڕاوێژ و لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە نییە، بۆیە دەبێت هەموو کۆمەڵگە ملکەچی ئیرادەی ئەو بن، ئەمەش نەك کێشەی ئەوەمان بۆ چارەسەر ناکات،کێ حکومرانی بکات،بەڵکو کێشەیەکی دیکەمان بۆ دروستدەکات ئەویش ئەوەیە چۆن لەو حکومڕانیە خۆمان ڕزگار بکەین.

تۆماس هۆبز کە بە دامەزرێنەری سیستەمی لیبرالی بەریتانیا دادەنرێت،ئەو وەڵامی ئەم پرسیارە بەو جۆرە دەداتەوە، بەبێ بوونی دەوڵەتێکی بەهێز هەموو مرۆڤەکان دەبنە دوژمنی سەرسەختی یەکتری،بۆ ئەوەی ئەم دوژمنایەتیە نەمێنێت، سەقامگیری جێگەی ئاژاوە بگرێتەوە، دەبێت دەوڵەت دەسەلاتێکی بە هێزی هەبێت بۆ ئەوەی یاسا بچەسپێنیت.

(کانت)بوونی دەوڵەت وەك پێویستیەك، بۆ ڕێکخستنی ئازادییەکان( ڕێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی ئازادییەکان) ڕەتناکاتەوە و هەردووکیان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە بە پێویست دەزانێت، بەڵام (کانت)داوا دەکات دەبێت سنوور دانان بۆ ئازادییەکان تەنها ئەوەندە بێت،نەبێتە پێشێلکاری بۆ ئەوانی دیکە، بۆ ئەمەش،(پێویستی دانانی دەستوورێك بە پێویست دەزانێت، کە تیایدا ئەوپەڕی ئازادییە مرۆییەکانی تێدا دابینکرابێت، ئازادی وەك پێویستییەك سەیر کرابێت،لە میانەی ئازادی ئەوانی دیکەوە سنووری بۆ دانرابێت)

**سەرکەوتنی ڕەهای لیبرالیزم، کارێکی ئاسان نییە، هەربۆیە جاردانی سەدەی هەژدەهەمی هیگل و سەدەی بیستەمی فۆکۆیاما، ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆ دەبنەوە**

هیگل . کە بە ئیمپراتۆری فەلسەفە ناسراوە، زیاد لە کانت و هۆبز دەوڵەت دەگەیەنێتە ئەو ئاستەی ( دەوڵەت بە دیهێنەری کردەیی چەمکی ئەخلاقیە،ئەو ئەقڵە ئەخلاقیەیە، ئەو ئیرادە گەوهەرییەیە کە لە بەردەم خوددا دەردەکەوێت) واتە هیگڵ پێیوایە تاك لە خاوەندارێتی مافی موجەردەوە هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ خاوەنداریەتی مافی کردەیی کە لە خێزان و لە دەوڵەتدا دەگاتە مافی ڕەها، ئەمە ئەو کاتەیە کە تاك هەستدەکات تاکایەتی خۆی بەدیهاتووە، بەڵام چ کاتێك تاك هەستدەکات تاکایەتی بەدیهاتووە، بێگومان ئەو کاتە هەستدەکات ئەو دەسەڵاتەی دەوڵەت بەڕێوە دەبات، دەسەڵاتێك نییە لە دەرەوەی ئیرادەی تاك، بۆیە دەسەڵاتی دەوڵەت بە دەسەڵاتی خۆی دەزانێت، ناسنامەی دەوڵەتیش بە ناسنامەی تاکایەتی خۆی دەزانێت، لەم حاڵەتەدا لەگەڵ ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ڕەخنە دەبێتەوە، لەبەر ئەوە جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە مەدەنیەی لیبرالیەت دەگەیەنێتە کۆتایی مێژوو، لەگەڵ ئەوەی ئاراستەکەی ئاراستەیەکی ڕاستە، بەڵام لە مەحاڵیش نزیکدەبێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەندێك ڕێوشوێن بۆ پاراستنی دەوڵەت دێتە پێشەوە،کە پرس بە تاك ناکرێت، بەو مانایەی کاتێك تاك ملکەچی ئەو یاسایانە دەبێت بۆ ئەو ڕێوشوێنە تایبەتیە دەگیرێتە بەر، ڕەنگدانەوی ملکەچبوونی نیە بۆ ئیرادەی خۆی، کەواتە ملکەچی ئیرادەیەك بووە کە لەدەرەوەی ئیرادەی خۆیەتی، بۆیە گەیشتن بە کۆتایی مێژوو، لەگەڵ واقیع هاودژی دروست دەکات، ئەمەش بەو مانایەی سەرکەوتنی ڕەهای لیبرالیزم، کارێکی ئاسان نییە، هەربۆیە جاردانی سەدەی هەژدەهەمی هیگل و سەدەی بیستەمی فۆکۆیاما، ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆ دەبنەوە.

وەڵامی مارکسیەکان و ئەوانەی هەڵگری بۆچوونی مارکسیەتن،بۆ هەمان پرسیار ( کێ حکومڕانی بکات؟ ) ئەوەیە،دەبێت دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، چینی پرۆلیتاریا حکومڕانی بکات، ئەم وەڵامەی فەلسەفەی مارکسیەتیش، لە ڕووی تیۆرییەوە وەڵامێکی ماقووڵە، بەڵام لەگەڵ ڕاستیە مێژووییەکانی ژیانی کۆمەڵگە هاودژی دروستدەکات،بۆچی؟ لەبەر ئەوەی دادپەروەی کۆمەڵایەتی و یەکسانی بە زۆر دروست نابێت، بەڵکو بە یاسا و دامەزراوە ڕێکدەخرێت، هەوڵدان بۆ بەزۆر یەکسانیکردن و هەوڵدان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەك کە تەنها لەیەك چین پێکهاتبێت،گەیشتن بە کۆمۆنیست و کۆتایی مێژوو، مەحاڵێکی دیکەیە، بەڵام مارکسیەکان بە درێژایی زیاتر لە ٨٠ ساڵ هەوڵیاندا ئەم مەحاڵە بەزەبری هێز و توندوتیژی، دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بکەنە واقیع، هەوڵیاندا و سەرکەوتووش بوون، لە دابەشکردنی کۆمەڵگەی دیموکراتی ڕۆژئاوا بۆ بیروباوەڕی چەپی سۆسیالیستی و

راستی سەرمایەداری، بەڵام دیموکراتیەت لەبەردەم ئەم دابەشبوونە خۆی گرت، مارکسیەتیش لەبەردەم پەنگخواردنەوەی هاودژیەکانی ناو هەناوی خۆی بەرگەی نەگرت و لەبەر یەکهەڵوەشا، بۆیە ئەگەر دیموکراتیەت لەبەردەم ئەو دابەشبوونەی مارکسیەت سەرکەوتوو نەبوایە، ئەوا مارکسیەت دیموکراتیەتی دەرووخاند، بەڵام هاودژی پەنگخواردنەوەکانی ناو کۆمەڵگە کۆمۆنیستەکان، کاریگەری هێزێکی دەرەکی نەبوو، بەڵکو هەر کاریگەری خودی مارکسیەت بوو، بۆیە هۆکاری لەبەر یەکهەڵوەشانی مارکسیەت یان سیستەمی کۆمۆنیستی، خودی هەڵەکانی تیۆر یان ئایدۆلۆژیەتی مارکسی بوو،کەواتە هەڵەکانی تیۆری مارکسی بووە هۆکاری شکستهێنانی سیستەمی کۆمۆنیستی.

دوایین پرسیار کە ئەم پێشەکیە دەیورووژێنێت، ئایا سەدەی بیست ویەکەم چۆن وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە(دەبێت کێ حکومڕانی بکات؟)،بێگومان ئێستاش وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، بەڵکو دەبێت واقیع ئەو کەسە یان ئەو دەسەڵاتە پێناسە بکات، ئەویش ئەوەیە، ئەو کەسە یان ئەو دەسەڵاتە دەبێت حکومڕانی بکات کە ڕێگە نادات دیکتاتۆریەت سەرهەڵبداتەوە، بەڕێز مسعود بارزانی، هەموو کات ئەوەی دوپاتکردۆتەوە، (مومکین نییە ڕێگە بدەین جارێکی دیکە دیکتاتۆریەت بگەڕێتەوە) مەبەستی بەڕێز مسعود بارزانی بەراشکاوی ئەوەیە، نەك هەر لە کوردستان بەڵکو لە عێراقیشدا قبوڵ ناکەین جارێکی دیکە دیکتاتۆریەت بگەڕێتەوە، ڕێگرتن لە گەڕانەوەی دیکتاتۆریی وەك کارل پۆپەر لە دەڵێت: ( چۆن دەستوورێك بۆ دەوڵەت دابڕێژین کە بتوانین بەبێ خوێن رشتن حکومەت بگۆڕین، نەك حکومەت پێکبهێنین)

## دەبێت ئەو کەسە حکومڕانی بکات کە ڕێگە نادات دیکتاتۆریەت سەرهەڵبداتەوە

ئەو پێشەکیەی مێژووی فەلسەفە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی( دەبێت کێ حکومڕانی بکات؟) پێمان دەڵێت، هەتا ڕووخانی دیواری بەرلین، هەوڵەکان بۆ ڕووخانی دیکتاتۆریەت بووە، ئەوجا ئەو دیکتاتۆرانە بوویێت کە وەك هیتلەر لەسندوقی دەنگدانەوە هاتبوونە دەرێ، یان، ئەو دیکتاتۆریانەی لە ئاکامی کودەتای سەربازی هاتبوونە دەسەڵات،یان ئەو دیکتاتۆریانەی کە ناویان دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بوو، کە ئەمەی دواییان لە هەموویان ترسناکتربوو، لەبەر ئەوەی لایەنگیرانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا وەك لە پێشەکیەکەشدا ئاماژەمان پێکرد، کۆمەڵگەی دیموکراتی لیبرالیەکانی ڕۆژئاوای دابەشکردبوو، زۆر لە زانایانی گەورە، تەنانەت ئەلبرت ئەینیشتاین لەگەڵ ئەوەی ئەندامی هیچ پارتێکی کۆمونیستی نەبووە، بەڵام بڕوای بە مارکسیەت هەبووە، فۆکۆیاما لە کتێبی کۆتایی مێژوودا، ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات،کە هیچ بیرمەندێك مەزندەی ئەوەی نەکردووە مارکسیەت لە ماوەی چەند ساڵێکدا لە جیهاندا ئاڵای شکستی خۆی هەڵبکات و لەبەریەکهەڵوەشێت، کەواتە کە دیکتاتۆریەتی کۆمونیستی لە جیهاندا ئاڵای تەسلیمبوونی هەڵکرد بەبێ ئەوەی یەك دڵۆپ خوێن بڕژێت، ئەوا ئەرکی حکومڕانی یان متمانەدان بەو کەسەی شایستەی حکومڕانیە، یان شایستەی ئەوەیە دەسەڵاتێکی بەهێزی پێبدرێت، ئەو کەسەیە کە ڕێگە نادات، دیکتاتۆریەت بگەڕێتەوە، پرسیار ئەوەیە ئایا چۆن ڕێگە لە گەڕانەوەی دیکتاتۆریەت دەگیرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەگەڵ ئەوەی وەك وەڵام سادەیە، بەڵام جێبەجێکردنی ئەو وەڵامە بۆ پراکتیزەکردنی لەواقیعدا هەوڵێکی زۆری دەوێت، کە دەکرێت وەك کارل پۆپەر دەڵێت: بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێبکەین:

١- بەدانانی دەستوورێك بۆ دەوڵەت کە توانای هەبێت حکومەت بەبێ خوێن رشتن بگۆڕێت.

٢- بەوەی دیموکراتیەت لە سەروەری گەلەوە بگۆڕێت، بۆ دادگاییکردنی گەل، ئەمەش واتە کاتێك هاوڵاتیان دەنگدەدەن، دەنگ بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ نادەن، بەڵکو حکومەتی پێشوو دادگایی دەکات و لە دەسەڵات دووریدەخاتەوە.

کەواتە بوونی دەستوورێك بۆ دەوڵەت،بە بنەمای سیستەمی لیبرالی سەدەکانی ١٧-١٩ و بنەمای سیستەمی دیموکراتی لیبرالی سەدەی ٢٠ دادەنرێت، کە ئامانج لە دارشتنی ئەو دەستوورە بونیادی دیموکراتی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بووە، بەڵام لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلین ئەم ئاراستەیە گۆڕاو، سیستەمی نوێی جیهانیی ڕێگرتن لە گەڕانەوەی دیکتاتۆری بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت، تەنانەت لە وڵاتانی عەرەبی وئیسلامیش کە تارادەیەك کودەتا سەربازیەکان وەك ئەمری واقیع مامەڵەی لەگەڵ کراوە، وەك کودەتاکەی پەرویز موشەرەف لە پاکستان و کودەتاکەی محەمەد عەبدولعەزیز لە موریتانیا، بەڵام سەرەنجام سیاسیەتی نێودەوڵەتی بەو ئاراستەیە بووە، کە کودەتاکە قبوڵ نەکرێت،وەك لە پاکستان بینیمان و ئێستاش لە موریتانیا هەوڵدەرێت خۆیان بۆ هەڵبژاردنێکی تازە ئامادە بکەن، ئەمەیە پێمان دەڵێت ڕێگرتن لە دیکتاتۆریەت لە بونیادی دیموکراتیانە گرنگترە کە لە سندوقی دەنگدانەدا کورتدەکرێتەوە.بۆیە کاتێك پێناسەی سیستەمی دیموکراتی دەبێت بەو سیستەمەی کە دامەزراوەکانی دەبنە ئەو چەکەی دژی دیکتاتۆریەت رادەوەستن، ئەمە واتە هەوڵەکان بە ئاراستەی گەڕانەوەی کەرامەت بۆ تاك و هەوڵدان بۆ یەکسانی هەموان لەبەردەم سەروەری یاسا دەگیرێنە بەر، ئیدی کەس بواری بۆ ئەوە نامێنێتەوە، بەچەمکی ئایدۆلۆژی ستوك و سواوی مارکسیەت پێناسەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، لە بەرگی دیموکراتی بکاتەوە و بوار بۆ ئەوە برەخسێنێت،بەرێگەی سندوقی دەنگدان دیکتاتۆریەت بگێڕێتەوە.لێرەدا و پێش ئەوەی بێینە سەر بابەخی دەستوور و شرۆڤەی زیاتری ڕێگرتن لە گەڕانەوەی دیکتاتۆری، حەزدەکەین ئەو ڕاستیە وەبیر لاوەکانمان بهێنینەوە، بەتایبەتی چ ئەو لاوانەی لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلین و کۆتایی سەردەمی ئایدۆلۆژیا بیریان کردۆتەوە، یان ئەوانەی لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلینەوە لە دایکبوون، کە مەبەستمان لە بەکارهێنانی ( گەڕانەوەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ) مەبەست لەخراپ بەکارهێنانی ئەم وشەیە نییە، بۆ ئامانج یان موزایەدەی سیاسیی، بەڵکو بۆ ئەوەیە لاوکانمان لەو ڕاستیە هۆشیار بن، ئەوانەی ئەمڕۆ بەناوی گۆڕان پێناسەی دیموکراتی دەکەن و بەناوی دیموکراتیەوە بانگێشە بۆ ڕووخانی سیستەمی

**ئەگەر دیموکراتیەت لەبەردەم ئەو دابەشبوونەی مارکسیەت سەرکەوتوو نەبوایە، ئەوا مارکسیەت دیموکراتیەتی دەرووخاند**

**مسعود بارزانی، هەموو کات ئەوەی دوپاتکردۆتەوە، (مومکین نییە ڕێگە بدەین جارێکی دیکە دیکتاتۆریەت بگەڕێتەوە)**

**ڕێگرتن لە گەڕانەوەی دیکتاتۆریی وەک کارل پۆپەر لە دەڵێت: ( چۆن دەستوورێک بۆ دەوڵەت دابڕێژین کە بتوانین بەبێ خوێن رشتن حکومەت بگۆڕین، نەک حکومەت پێکبهێنین)**

دەکەن، هەرهەمان ئەو ئەقڵیەتەیە کە پێش ئەم نەوەیەی ئێستایان لەسەر بنەمای پیرۆزکردنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا پەروەردەکردو،ئێستا هەر ئەو ئەقڵیەتە بە لۆژیکی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، دیموکراتی پێناسە دەکات، دەیەوێت هەمان هەڵەکانی رابردوو دووبارە بکاتەوە. مەبەستمان لە هەڵە هەڵەی شەخسی و تاکە کەس نییە، بەڵکو مەبەستمان لەو هەڵانەیە کە لە ئاکامی پیادەکردنی ئەو ئایدۆلۆژیەتەوە لەگەڵ واقیع دروستدەبێت، بۆیە دەبێت لاوەکانمان لەوە هۆشیارتر بن، دوای ئەقڵیەتی ئەم وئەو یان وشەی باق وبریق بکەون،دووبارەی دەکەینەوە، ئەم ئایدۆلۆژیەتە لە رووی تیۆریەوە، ئایدۆلۆژیەتێکی ماقووڵە، لەسەر ئاستی تیۆری و موناقەشەی زانستی هیچ عەیبی نییە، بەڵام کاتێك دەتەوێت،ئەم ئایدۆلۆژیەتە بگۆڕێت بۆ واقیع رووبەڕووی کۆمەڵێك هەڵەمان دەکاتەوە، بەڵام هەڵەی هەڵگرانی ئەم ئایدۆلۆژیەتە لەبری ئەوەی بەدوای چارەسەری هەڵەکاندا بگەڕێن و خۆیان لەو ئایدۆلۆژیەتە رزگار بکەن، دەگەڕێنەوە بۆ ناو هەمان ئایدۆلۆژیەت و بەدرۆی ئایدۆلۆژی پاکانە بۆ هەڵەکان دەکەن ولەبری ئەوەی هەڵەکان چارەسەر بکەن، هەڵەکان لەسەر یەکتری کەڵەکە دەکەن، هەتا دەگاتە ئەو ئاستە پەنگخواردووەی هەڵەکان لە ناوخۆیدا بتەقێتەوە، هەروەك چۆن چەند رۆژێك لەمەوبەر هەوڵیاندا، بە هەمان ئایدۆلۆژیەت کۆمەڵێك خەڵك بگەیەننە قەناعەت کە گوشار بخەنە سەر پەرلەمان بۆ ئەوەی دەستووری کوردستان پەسەند نەکرێت کە لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ هاوکات لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی هەرێم دەنگیش لەسەر دەستوور دەدرێت، کە ئەمەیان بۆ نەچووە سەر و پەرلەمان لە کۆی ٩٧ ئەندامی ئامادەبوو ٩٦ ئەندام دەنگیان بە دەستوورەکە دا، ئێستا لەبری ئەوەی بەدوای هەڵەکانی خۆیاندا بگەڕێن و چاو بە خۆیاندا بخشێنەوە، دەبینن، هەوڵدەدەن، هەڵەیکی دیکە بخەنە سەر هەڵەیەکی دیکەیان، ئێستا زۆر بێ شەرمانە لەسەر شاشەی knn ەوە دەڵێن( هیچ جیاوازیەك لە نێوان ئەم پەرلەمانەو مەجلیسی تەشریعی زەمانی بەعس نییە) سەیری ئەم هەڵەیە بکە، بزانە چۆن خۆیان







**دانانی دەستوورێک بۆ دەوڵەت کە توانای هەبێت حکومەت بەبێ خوێن رشتن بگۆڕێت**

**بوونی دەستوورێک بۆ دەوڵەت، بە بنەمای سیستمی لیبرالی سەدەکانی ١٧-١٩ و بنەمای سیستمی دیموکراتی لیبرالی سەدەی ٢٠ دادەنرێت**

**ئەوانەی ئەمرۆ بەناوی گۆڕان پێناسەی دیموکراتی دەکەن و بەناوی دیموکراتیەوە بانگێشە بۆ رووخانی سیستەمی دیموکراتی دەکەن، هەرهەمان ئەو ئەقڵیەتەیە کە پێش ئەم نەوەیەی ئێستایان لەسەر بنەمای پیرۆزکردنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا پەروەردەکردو، ئێستا هەر ئەو ئەقڵیەتە بە لۆژیکی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، دیموکراتی پێناسە دەکات**

پێش هەر لایەکی دیکە خستۆتە زۆنگاوی هەڵەیەکی ترسناکەوە . لایەنێکی دیکە کە دەبێت لاوانی ئێمە بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، ئەوەیە، نابێت بە کۆبوونەوەی هەندێک ڕۆژنامەنووس و خوێندەوار لەدەوری ئەو ئایدۆلۆژیایە هەڵبخەڵەتێن، لەبەر ئەوەی مێژووی ئایدۆلۆژیەتی مارکسیەت پێمان دەڵێت،زۆر کەس کە ناویان لە خۆیان نابوو.،ڕۆشنبیر و زانا، زۆریان بە شانوباڵی ستالین هەڵداوە، بەڵام مێژوو سەلماندی، دەبێت باش لە رابردوو تێبگەین، بۆئەوەی ئێستا بتوانین بە راستی بیربکەینەوە.

## دژایەتیکردنی دەستوور هەڵماڵینی ڕوویەکی دیکەی هەڵەی ئایدۆلۆژیەتێکی سواو

بۆچی ئەوانە ناویان لە خۆیان ناوە لیستی گۆڕان لە دەستووری کوردستان دەترسن؟ بۆچی دەترسن دەستوور دەسەڵات بداتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بیکاتە پاڵپشت بۆ پیادەکردنی سەروەری یاسا لە کوردستاندا؟ بۆچی باشترە لە کوردستاندا دەستوور نەبێت؟ وەڵامی وتەبێژی لیستی گۆڕان و کاندیدە (پێشکەوتنخواز و ڕۆشنبیر و نوێخواز و دیموکرتخوازەکانیان !!)هەتا ئێستا ئەوەیە:

١- ئێمە پابەندنین بە هیچ بڕیارێکی پەرلەمانی ماوە بەسەرچووەوە.

٢- جیاوازی نێوان ئەم پەرلەمانەو مەجلیسی تەشریعی نییە.

٣- ئەم دەستوورە دەستورێکی کۆنە پەرستانەیە.

٤- ئەم دەستوورە دیکتاتۆریەت دروستدەکات.

٥- دەستوور دەبێت هەڵبگیرێت بۆ پەرلەمانی داهاتوو سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە.

ماوەتەوە پێیان بڵێین ئایا سووکایەتیەکی دیکە ماوە بە ئیرادەی میللەتی خۆتانی بکەن؟ ئایا ئەمە ململانێی سیاسیی و دەستاو دەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتە، یان هەمان ئەو ئەقڵیەتەیە کە لە شاخەوە ئاگاداری بۆ ڕێکخستنە نهێنیەکانی ناو شار بڵاودەکردەوە؟ ئایا بەم ئەقڵیەتە کۆمەڵگەی دیموکراتی بەو ئاراستەیە ئامادە دەکرێت، دامەزراوەکانی دژی ئەقڵیەتی دیکتاتۆری بن؟بێگومان پێش پەرلەمان، گەلی کوردستان زۆر ژیرانە







دەبێت باش لە رابردوو تێبگەین، بۆئەوەی ئێستا بتوانین بە راستی بیربکەینەوە

ئەگەر میللەت دەنگ بە ئێوە نەدات، دەبێت میللەت هەڵە بێت و ئێوە ڕاست بن؟، ئایا ئەمە گەورەترین هەڕەشە نییە بۆ سەر دیموکراتی و ژیاندنەوەی ئەقڵیەتی دیکتاتۆری؟

؟ ئایا هەموو نەهامەتیەکانی کوردستان و هەموو کێشەکانی پارتی ویەکێتی لەو هەنگاوەوە سەرچاوە ناگرێت، کە بەرێز نەوشیروان مستەفا ( کە ئەو کات سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی یەکێتی نیشتمانی دەکرد) ئاکامی هەڵبژاردنی قبوڵ نەکرد؟



با بەرێز نەوشیروان مستەفا، کە ئێستا ڕۆژانە موحازەرەی فیکری لە ڕێگەی knnەوە بڵاو دەکاتەوە، با ئەو بەندانەی لە دەستووردا هاتوون و دژی بەرژەوەندیەکانی کوردن بۆ گەلی کوردستانی ڕوونبکاتەوە

وەڵامی ئەم ئەقڵیەتەی دایەوەو، لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ ش جارێکی دیکە وەڵامیان دەداتەوە، بەڵام ئەوەی لەسـەر ریتمی ئەم ئەقڵە چاوەڕێـی دەکرێت ئەوەیە، لە دوای ڕۆژی ٢٥ی تەمووزی داهاتوو، لای ئەم ئەقڵیەتـە گەلی کوردسـتانیش لە ڕەفیق حزبیەکانی سـەردەمی بەعس دەچن، ئایا ئەمە بوختان نییە بۆیان دەکەین؟ لەوەڵامدا دەڵێین، ئەگەر پەرلەمانی کوردسـتان بە پەسەندکردنی دەستوور لەگەڵ مەجلیسی تەشـریعی جیـاوازی نەبێـت، ئایا ئەم بەراوردەش گەلی کوردسـتان ناگرێتەوە، کە ڕۆژی ٢٥ تەموز بە زۆرینەی دەنگ دەسـتورەکە پەسـەند دەکەن.ئایا ئەگەر میللەت دەنـگ بە ئێوە نـەدات، دەبێت میللـەت هەڵـە بێت و ئێوە راسـت بن؟، ئایا ئەمـە گەورەترین هەڕەشـە نییە بۆ سـەر دیموکراتی و ژیاندنەوەی ئەقڵیەتی دیکتاتۆری؟

ئەم پرسیارانە هێندە گرنگن، دەبێت هەموو بەشداری لە وەڵامدانەوەیان بکەین،دەبێت ئەوانەی ئاگاداری یەکـەم هەڵبژاردنی کوردسـتانن و لەو سـەردەمە ئاگاداری ڕووداوەکانـن،لاوەکان هۆشـیار بکەنەوە، کاتێك دێنە سـەر تەلەفزیۆن و بێ زەریبە قسـە دەکـەن و دەڵێن، ئێمـە دژی ئەم دەسـەڵاتەین لەبەر ئەوەی لەماوەی ١٨ سـاڵی ڕابردوو هیچی نەکردووە؟ دەبێت ئەو پرسیارە بکەین، ئایا کێ یەکەم کەس بوو ئاستەنگی لەبەردەم پرۆسەی بونیادی دیموکراتی لە کوردستان دروستکرد؟ کێ یەکەم کـەس بوو ئاکامـی هەڵبژاردنی قبوڵ نەکرد؟ ئایا هەموو نەهامەتیەکانی کوردسـتان و هەموو کێشـەکانی پارتی ویەکێتی لەو هەنگاوەوە سەرچاوە ناگرێت، کە بەرێز نەوشـیروان مسـتەفا ( کە ئەو کات سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی یەکێتی نیشـتمانی دەکرد) ئاکامی هەڵبژاردنی قبوڵ نەکـرد؟ وەڵامی ئەم پرسـیارانە دەبێـت نەوەی نوێ بیزانێت، ئەو نەوەیەی لە سـاڵی ١٩٩٢ تەمەنی ١٧ ساڵ بووە و مافی دەنگدانی نەبووە ئێستا تەمەنی ٣٥ سـاڵە، ئەو کەسـەی لە ڕاپەڕین لە دایك بووە و ئێستا مافی دەنگدانی هەیە، هەموو کێشـەکانی کوردستان لەو خاڵەوە دەست پێدەکەن، کەبەرێز نەوشیروان مستەفا ئامادەنەبـوو ئاکامـی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ قبوڵ بکات، هەموو کێشـەکانمان لـە حکومەتـی فیفتـی فیفتـی یەوە دەسـتپێدەکات، کـە پێشـنیاری کاك نەوشیروان مستەفایە، هەموو هۆکارەکان بۆ دروستبوونی شەری ناوخۆ ئەوەبوو، کە دەسەڵاتی سەرۆکی حکومەت یەکسان بوو بە دەسـەڵاتی جێگرەکەی، وەزیر یەکسان بوو بە ڕێگرەکـەی ( ببورن جێگرەکەی )، ئەو سیستەمە هەڵەیە بووە ڕێگر لەبەردەم هەموو پێشکەوتنەکانی کوردستان، هەموو نەهامەتیەکانی کوردستان، لەو کاتەوەش پارتی ویەکێتی گەیشـتوونە قەناعەت، کە زەمیینەی پێکـەوە کارکردن و پێکەوە گونجـان پیادە بکـەن و خەونی ناحەزان پووچەڵبکەنەوە، بەرێز نەوشیروان مستەفا خۆی لـەو یەکێتی یە بێ بەری کردووە، کە ئامادەیە لە گـەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم قۆناخە سەختە بە سەرفرازی تیپەڕێنـن، کاتێـك ئـەم ئامانجەی لە ناویەکێتی بۆ نەهاتە دی، ئێسـتا دژی هەموو شـتێکە کـە لەبەرژەوەندی ئەم یەکریـزی و یەك هەڵوێسـتی و تەباییە، ئەگەر وانییە، با بەرێز نەوشیروان مستەفا، کە ئێسـتا ڕۆژانە موحـازەرەی فیکری لـە ڕێگەی knnەوە بـڵاو دەکاتەوە، با ئـەو بەندانەی لە دەسـتووردا هاتوون و دژی بەرژەوەندیەکانـی کوردن بۆ گەلی کوردسـتانی ڕوونبکاتەوە، خۆ دەستووری کوردسـتان دیکۆمێنتێکی نهێنی نییە، ئەوە پەرلەمان بۆ موناقەشـە و خوێندنەوە بڵاوێکردۆتـەوە و بواری موناقەشـە و

سەرۆکی کوردستان ئەم سیستەمە دەخاتە سەرپێ بۆ ئەوەی گەلی کوردستان بتوانێت لە میانەی دامەزراوەکانیەوە خۆی حکومرانی خۆی بکات و ڕێگە نەدات جارێکی دیکە، دیکتاتۆری بگەڕێتەوە



دەنگدانیش هێشتا لەپێشماندایە، بەتەنها پەسەندکردنی پەرلەمان بەس نییە.

**پێویستمان بە مسعود بارزانی یە وەک سەرۆکێکی بەهێز بۆ پیادەکردنی دەستوور و پاراستنی ئازادییەکان**

پیادەکردنی دەستوور و پاراستنی ئازادیەکان و ڕێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی ئازادییەکان دژی دیموکراتی وسیستەمەکەی،واتە ڕێگرتن لە سەرهەڵدانەوەی بیری دیکتاتۆری لە کوردستان و عێراق، بەسەرچوونی چەمکی ئایدۆلۆژیەتی سواو، پیادەکرنی ئەقلانیەتە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕووبەڕووبونەوەی کەموکورتیەکان.

ئەم لۆژیکەی ئەم ڕاپۆرتە بۆ پێویستی ئەم قۆناخەی کوردستان بەکەسایەتیەکی وەک بەڕێز مسعود بارزانی پیادەی دەکات، جیاوازە لەو لۆژیکە تەقلیدییە ڕۆژهەڵاتیانەی کە سەرۆکی وڵاتی پێ هەڵدەسەنگێنن، لەبەر ئەوەی ئەو دەستوورەی بۆ هەرێمی کوردستان دارێژراوە، ئەرکی سەرۆکی کوردستان، لە سەرۆکە ڕۆژهەڵاتیەکان جیادەکاتەوە، واتە سەرۆکی کوردستان ئەم سیستەمە دەخاتە سەرپێ بۆ ئەوەی گەلی کوردستان بتوانێت لە میانەی دامەزراوەکانیەوە خۆی حکومرانی خۆی بکات و ڕێگە نەدات جارێکی دیکە،دیکتاتۆری بگەڕێتەوە،سەرۆک دەیەوێت گەلی کوردستان لە مانای ئازادی تێبگات، ئازادی بەو مانایە نا، کە ناحەزانی دیموکراتی بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان،مانای بۆ دادەتاشن، بەڵکو ئازادی بەو مانایەی کە تاک هەست بە کەرامەتی خۆی دەکات و هەستدەکات کەرامەتی پارێزراوە،پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا چ کاتێك تاك هەست دەکات ئازادە و ڕێز لە کەرامەتی گیراوە؟ لە وەڵامدا دەڵێین کاتێك لە چوارچێوەی دەستووری وڵاتدا ماف و ئازادیەکانی دیاریدەکرێت، هەموان لەبەردەم سەروەریی یاسا یەکسان دەبن، ئەو کاتەی تاك قبوڵ ناکات خۆشگوزەرانی خۆی، بە پێناسەی خەڵکانی دیکە پێوانە بکات، خۆی بەو شێوەیە خۆشگوزەرانی خۆی بڕیار دەدات کە هەوڵی بۆ دەدات، ئەوکاتە تاك ئازاد دەبێت، کە هیچ کەسێك بۆی نەبێت دەست لە ئازادیەکانی وەربدات، یاساش هەر هێندە ئازادیەکانی سنوور دار بکات، بۆئەوەی ئازادی ئەوانی دیکەش مانای هەبێت، ئەوکاتە کۆمەڵگە هەست بە ئاسوودەیی دەکات، کە چیدیکە کەس نەتوانێت، بۆ دژایەتیکردنی فرەیی سیاسیی و پێکەوە ژیان، جاڕی دژایەتی و نەمانی فرەیی سیاسیی بدات و لە ژێرەوەش درێژە بەو هەوڵەبدات، کە سەرتاپا کۆمەڵگە بە سیاسیی بکات، وەك چۆن نەجمەدین ئەربەکانی سەرۆکی پارتی ڕەفاهی تورکی بۆ ئەوەی تورکچێتی خۆی بشارێتەوە دەیگوت، لە تورکیادا هەموو یەکسانیین لەبەر ئەوەی هەموومان موسڵمانین، هەر کەسێکیش موسڵمان بێت تورکە، ئەم بانگێشەیەی ئەربەکان هەموو نەتەوەکانی تورکیای دەکرد بەتورك،واش خۆی پیشاندەدا، کە ئەو موسڵمانە و جیاوازی لە نێوان نەتەوەکاندا ناکات، ئێستاش هەمان لۆژیك لە کوردستان هەیە، ئێمە سیاسەت ناکەین، بەڵام هەوڵ بۆ دەسەڵات و گۆڕینی سیستەمی سیاسیی دەدەین، ئێمە دوژمنی کەس نیین، بەڵام ئەوەی خواستی گۆڕانی هەبێت دەبێت دژی ئەم دەسەڵاتەی ئێستا بێت، واتە دژی پارتی ویەکێتی بێت.

ئەمەیە گەوهەری کێشەکە کە دەڵێین،ئێمە لەم قۆناخە پێویستمان بە سەرۆك بارزانی هەیە، بۆ ئەوەی چیدیکە هەڵەکانمان بە هەڵەی دیکە پێ پەردەپۆش نەکەن، پیویستمان بە مسعود بارزانییە، بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە هەوڵەکانمان یەکبخەین، یاسا سەروەر بێت و هەڵەو کەموکوریەکانمان چارەسەر بکەین.

**لەم قۆناخە پێویستمان بە سەرۆک بارزانی هەیە، بۆ ئەوەی چیدیکە هەڵەکانمان بە هەڵەی دیکە پێ پەردەپۆش نەکەن**

پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر بۆ گوڵان:

# مسعود بارزانی یەکێکە لە ڕەمزە مەزنەکانی میللەتی کورد و بەر پرسیاریەتی گەورەی لەسەر شانە

پرۆ فیسۆر مایکل گەنتەر ناوێکی نەناسراو نییە لای خوێنەری کورد بەگشـــتی و خوێنەرانی گوڵان بە تایبەتی و،یەکێکە لەو ئەکادیمیە ناسراوانەی جیهان کە بایەخ بە کێشەی کورد بەگشتی و کێشـــەی کورد لـــە تورکیاو عێراق دەدات، تائێســـتا زیاتر لە ١٠ کتێبی لەســـەر کورد نووســـیوە و لە چەندین کتێبی دیکەش بەچاپتەری تایبەتی بەشـــداری کـــردووە، ئەمە بێجگە لە دەیان دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەشداریکردنی لە دەیان کۆر و سیمیناری نێو دەوڵەتی.

پرۆ فیسۆر گەنتەر ماوەی ٣٧ ساڵە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی تێنســـی و وانەبێژە لەیەکێك لـــە زانکۆکانی ڤیننا، ئەمجارە لە نەمساوە قســـەی بۆ کردین و وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

مایـــکل گەنتـــەر وەك کەســـایەتێکی ئەکادیمی بێ لایەن شـــرۆڤەکانی خۆی بـــۆ باردۆخی کوردســـتان دەکات و زۆر جاری دیکەش لە سەر لاپەرەکانی گوڵان لەســـەر هەندێك لایەنی سیاسەتی کوردســـتان بەرامبەر بەغداو ئەنقەرا ئاگاداری کردوینەوە، لەسەر لاپەرەکانی گوڵان راشکاوانە باســـی ئەوەی کردووە، نابێت دەســـکەتەکانتان بکەن بە قوربانی ســـۆز هەڵچوونتان، دەبێـــت ئەوە بزانن، دەســـکەتەکانتان ئەگەر لەدەست بچن قەرەبوو ناکرێنەوە، ئەمجارەیان بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی بەرێز مســـعود بارزانی وەك کاندێك بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چەند لایەنێکی دیکەمان وروژاند، بەتایبەتی بۆ ئەوەی خۆمان لەو جوغزە تەقلیدیە دەربکەین، بەشـــێوەیەکی زانستیانە پیداویستی ئێستای هەرێمی کوردستان بۆ سەرۆکێکی وەك بارزانـــی شـــرۆڤە بکەین، مایکل گەنتـــەر لەگەڵ ئەوەی ئاماژەوە بەوە دەکات کە دیموکراســـی لە کوردستان لە سەرەتادایە و بە قۆناخێکی هەســـتیاری لەقەڵەم دەدات، بۆیە کەسێکی وەك مسعود بارزانی بۆ ئەوەی سەرکردایەتی ئەم قۆناخـــە بکات، بە پێ،یســـتیەکی ئەم قۆناخە دەزانێـــت، ئەمە وەڵامەکانی پرۆ فیسۆر گەنتەرە بۆ گوڵان.



بارزانی کەسێکی شیاوە لە کاتی شیاودا

*** مەسعود بارزانی ســـەرکردەیەکی ناسراوی شۆرشی کوردبوو پێش ئەوەی وەك ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان هەڵبژێردرێت، هەروەهـــا یەکێکە لە ڕەزمـــە نەتەوەییەکانی کـــورد، ئایا گرنگی ئەم سەرکردەیە لەم کاتەدا بۆ خەڵکی کوردستان چیە؟**

- بارزانی یەکێکە لە ڕەمزە مەزنەکانی میللەتی کورد، لە بەشـــێکیدا بەهۆی باوکیـــەوە، هەروەها ئـــەوەی بارزانی پێـــی هەڵدەســـتێت و ئەنجامە دەدات گرنگیەکـــی زۆری هەیە بۆ خەڵکی کوردستان و بەرپرسیارێتیەکی گەورەیی لـــە ئەســـتۆیە بـــۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی لە بەرژەوەندی کوردەکانە.

*** ڕات چیە لـــە ســـەر ئەزمونی دیموکراســـی لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە زۆرێك لە شارەزایان پێیان وایە بنیاتنانی دیموکراســـی لەم ناوچەیەدا کارێکی کردەنی نیـــە، ئایا پێت وایە هێنانەدی دیموکراســـی لەم هەرێمەدا بۆ حیکمەت و سیاسەتەکانی بارزانی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەوە پرسیارێکی گەورەیە، هەروەها لێرەدا ئەو پرسیارەش دروست دەبێت، ئایا چۆن دەکرێت دیموکراسی لە ئارادابێت لە کاتێکدا هەمو دەسەڵاتەکان بدرێت بە بارزانی؟ دیگۆل لە فەڕەنســـا بۆ ماوەیەکی دورودرێـــژ حوکمی کرد و دواتر دەســـتی لە کارکێشایەوە، ڕەنگە ئەو کاتەش بێتەوە پێشـــەوە کە بارزانی بیر لـــە کەســـێکی دیکـــە بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشـــتا دیموکراسی لە کوردستاندا لە سەرەتادایە و ئەگەر خەڵکی کوردستان متمانە بە بازرانی بدەنەوە ئەوا ماف و ئەرکی ئەوەی هەیە بۆ خولێکی دیکە سەرۆکایەتی هەرێم بکاتەوە. باوەڕم وایە کەسانی دیکەش دەتوانن ببنە ســـەرۆکی کوردستان و کاری بـــاش بکەن و ڕەنگە پێویســـت بەوە بکات بارزانی لە داهاتودا بیر لە سەرکردەی دیکە بکاتەوە.

*** بەڵام ڕەنگە کوردستان جیاواز بێت لـــە ئەمەریکا، بۆ نموونە کوردســـتان لە قۆناغی گەشـــەکردندایە و ڕەنگە کەســـێکی بەهێزی ئەوتـــۆ نەبێت کە ئەزمونی کوردستان بپارێزێت؟**

- ئـــەوە ڕاســـتە ئێـــوە دۆخێکـــی هەســـتیارتان هەیە، بارزانی کەسێکی شیاوە لە کاتی شیاودا، ڕاستە کێشە و ناکۆکی لە نێوان بارزانی و تاڵەبانیدا

له ئارادابوو، بەڵام توانرا بۆ ماوەیەکی کاتی چارەسەربکرێت، بە پێدانی سەرۆکایەتی عێراق بە تاڵەبانی و سەرۆکایەتی هەرێم بە بارزانی، کەواتە ڕاستە کێشە هەیە، بەڵام من پێم وایە دەبێت لە ئایندەدا دەرفەتی سەرکردایەتیکردن بە کەسانی دیکەش بدرێت ئەگەر بمانەوێت دیموکراسی بین.

*** ئایا لەوە باوەڕەدایت کە بارزانی بتوانێت کار بۆ باشترکردنی ئایندەی کوردستان بکات، بە تایبەتی کە پێشتر توانیویەتی بەسەر ئاستەنگەکاندا زاڵبێت ؟**

- بارزانی کاری باشی ئەنجامداوە، بڕیاری بە پەلەی نەداوە، ئارامگربووە و توانیویەتی کارێك بکات بە چاوی ڕێز و تەقدیر لە کوردستان بڕوانرێت، بەڵام ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێت ئەوە لە دەستوورەکەتاندا بچەسپێنن کە دەبێت سەرۆکەیاتی دو خول بێت هەر خولێك چوار ساڵ بێت و دواتر دەبێت سەرۆك خانەنشین بکرێت.

*** ئێمە دەزانین حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین کێشەی گەورەی هەیە لە گەڵ عێراقدا، هەروەها لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا، بۆ نموونە زۆرجار بارودۆخەکە گەیشتۆتە ئەوەی هەڕەشەی ئەنجامدانی هێرشی سەربازی بکرێت، بەڵام سەرۆك بارزانی سەرکەوتوبوە لە ڕێگەگرتن لەم حاڵەتە و کێشەکانی بە ئاشتیانە چارەسەرکردووە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم سیاسەت و مەنتیقی بارزانی لێکدەدەیتەوە؟**

- من پێم وایە بارزانی کارێکی باشی ئەنجام داوە لەم ڕووەوە، لەبەر ئەوەی لە بارودۆخێکی هەستیاردا بووە و زۆر بە ئاسانی ئەگەری ئەوە هەبوو بارودۆخەکە بەرەو شەڕ بڕوات لەگەڵ ئێران، لەگەڵ تورکیا، لەگەڵ پەکەکە و لەگەڵ عێراقدا، بەڵام بارزانی ڕێگەی نەدا، بە دڵنیاییەوە شەڕ مایەی کارەسات دەبێت بۆ کوردستان، کەواتە گرنگە ئێوە کەسێکی ژیری وەك بارزانی سەرکردەتانە، کە بەرگری لە مافەکانی کورد کردووە، بەڵام نەکەوتۆتە کێشەیەکەوە کە سەربکێشێت بۆ شەڕ، کە ڕەنگە زۆر کەسی دیکە پەنای بۆ ببردایە. واتە گرنگە سەرکردەیەکی وەك بارزانی بوونی هەبێت کە لە هەڵەکانی ڕابردووەوە دەرسی وەرگرتوە، بە تایبەتی ئەو شەڕەی لە نێوان یەکێتی و پارتیدا لە نەوەتەکاندا ڕوویدا، هەروەها گرنگە سەرکردەیەکی بە ئەزمونی وەك بارزانی حکومڕانی بکات.

*** تورکیا هەوڵی داگیرکردنی کوردستانی دا،بەڵام بارزانی توانیتی کێشەکە بە ئاشتیانە چارەسەربکات، ئایا پێت وایە مەنتیقی بارزانی بەهێزتربووە لە مەنتیقی دەزگای سەربازی تورکیا؟**

- لە ڕاستیدا تورکیاش مەنتیقێکی ڕاست و دروستی گرتەبەر کە سوورنەبوو لەسەر هەڵگیرساندنی ناکۆکیەکی سەربازی، کەواتە لەم ڕووەوە دەبێت ستایشی تورکیا و بارزانی بکرێت، کە ڕێگە یان نەدا شەڕ لە دژی یەکتر دروست بێت.

*** هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فرە نەتەوە و فرە ئاینە، بەڵام گروپە ئاینی و ئیتنیەکان بە گیانی لێبوردنەوە هەڵس و کەوت لەگەڵ یەك دەکەن، هەروەها سیاسەتی بارزانی ئەوەبوو کە دەبێت شانازی بە بوونی ئەم ئاشتیەوە بکەین، نەك بە شەڕ و یەکترکوشتنەوە، ڕاوبۆچونی ئێوە ئیە لەم ڕووەوە؟**

- بارزانی ڕۆڵی هەبوو لە دروستبوونی تێگەیشتن لە نێوان خەلك و گروپە جیاوازەکاندا، بەڵام دەبێت لە هەمان کاتدا گروپە جیاوازەکانی دیکەش لە گرنگی هاوکاری یەکتری تێبگەن، دەمەوێت ئەوەتان پێ بڵێم کە من لە نەوشیروان مستەفا دەڕوانم وەك پاڵێوارێکی ڕیفۆرمخواز، من هیوادارم هەڵبژاردنێکی عادیلانە و کراوە بکرێت و لیستەکەی نەوشیروان مەستەفاش دەرفەتی پێبدرێت و هەرکەسێك سەرکەوتوبو ئەو ڕاستیەی لەبەرچاوبێت کە نەك تەنها دەبێت بەردەوامی بە سەرکردایەتیەکی بەهێز و کارا بدات، بەڵکو دەبێت بایەخ بە گۆڕانکاری بدات، بە داڕشتنی ڕێسای کاریگەر بدات دژی گەندەڵی و بایەخ بە هێنانەدی سەرکردایەتیەکی نوێ بدات، نەوشیروان مستەفا نوێنەرایەتی ئەم ڕەوتە دەکات و لەو باوەڕەدام کە دەبێت بارزانی و تاڵەبانی بە باشی بیر لەم مەسەلەیە لێبکەنەوە.

*** ئێمە دەزانین کە لە ماوەی سەرۆکایەتی بارزانیدا هاوپەیمانی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا دروست بوو کە توانیان نمونەیەکی جوانی هاوکاری پێشکەش بکەن، ڕاوبۆچونی ئێوە چیە لەم ڕووەوە؟**

- ئەوە پرسیار ێکی گەورەیە، ئەم مەسەلەیە لایەنی ئیجابی و سلبی هەیە، لایەنە ئیجابیەکەی ئەوەیە بو بە مایەی بەهێزبوونی کورد و هاوکاری نێوان دو هێزی گەورە و کارکردنیان بۆ بەرژەوندی کورد لە بری شەڕکردن لە دژی یەکتری، لایەنە سلبیەکەش ئەوەیە هاوپەیمانی نێوان ئەم دو هێزە ڕێگەی لە نوێنەرایەتی کردنی هێزەکانی دیکە گرتووە، ڕاستە یەککگرتنی ئەم دو هێزە لە ئێستادا پێویستە، لەبەر ئەوەی بارودۆخە مەترسیدارەی لە عێراقدا هەیە، بەڵام من ئومێدم وایە لە ئایندەدا ئەم دو هێزە بە شێوەیەکی دیموکراسی ململانێی یەك بکەن لە بری ئەوەی هاوپەیمانی یەك بکەن و ڕێگە لەوە بگرن هیچ هێزێکی بەرهەڵستکار نەتوانێت بە سەرکەوتوی ململانێ بکات.

*** ئێمە دەزانین هەمیشە سەرۆك بارزانی ڕۆڵی میانگیری بینیەوە لە نێوان لایەنە عێراقیەکاندا، واتە لەم ڕووەوە کاریگەری گەورەی هەبووە لە سەر کەمکردنەوەی ناکۆکیەکان،**

> بارزانی کاری باشی ئەنجامداوە، بڕیاری بە پەلەی نەداوە، ئارامگربووە و توانیویەتی کارێك بکات بە چاوی ڕێز و تەقدیر لە کوردستان بڕوانرێت




**بارزانی ڕەمزی یەکگرتوی کوردە لە عێراقدا و بڕیارەکان ڕەنگدانەوەی حیکمەت و تێگەیشتنی ئەوە بۆ ئەوەی بڕیاری بەپەلە نەدات کە ببێتە مایەی کارەسات بۆ خەڵکی کوردستان، کەواتە خەڵکی کوردستان خۆشبەختن سەرکردەیەکی بە ئەزموونی وەک بارزانیان هەیە**

**ڕاوبۆچوونی ئێوە چیە لە سەر ڕۆڵی بارزانی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا یان لە پرۆسەی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا؟**

- بارزانـــی ڕەمزی یەکگرتوی کوردە لە عێراقـــدا و بڕیارەکان ڕەنگدانەوەی حیکمەت و تێگەیشتنی ئەوە بۆ ئەوەی بڕیاری بەپەلە نەدات کە ببێتە مایەی کارەســات بــۆ خەڵکی کوردســتان، کەواتە خەڵکی کوردستان خۆشبەختن ســەرکردەیەکی بــە ئەزموونی وەك بارزانیان هەیە، من پێم وایە لەم کاتەدا ئەمە پێویســتیەکە، بەڵام بۆ ئەوەی دیموکراســیەکی ڕاســتەقینە و بنکە فراوان دروست بێت هیوادارم لە ئاییندەدا بارزانی کار بۆ بەشـــداری پێکردنی خەڵکی تر بکات بـــۆ ناو حکومەت، نەك تەنها خەڵکانـــی خۆی ئەم کارە بکـــەن. من هیوادارم ئەمە یەکێك بێت لە بەرپرسیارێتیەکانی بارزانی و وەك دوا کاری خۆی جێبەجێ بکات.

*** بارزانـــی هاوپەیمانی کرد لە پێناو ڕزگارکردنـــی عێراقـــدا ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك لـــە بەرژەوەندی خەڵکی عێراق بە گشتی و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی بو؟**

- بڕوای من وایە زیاتر لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بوو، من ناڵێم خەڵکی بارودۆخی عێراق لە سایەی سەدامدا باشتر بوو، بەڵام ئەوە ڕاستیەش ڕوونە کە بە بەراورد بە بەشـــەکانی دیکەی عێـــراق، کـــوردەکان دەســـتکەوتێکی زیاتریان لە کۆتای هاتنی دەسەڵاتی سەددام حوســـێن بەدەستهێنا، هەروەها تـــا ئێســـتا بارودۆخەکە بە باشـــی بۆ کورد گـــوزەراوە و هیـــوادارم ئەم حاڵەتـــە بەردەوام بێـــت، لەبەر ئەوەی دۆخەکە زۆر هەســـتیارە و پێویستتان بە سەرکردەیەکی حەکیم دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر چەند هەڵەیەکی خراپ بکەن ئـــەوا هەمو دەســـتکەوتەکانتان لەدەســـت دەدەن، کەواتە پێویستتان بە ســـەرکردەگەلێکی ژیر و بە ئەزمونی وەك بارزانی و تاڵەبانی دەبێت بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتە بە نرخە لە دەست نەدەن کە بەهۆی ڕوخاندنی سەددامەوە لە لایەن ئەمەریکاوە دروســت بووە و بەکاری بهێنن بۆ بەدەســـتهێنانی ڕادەیەك لە ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆی.

*** لە ٢٥ مانگی داهاتو هەڵبژاردنە پەرلەمانـــی و ســـەرۆکایەتی ئەنجام دەدرێت، ڕاســـپاردەی ئێـــوە چیە لەم ڕووەوە؟**

- مـــن ئومێـــد دەکەم هەڵبژاردنێکی ئـــازاد و عادیلانە بێـــت و بیروڕای ڕاســـتەقینەی خەڵـــك زاڵ بێـــت و سەرکەوتو بێت.


پرۆفیسۆر رۆبەرت ئۆڵسن بۆ گوڵان:

# لەم قۆناخەی ئێستای کوردستان پێویستان بەسەرۆکێکی بە هێزی وەک مسعود بارزانی هەیە

**مێژوو نووســی ناوداری جیهانی و تایبەتمەند لەسەر مێژووی کوردســتان و بزووتنەوە رزگاریخوازیەکەی و ئێســتاش ئاگادار لەســەر رەوشی عێراق و کوردســتان، پرۆ فیسۆر رۆبەرت دەبلیو ئۆڵســن، سەبارەت بە باردۆخی ئێســتای هەرێمی کوردستان و رەوشــی ناوخۆی هەرێمی کوردســتان، بەرێزەوە بەشــداری لەم راپۆرتە لە گەڵدا کردین و راشــکاوانە وتوێژێکی تێروتەسەلمان لە پرســە گرنگ و هەنکویەکانی ئەمرۆی کوردستان لە گەڵدا کرد.**

**پرۆ فیســۆر ئۆڵســن زۆربەی کتێبەکانــی بەتایبەتی ئەوانەی لەسەر مێژووی کورد و بزووتنەوە رزگاریخوازیەکەی نووسیوونی وەرگێردراون بۆ ســەر زمانەکانی کوردی و عەرەبــی و تورکی،هەربۆیە، رۆبەرت ئۆڵسن، ناوێکی نەناسراو نییە هەتا ئێمە بە خوێنەران بە گشــتی و بە خوێنەرانی گوڵان بە تایبەتی بناسێین.لەبەر ئەوەی ئەگەر خوینەرانی گوڵان بەرهەمەکانی رۆبەرت ئۆڵسنیشیان نەخوێنێتەوە، چەند جارێکی دیکە لەرێگەی لاپەرەکانی گوڵانەوە، بە بیربۆچوونەکانی ئاشنان بوون.**

**لایەنێکی دیکەی گرنگ کــە دەخوازین لەم دیمانەیە ئاماژەی پێبکەین،بەردەوامی گوڵانە لەســەر هەمــان بەرنامە و پێرەوی خــۆی بۆ راپۆرتەکانی لــە کاتی هەڵمەتەکانــی هەڵبژاردن و لەو کاتەی گوڵان خۆی بەشــێکە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، بەڵام ســووربونمان لەسەر ئەم شــیوازە دووبارە کردنەوەیە لەسەر ئەو پەیامەی، گرنگە میدیــا بتوانێت، لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنــە بونیــادی دیموکراتــی و پاراســتنی مــاف و ئازادیەکانی لەبیر بێت،ئەمەش دەقی دیمانەیکە گوڵانە لە گەڵ پرۆ فیسۆر رۆبەرت ئۆڵسن.**



*** ئایا بارودۆخی ئێســتای کوردســتان چۆن هەڵدەسەنگێنیت و پێشبینیت چیە بۆ ئایندەی نزیکی ئەم هەرێمە؟**

- من پێــم وایــە حکومەتــی هەرێمی کوردستان گفتوگۆی چری لە بەردەمدایە لەگــەڵ حکومەتــی بەغدا لــە بارەی مەســەلەی نەوتەوە، هەرچەندە حکومەتی عێــراق رەزامەنــدی داوە لەســەر ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردســتان لە رێی بۆریە نەوتیەکانی عێراقەوە بۆ تورکیا، مەسەلەی سەرەکی دووەم بریتیە لە ناوچە کێشەدارەکان کــە نزیکەی لە ســەدا ٧ی خاکی عێراق پێکدەهێنن، ئەم دو مەسەلە گەورەیە دەبنە ســەرچاوەی ناکۆکیەکی بەردەوام لە نێوان هەولێر و بەغدا، بــەڵام دەکرێت بە هۆی گفتوگــۆوە یەکلابکرێنەوە. خالێکی دیکە کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردســتان لەبەرچاوی بگرێت ئەوە ئایا تا چ رادەیەك حکومەتــی عێراق پەرە بە خۆپرچەککردن دەداتــەوە و ئایا تا چ رادەیەك ئەمەریکا رێگــە بــە دووبــارە چەکدارکردنەوەی حکومەتی بەغدا دەدات.

*** لــەم باردۆخەدا کە بەرێــزت ئاماژەت پێکرد، ئایا تاچەند بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حکومەتی کوردســتان دەتوانــن، بەرژەوندیەکانــی کوردســتان بپارێــزن، لە کاتێکــدا لە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنداین؟**

- مــن پێم وایە بوونی مەســعود بارزانی و نێچیرڤــان بارزانی ســەرۆك وەزیرانی حکومەتــی هەرێــم و تاڵەبانی گرنگی خۆیان هەیە بۆ خەڵکی کوردستان، گرنگە ســەرۆك بارزانی دەرفەت رەخســاندن بۆ تێکرای پاڵێــوراوەکان و لایەنە جیاوازەکان و ئەنجامدانــی هەڵبژاردنێکــی ئــازاد لەبەرچاوبگرێت، من ئاگاداری سیاسەتی ناوخــۆی هەرێمەکــەی ئێوە نیــم، بەڵام ئاگاداری ئەوەم کــە نارەزاییەك هەیە لە ئاســت حکومرانی حکومەتــی هەرێمی کوردســتان، هەروەهــا ئــەم نارازیبوونە لە ســلێمانیش بوونی هەیە، بــۆ نموونە نەوشیراوان مســتەفا کە پێشتر ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو لە ئەدای تاڵەبانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان نارازییە. ئێمە دەبێــت بارودۆخی ئێرانمان لەبەرچاوبێت کە خۆپیشــاندان و نارەزایی هەیە، بە چاوپۆشین لەوەی ئایا ئەحمەدی نەژاد ســەرکەوتووە یان نــا، کەواتە چەند مەســەلە و تەحەددیەك هــەن کە دەبێت ســەرۆك بازرانــی و حکومەتــی هەرێم لەبەرچــاوی بگرن، بە تایبەتی دەبێت کار بۆ سیستمێکی زیاتر کراوە بکەن و دەرفەت بۆ پاڵێواروە جیاوازەکان برەخسێنن.

**بوونی مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێم و تاڵەبانی گرنگی خۆیان هەیە بۆ خەڵکی کوردستان**

*** ئایا پێت وایە هێنانەدی دیموکراســی لەم هەرێمەدا بۆ حیکمەت و سیاسەتەکانی بارزانی دەگەرێتەوە؟**

- گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردســتان دەرفەتی زیاتر برەخســێنیت بۆ بەشداری هێز و لایەنەکانی دیکە لە حکومەتدا، من ســاڵی پار لە کوردستان بووم، دەتوانم ئەوە بڵێم کە گرنگە سەرۆك بارزانی و نیچیرڤان بارزانی، هەروەها تاڵەبانی و سەرکردەکانی یەکێتی نیشتمانی ئەوە لەبەرچاوبگرن کە

ئێستا خەڵکانێك زۆر هەن لە کوردستاندا کە خاوەنی کەفائەت و لێهاتووین، بە هەمان شێوە خەڵکانێك زۆر هەن لە کوردەکان کە خاوەنی ئاستی بەرزی خوێندن و ڕۆشنبیرین و لە ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە دەگەڕێنەوە، واتە بارودۆخی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٩دا جیاوازە لە بارودۆخی ساڵی ١٩٩٢. ئێمە ئەو ڕاستییەش دەزانین کە کوردستان لە پێگە و دۆخێکی سەختدایە، لەبەر ئەوەی عێراق و تورکیا و ئەمەریکاش هاوڕان لەسەر سنووردارکردنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی هەم لە تورکیا و هەم لە عێراقدا. ئێمە بینیمان پەیوەندی هەرێم و تورکیا چەند بارگرژی تێکەوت، ئێستاش عێراق و تورکیا هاوکاری یەکتری دەکەن بۆ سنووردارکردنی چالاکیەکانی پەکەکە، کەواتە ئەمە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان سنوورداردەکات بۆ پشتیوانیکردن لە بزوتنەوەی نەتەوایەتی لە تورکیا و کاریگەری ئەم بزوتنەوەیەش لە عێراقدا کەم دەکاتەوە.

*** ئێمە دەزانین حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین کێشەی گەورەی هەیە لە گەڵ عێراقدا، هەروەها لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا، بۆ نموونە زۆرجار بارودۆخەکە گەیشتۆتە ئەوەی هەڕەشەی ئەنجامدانی هێرشی سەربازی بکرێت، بەڵام سەرۆك بارزانی سەرکەوتووبوە لە ڕێگەگرتن لەم حاڵەتە و کێشەکانی بە ئاشتیانە چارەسەرکردووە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم سیاسەت و مەنتیقی بارزانی لێکدەدەیتەوە؟**

- من پێم وایە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆك بارزانی و نیچیرڤان بارزانی لە پاراستنی یەکێتی و یەکپارچەی هەرێمی کوردستاندا سیاسەتێکی باش بووە بە تایبەتی لە دوای داگیرکردنی عێراقەوە لە لایەن ئەمەریکاوە تاوەکو ئەم ساتەوەختەش، ئەوەش پێشبینیەی نیە و مەسەلەیەکی گرنگە، لە ڕاستیدا دەبێت سەرکردە کوردەکان لە نێویاندا بارزانی و تاڵەبانی ستایش بکرێن بۆ بەدەستهێنانی ئەم دەستکەوتە. لەگەڵ ئەوەشدا، من پێم وایە باشترین زەمانەت بۆ بەردەوامبوونی ئەو ئاشتی و گەشەسەندنەی لە کوردستاندا هەیە ئەوەیە دەرفەتی زیاتر بۆ بەشداری لایەنە جیاوازەکان لە بەڕێوبردنی حکومەتدا بڕەخسێنرێت، باشترین بەرگری لە دژی هەڕەشە دەرەکیەکان ئەوەیە زۆرترین هاوڵاتیان بەشداری بکەن لە حکومەتدا، واتە ئێوە پێویستتان بە بوونی هەستێکی نیشتیمانی بەهێز هەیە لە ناو خەڵکی هەرێمەکەدا، ئەوەش بەوە دروست دەبێت دەرفەتیان پێبدرێت بەرپرسەکان هەڵبژێرن و پۆستە گەورەکان بەدەست بهێنن، بە پێچەوانەوە پابەندبوونیان بە حکومەتی هەرێمەوە کەم دەبێتەوە، ئەمە لە کۆتاییدا دەبێتەهۆی لاوازکردنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی لە عێراق و تورکیادا، بە شێوەیەکی تایبەتی لە عێراقدا. ڕاستە سەرکردە کوردەکان بە تاڵەبانی و سەرۆك بارزانی و نیچیرڤان بارزانیەوە لە پێگەیەکی سەختدان، لەبەر ئەوەی نەك هەر کێشەیان لەگەڵ ئێران، سوریا و تورکیا هەیە، بەڵکو کێشەیان لەگەڵ بەغداشدا هەیە و ئەمەریکاش خوازیاری ئەوەیە حکومەتێکی بەهێز لە عێراقدا دروست بێت، بە تایبەتی کە خەریکی کشاندنەوەی هێزەکانێتی لە شارەکاندا، هەروەها ئەمەریکا دەیەوێت کوردەکان وەك بەشێکی دانەبڕاو لە عێراقدا بمێننەوە، ئەگەر کوردەکانیش وەك بەشێکی دانەبڕا لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە، ئەوا حکومەتی بەغداش لە هەوڵی کەمکردنەوەی سەنگ و گرنگی کوردستاندا دەبێت، کەواتە ئەمە خەبات و تەحەددایەکی گەورەیە بۆ کوردەکان و سەرکردە کوردەکانیش پێویستیان بە پشتگیری تەواوی خەڵکی کوردستان هەیە.

*** هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فرە نەتەوە و فرە ئاینە، بەڵام گروپە ئاینی و ئیتنیەکان بە گیانی لێبوردنەوە هەڵس و کەوت لەگەڵ یەك دەکەن، هەروەها سیاسەتی بارزانی ئەوەبوو کە دەبێت شانازی بە بوونی ئەم ئاشتیەوە بکەین، نەك بە شەڕ و یەکترکوشتنەوە، ڕاوبۆچونی ئێوە ئیە لەم ڕووەوە؟**

- ڕاستە ڕەنگە لە مەودای نزیکدا ئێوە پێویستتان بە سەرکردەیەکی بەهێزی وەك بارزانی هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت تێکڕای گروپ و لایەنەکان هەست بکەن و باوەڕیان وابێت کە دەرفەتی بەشداریکردنێکی تەواویان پێدراوە لە حکومەتدا، دواتر بەهۆی دووبارەکردنەوەی پرۆسەی دیموکراسی هەڵبژاردنەوە سەرکردەکانیش دەگۆڕێن، ڕەنگە لە هەڵبژاردنی دووەم و سێیەمیشدا سەرۆك یان سەرۆك وەزیران نەگۆڕێن، بەڵام بە دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان ئەوانیش دەگۆڕێن، من هیوام وایە مەسعود بارزانی و نیچیرڤان بارزانی ئەو سیاسەتە بگرنەبەر کە دەبێتەهۆی بواردان بە هێنانەدی ئەو گۆڕانکاریەی خەڵك پشتگیریان لێدەکات.

*** ڕاوبۆچوونی ئێوە چیە لە سەر ڕۆڵی بارزانی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا یان لە پرۆسەی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا؟**

- من پێم وایە سەرۆك بارزانی کارێکی باشی کردووە کاتێك لە ماوەی چوار بۆ پێنج ساڵی ڕابردودا ڕای گەیاندووە پابەنددەبێت بە مانەوەی لە چوارچێوەی عێراقدا، کە من پێم وایە دەبێت ئەمە بڵێت چونکە ئەمە داواکاری ئەمەریکیەکانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە ئەوەشی ڕاگەیاندووە هەموو نەتەوەیەك مافی خۆیەتی بڕیار لە چارەنوسی خۆی بدات، مەبەستی دروستکردنی دەوڵەتی کوردیە، هەرچەندە ئەمە کارێکی زەحمەتە و پێویستی بە پشتگیری ڕای گشتی جیهان و یەکێتی ئەوروپا هەیە، مەسعود بارزانی کارێکی باشی کردووە کە ئەوەی خستۆتەڕوو تاوەکو پابەندبوون بە دەستووری عێراقەوە لە ئارادابێت ئەوا لە چوارچێوەی عێراقدا دەمێننەوە و ئەگەر دەستوریش جێبەجێ نەکرا ئەوا ڕێگاچارەی دیکە لەبەرچاوەدەگرێت، من پێم وایە پارتی دیموکراتی کوردستان پێویستی بەوە هەیە پتر سیستمی حکومڕانی بەرەو کرانەوەببات، ئەویش بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری تێکڕای خەڵکی کوردستان ئەگەر هاتوو بڕیاری گرتنەبەری ڕێگاچارەیەکی دیکەی دا، ئەم پشتگیریەش بە بواردان دەبێت بە بەشداری تێکڕای لایەنەکان لە حکومەتدا. هەروەها من پێم وایە یەکێك لە سەرکردە گەورەکانی کورد کە سەرۆکی عێراقە لە چوارچێوەی دەستووردا کار بۆ بەهێزکردنی ئۆتۆنۆمی کوردستان دەکات، هەروەها باوەڕی وایە بە جێبەجێکردنی دەستوری عێراق مافە مەدەنیەکان، مافە سیاسیەکان و مافەکانی مرۆڤ و ئاسایشی هەرێمی کوردستان زامن دەکرێن. سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی فشاری ئەمەریکایان لەسەرە و توانایەکی سنوورداریان هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی خوازیاری

**سەرۆك بارزانی کارێکی باشی کردووە کاتێك لە ماوەی چوار بۆ پێنج ساڵی ڕابردودا ڕای گەیاندووە پابەنددەبێت بە مانەوەی لە چوارچێوەی عێراقدا**



ئەنجامدانیانن، هەروەها فشاری تورکیایان لەسەرە، ئێمە دەزانین سەرۆك ئۆباما سەردانی تورکیای کرد و ئیلتیزامێکی گەورەی گرتەئەستۆ لە ئاست تورکیادا و پەکەکەی بە تیرۆریست ناوبرد، هەرچەندە دانی بە سەرکەوتنە ڕێژەییەکەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیدا نا کە باوەڕ وایە نزیك ببێت لە پەکەکەوە. بە هەمان شێوە سەرۆك تاڵەبانیش و داوای چەکدانانی لێکردن. واتە بەهۆی بوونی پەیوەندیەکانی عێراق بە ئەمەریکاوە ئەوا تاڵەبانیش دەسەڵاتەکانی سنووردارن. کەواتە ئەمە بارودخێکی دژوارە، بەهۆی بوونی ئەم فشارانە وفشارە نێودەوڵەتیەکانەوە.

*** ئێمە دەزانین مێژوی کورد و کوردستان تێکەڵە بە مێژوی بارزانی، ڕا و بۆچونی ئێوە چیە لەم ڕووەوە؟**

- ڕاستە هەمیشە جیاوازی و ناکۆکی لە نێوان بازرانی و تاڵەباندا هەبووە و ئێمە هەموان دەزانین ناکۆکیەکان گەیشتنە شەڕی ناوخۆ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سەرکردانە ڕۆڵێکی گەورە و گرنگیان بینیوە لە گەیشتنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد بەم قۆناغەی ئێستای، بەڵام من پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە بە جیددی بیر لە فروانکردنی بازنەی بەشداری کردن لە حکومەتدا بکەنەوە.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك لە ماوەی چوار ساڵی سەرۆکایەتی بارزانیدا مەیلی کوردستان بە ئاراستەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردیدا بووە؟**

- ئەوە پرسیارێکی گەورەیە، ئێمە دەزانین سەرۆك تاڵەبانی بەساڵدا چووە و تەندروستی باش نیە، ڕەنگە سەرکردەی دیکە بێنە پێشەوە، نەوشیروان ئەم ڕاستیە دەزانێت و خۆی بۆ ئامادە دەکات، هەرچەندە هەمان حاڵەت لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەدی ناکرێت، بەڵام مردنی تاڵەبانی مایەی کارەسات دەبێت، لەبەر ئەوەی پەیوەندیەکانی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان پەیوەندیگەلێکی دامەزراوەیی پتەونین، ڕاستە بەم دواییە نزیکبوونەوەیەك لە نێوان سلێمانی و هەولێردا هەیە کە دەبێت زیاتر بکرێت، بەڵام ئەگەر ژمارەیەکی زیاتری پیاوان و ئافرەتان بەشداری لە حکومەتدا بگەن، ئەوا جیاوازیەکانی نێوان یەکێتی و پارتی کەم دەبنەوە و دەرفەتی باشتر بۆ لێکنزیبکونەوەیان دروست دەبێت و ئەمەش دەبێتەهۆی بەهێزکردنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی لە عێراقدا.

***دوا وتەت چیە؟**

- من هیوای خۆشبەختیان بۆ دەخوازم، ئێوە دەبێت دیراسەتی سیاسەتی ئیقلیمی بکەن، بە تایبەتی لە ئێران، تورکیا و سوریادا و باشترین ڕێگاچارە بگرنەبەر بۆ خەڵکی کوردستان، خەڵکی کوردستانیش لە ڕێی بەشداری کردنیانەوە لە حکومەتدا دەتوانن کاریگەری خۆیان هەبێت، من دڵنیام سەرکردە کوردەکان لە نزیکەوە لە بارودۆخی ئێران دەڕوانن، ئەمە نەك لەبەر ئەوەی کوردستانیش لە هەمان دۆخی ئێراندایە، بەڵکو وەك دەرسێك بۆ هێنانەدی پێداویستیەکانی خەڵك، کەواتە دەبێت خەڵك چالاك بێت و بە شێوەیەکی دیموکراتیانە داوای ئەو گۆڕانکاریانە بکات کە پێویستی پێیەتی، ئەویش لە ڕێی بەشداری کردنیانەوە لە حکومەتدا و لە ڕێی گۆڕینی سەرکردەکانەوە کە ڕەنگە هەندێ لە خەڵکی خوازیاری ئەمە بن.

**مەسعود بارزانی کارێکی باشی کردووە کە ئەوەی خستۆتەڕوو تاوەکو پابەندبوون بە دەستووری عێراقەوە لە ئارادابێت ئەوا لە چوارچێوەی عێراقدا دەمێننەوە و ئەگەر دەستوریش جێبەجێ نەکرا ئەوا ڕێگاچارەی دیکە لەبەرچاودەگرێت**

پرۆفیسۆر حیکمت فیکرەت سەرۆکی پێشووی KNC بۆ گوڵان:

# ئومێدی ئێمە ئەوەیە بارزانی ئایندەیەکی گەش بۆ کوردستان بهێنێتەدی و دەوڵەتی کوردی دروست بێت

**پرۆفیسۆر حیکمت فیکرەت سەرۆکی پێشووی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان (KNC)بووە و یەکێکە لەو کوردانەی لە دەرەوەی وڵات بڕوای بەوەهیە، ئایندەی کوردستان دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە و ئەم ئومێدەشی گرێدەداتەوە بە سەرۆکایەتی مسعود بارزانیەوە، بۆ قسەکردن لەسەر باری ناوخۆی ئەمڕۆی کوردستان و تێڕوانی جالیەی کورد بۆ سەرۆکی خۆیان، پرۆفیسۆر حیکمەت فیکرەت بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



**نەک تەنها کوردەکانی عێراق، بەڵکو کوردەکانی هەر چوار پارچەکەی کوردستانیش ئومێدی ئەوە دەکەن بارزانی کوردستان بە ئاراستەیەکدا ببات کە لە داهاتودا دەرفەتی گونجاو بۆهێنانەدی ئەم ئامانجە دروست بێت**

*** ئایا گرنگی بەرێز مسعود بارزانی لەم قۆناخەدا بۆ خەڵکی کوردستان چیە؟**

- لە مێژووی کوردا بنەماڵەی بارزانی ڕەمزێك بونە و خەڵکی شوێنیان کەوتن و شانازیان پێوەکردوون کە هیوادارین نەوەی داهاتوش و هەمان ڕێباز و ڕێکە بگرنەبەر.

*** ئێوە لە نوسینەکانتدا باس لە دەوڵەتێکی کوردی خاوەن سەروەری دەکەیت، باس لە دروستبونی دەوڵەتی کوردی و کورستانێکی یەکگرتو و ئازاد دەکەیت، ئایا لە سایەی سەرکردایەکی بارزانیدا ئەم خەونە دێتەدی؟**

- نەك تەنها کوردەکانی عێراق، بەڵکو کوردەکانی هەر چوار پارچەکەی کوردستانیش ئومێدی ئەوە دەکەن بارزانی کوردستان بە ئاراستەیەکدا ببات کە لە داهاتودا دەرفەتی گونجاو بۆهێنانەدی ئەم ئامانجە دروست بێت، ئەگەرچی لە ئێستادا بارودۆخەکە گونجاو نیە، بەڵام ئومێدی ئێمە ئەوەیە بارزانی ئایندەیەکی گەش بۆ کوردستان بهێنێتەدی و دەوڵەتی کوردی دروست بێت. بارزانی لە ئێستادا ئەوەی لە توانایدا بووە کردویەتی و هیوادارین سەرکردایەتی کوردستان بەرەو ئەو ئایندەیە بکات.

*** ڕات چیە لە سەر ئەزمونی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە زۆرێك لە شارەزایان پێیان وایە بنیاتنانی دیموکراسی لەم ناوچەیەدا کارێکی کردەنی نیە، ئایا پێت وایە هێنانەدی دیموکراسی لەم هەرێمەدا بۆ حیکمەت و سیاسەتەکانی بارزانی دەگەڕێتەوە؟**

- سەرۆك بارزانی و سەرکردەکانی دیکەی کورد و تێکڕای خەڵکی کوردستان ئەوەی لە تواناییاندا بووە کردویانە، بەڵام دیموکراسی پرۆسەیەك نیە لە ماوەیەکی کورتدا ڕوووبدات، تەنها بوونی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان نیشانەی بوونی دیموکراسی نین، بەڵکو دیموکراسی پێویستی بە بنیاتنانی دامەزراوەکانە کە ئەوەش کاتێکی زۆری دەوێت.

*** سەبارەت بە لۆژیکی ئاشتیانەی سەرۆك بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکانو بەتایبەتی لەگەڵ دەوڵەتانی دروسێ، ئایا چۆن سەیری ئەم هەڵوێستەی بارزانی دەکەن؟**

- من پێم وانیە ئەمە کاتێکی گونجاو بێت بۆ ئەوەی دوژمن بۆ خۆمان دروست بکەین، هەرچەندە دەبێت ئامادەی بەرگری کردن لە خۆمان بین ئەگەر هاتوو ناچارکراین، من پێم وایە لە حاڵی حازردا گرتنەبەری ڕێ وشوێنی دیبلۆماسی باشترین ڕێگاچارەیە.

*** مەبەستمان ئەوەیە تورکیا هەوڵی داگیرکردنی کوردستانی دا،بەڵام بارزانی توانیتی کێشەکە بە ئاشتیانە چارەسەربکات؟**

- من پێم وایە ئەوە گرنگە کە ئێستا دەیکەین، دەبێت هەڵبستین بە پەرەپێدانی بوارەکانی ئابووری و کەلتوری و تێکڕای بوارەکانی دیکە بۆ ئەوەی بگەینە ئاستێك بتوانین سەروەری خۆمان بگەڕێنینەوە و توانای بەرپاکردنی ناکۆکیەکی نێودەوڵەتیمان هەبێت

*** هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فرە نەتەوە و فرە ئاینە، گروپە ئاینی و ئیتنیەکان بە گیانی لێبوردنەوە هەڵس و کەوت لەگەڵ یەك دەکەن، ە، ڕاوبۆچونی ئێوە ئیە لەم ڕووەوە؟**

- دەبێت سەرکردەکان لە کوردستان ئەو ڕاستەیەیان لەبەرچاوبێت کە تەنها کورد لە کوردستاندا ناژێیت، واتە دەبێت ڕێز لە گورپە ئیتنیەکانی دیکە بگیرێت و بواری بەشداریکردنیان پێبدرێت، بە هەمان شێوە دەبێت لە شوێنەکانی دیکەی عێراقیشدا ڕێز لە کورد بگیرێت و دەرفەتی بەشداری کردنیان پێبدرێت.

*** ئایا چۆن سەیری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و سیستمی هەڵبژاردن لە کوردستان دەکەن، ئایا ئومیدی چی بۆ دەخوازن؟**

**- من هیوادارم لە داهاتوودا سیستمی هەڵبژاردنەکان بگۆڕێت و پاڵێوراوی فەردیمان هەبێت و خۆی وەك تاکەکەسێك بپاڵێویت، ئەگەرچی سەر بە پارتێکی دیاری کراویش بێت، بۆ ئەوەی دەنگ**



دەبێت سەرکردەکان لە کوردستان ئەو ڕاستەیەیان لەبەرچاوبێت کە تەنها کورد لە کوردستاندا ناژێت، واتە دەبێت ڕێز لە گورپە ئیتنیەکانی دیکە بگیرێت و بواری بەشداریکردنیان پێبدرێت

**و متمانەی خەڵکانێکی دیاری کراو بەدەست بهێنێت، بۆ ئەوەی دواتر خەڵك بتوانن لێپرسنەوەی لەگەڵدا بکەن لە ئاست بەڵێن و ئەو کارەی ئەنجامی دوان.**

*** ڕاوبۆچوونی ئێوە چیە لە سەر ڕۆڵی بارزانی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا یان لە پرۆسەی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا؟**

- سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی و تێکرای کوردەکان کار بۆ پاراستنی سەروەری عێراق دەکەن، بەڵام دەبێت لەم چوارچێوەیدا ئێمە بە پێی سەنگی خۆمان بەشداری بکەین، کار بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە باڵاکانی خۆمان و پەرەپێدانی ناوچەکەی خۆمان بکەین.

*** ئەی سەبارەت بە هاوپەیمانیمان لەگەڵ ئەمریکا؟**


- دەبێت هاوسەنگیەك بپارێزین لە نێوان ئەوەی بەدەستمان هێناوە و ئەوەی دەکرێت بەدەستی بهێنین، بۆ نموونە کاری جیددی بۆ ئەو ناوچانە بکرێت کە ناکۆکیان لەسەرە و ناوچەی کوردین و هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیدان، وەك کەرکوك، خانەقین و سنجار و هتد، سەرۆك بازرانی لەم ڕووەوە کاری باشی کردووە و جێی سوپاسە و دەبێت بەردەوامی بەو کارانە بدەین.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك هۆشیاری سیاسی خەڵکی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ گەشەی کردووە؟**

- لە ڕاستیدا نابێت گرتنەبەری شێوازی عەمەلی و براگماتی خەون و ئاواتە گەورەکانم لەبیرببباتەوە، کە بریتیە لە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری، هەرچەندە ئێستا ڕێگاچارەی عەمەلی هاوکاری کردن و هاوپەیمانی کردنە لەگەڵ بەغدادا.

*** لە ٢٥ مانگی داهاتو هەڵبژاردنە پەرلەمانی و سەرۆکایەتی ئەنجام دەدرێت، ڕاسپاردەی ئێوە چیە لەم ڕووەوە؟**

هەمو کەسێك ئازادە دەنگ بە چ لستێك دەدات، بەڵام دەبێت دەنگدانێکی هۆشیارانە و بە قەناعەتەوە بێت و بە باشی بیری لێکردبێتەوە چونکە ئایندەی هەرێمەکەی پێوە گرێدراوە.




بارزانی لە ئێستادا ئەوەی لە توانایدا بووە کردویەتی و هیواداریین سەرکردایەتی کوردستان بەرەو ئەو ئایندەیە بکات

ديڤيد فليپس راوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ گوڵان:

# مسعود بارزانی هەمیشە سەرکردەیەکی سیاسیی گرنگی کوردستان بووە، لە چەند ساڵی رابردوودا لە سەرئاستی عێراقیشدا سەرکردەیەکی گرنگ بووە

**پرۆفیسۆر داڤید دیڤید فلیپس کە ئێستا بەڕیوەبەری جێبەجیکاری سەنتەری ئیلی ویسلە بۆ مرۆڤایەتی (Elie Wiesel Foundation for Humanity) پێشتر راوێژکاری باڵای وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە، یەکێکە لە پسپۆڕە دیارەکانی جیهان لەسەر دۆسێی کوردستان و عێراق و نووسەری دیراسەتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە عێراقدا، وەك بنەمایەك بۆ پیادەکردنی فیدراڵی لە عێراقدا،هەروەها دیراسەتێکی لەسەر عێراق نووسیوە( چۆن فێری دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بین). پرۆفیسۆر فلیپس لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق و گەرانەوەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەرهەرێمی کوردستان،کاری جدی دەکات و ساڵی پار لە ڕۆژانی ٢٠٠٩/٥/٩ بە هاوکاری لەگەڵ پرۆفیسۆر تۆلیری توانیان لە کۆنگریسی ئەمریکا کۆنفراسیك لەسەر ئەم پرسە گرنگە رێبخەن، بر قسەکردن لەسەر رەوشی ئەمڕۆی کوردستان و باردۆخی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بەرێزەوە پرۆ فیسۆر فلیپس بەشداری ئەم راپۆرتەی لەگەڵ کردین ئەمەش دەقی قسەکانیەتی.**



*** ئایا باردۆخی ئێستای کوردستان و رۆڵی سەرکردەکانی ئەم هەرێمە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بەرەوپێشچوونەکانی کوردستان ئیجابی بوونە، ئەو فیدرالیەی لە ئارادایە لە رەوشێکی باشدایە، هەرێمەکە ئارام و ئاسایشە و بەرەوپێشچوونی دیموکراسی بەدی دەکرێت کە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٥ تەمووزدا زیاتر بەرەوپێش دەچن. سەرکردەکانی کورد لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا کارێکی باشیان کردووە، ئەوان نەهامەتیەکی زۆریان چەشت لە سەر دەستی سەددام حوسێن، بەڵام توانیان هەنگاو بۆ پێشەوە بنێن و دۆخێك بخولقێنن کە لەبار بێت بۆ خۆشگوزەرانی تێکرای دانیشتوانی هەرێمەکە.

*** مەسعود بارزانی سەرکردەیەکی ناسراوی شۆرشی کوردبوو پێش ئەوەی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرێت، هەروەها یەکێکە لە رەزمە نەتەوەییەکانی کورد، ئایا گرنگی ئەم سەرکردەیە لەم کاتەدا بۆ خەڵکی کوردستان چیە؟**

- مسعود بارزانی هەمیشە سەرکردەیەکی سیاسیی گرنگ بووە بۆ هەرێمی کوردستان و لە ماوەی چەند ساڵی رابردودا رۆڵێکی کاریگەری بینیوە نەك هەر لە کوردستاندا، بەڵکو لە تێکرای عێراق و ئەو دەوڵەتانەشدا کە دراوسێی عێراق بوونە.

*** سەبارەت بە پرۆسەی بونیادی دیموکراسی لە کوردستاندا، ئایا لەم لایەنەوە چۆن سەیری کوردستان دەکەن؟**

- بنیاتنانی دیموکراسی رووداوێك نییە، بەڵکو پرۆسەیەکە بە قۆناغ دەپێوریت، بە هەمان شێوە دەبێت پەرە بە پرۆسەی هەڵبژاردن و بنیاتنانی دامەزراوەکا بدرێت لە کوردستاندا، کە ئەم دامەزراوانە مافە تاکەکەسی و مافی گروپەکان زامن دەکەن و زەمانەتی ئەوەش دەکەن بەرپرسە هەڵبژێدراوەکان بە شێوەیەکی شەفافانە و بەپرسیارانە ئەرکەکانی ئەدا بکەن.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین کێشەی گەورەی هەیە لە گەڵ عێراقدا، هەروەها لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا، بۆ نموونە زۆرجار باردۆخەکە گەیشتۆتە ئەوەی هەرەشەی ئەنجامدانی هێرشی سەربازی بکرێت، بەڵام سەرۆك بارزانی سەرکەوتوبووە لە رێگەگرتن لەم حاڵەتە و کێشەکانی بە ئاشتیانە چارەسەرکردووە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم سیاسەت و مەنتیقی بارزانی لێکدەدیتەوە؟**

- حکومەتی هەرێم دو پەیوەندی ستراتیجی و گرنگی هەیە، یەکەمیان لەگەڵ بەغدا ئەوی دیکەیان لەگەڵ ئەنقەرەدا، هەروەها سەرەرای خیتابە ئیستیفزازیەکانی مالیکی، بارزانی نەکەوتۆتە شەڕی لێدوان و شەرە قسەوە لەگەڵیدا، ئەمەش گرنگە لەبەر ئەوەی کوردستان پێویستی بە بوونی پەیوەندیەکی

بنیاتنانی دیموکراسی رووداوێک نییە، بەڵکو پرۆسەیەکە بە قۆناغ دەپێورێت، بە هەمان شێوە دەبێت پەرە بە پرۆسەی هەڵبژاردن و بنیاتنانی دامەزراوەکا بدرێت لە کوردستاندا




بنیاتنەرانە هەیە لەگەڵ بەغدا بۆ ئەوەی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت و یاسای نەوت و گاز تێپەڕێت. هەروەها کوردستان پەیوەندیەکی ستراتیجی و گرنگی هەیە لەگەڵ تورکیادا، لە ماوەی ساڵ و نیوی ڕابردودا بارزانی توانیتی دووبارە ئاشتبونەوەیەك لە نێوان تورکیا و کوردستاندا دروست بکات کە لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش بنیاتنراوە، لە نێویاندا بازرگانی و پەرەپێدانی ووزە.

*** لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردودا تورکیا هەوڵی داگیرکردنی کوردستانی دا،بەڵام بارزانی توانیتی کێشەکە بە ئاشتیانە چارەسەربکات، ئایا پێت وایە مەنتیقی بارزانی بەهێزتربووە لە مەنتیقی دەزگای سەربازی تورکیا؟**

- من پێم وایە سەرکردایەتی کوردستان و سەرکردایەتی تورکیاش بڕیارێکی ستراتیجیان داوە بۆ هاوکاری کردنی یەکتری، لەبەر ئەوەی هەردولا درکیان بەوەکرد بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە کە لە ڕێی هاوکاری کردنەوە دەپارێزرێن، نەك لەڕێی ڕوبەڕوبونەوەوە، دەبێت بە پێی ئەم بناغەیە کاری زیاتر بکرێت بۆ ئەوەی لە بوارەکانی دیکەشدا هاوکاری یەکتری بکرێت.

*** ڕاوبۆچونی ئێوەچیە لەسەر ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان، ئایا کاریگەری چی دەبێت لەسەر ئایندەی کوردستان؟**

- بەرەوپێشبردنی ئەم بوارە-نەوت و گاز- لە کوردستاندا کارێگی ئیجابیە و من پێم وایە بە پەسەندکردنی یاسای نەوت و گاز کە کێشەی دابەشکردنی داهاتەکان چارەسەردەکات، ڕەوتی بەرەوپێشبردنەکە خێراتردەکات، هەروەها پەرەپێدانی کەرتی ووزە لە کوردستان لە بەرژەوەندی کوردستاندایە، لە بەرژەوەندی عێراق، لە بەرژەوەندی تورکیا وڕۆژئاواشدایە.

*** هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فرە نەتەوە و فرە ئاینە، بەڵام گروپە ئاینی و ئیتنیەکان بە گیانی لێبوردنەوە هەڵس و کەوت لەگەڵ یەك دەکەن، ڕاوبۆچونی ئێوە ئیە لەم ڕووەوە؟**

- ڕاستە لە کوردستاندا جیاوازیەکی ئیتنی و ئاینی هەیە، کە گرنگە ئەم جیاوازیانە بە دامەزراوەیی بکرێن لە دەستووری کوردستاندا بچەسپێنرێن.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك لە سایەی سەرۆکایەتی بارزانیدا هۆشیاری سیاسی خەڵکی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ گەشەی کردووە؟**

- لە ڕاستیدا زۆرێك لە خەڵکی کوردستان خەون بە دەوڵەتێکی سەربەخۆوە دەبینن، بەڵام درك بەوەش دەکەن بەرژەوەندیەکانیان باشتر دەپارێزرێت لە عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵدا کە دەسەڵات تێیدا بە نامەرکەزی کرابێت.

*** ڕاوبۆچوونی ئێوە چیە لە سەر ڕۆڵی بارزانی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا یان لە پرۆسەی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا؟**

- سەرۆك بارزانی ڕۆڵێکی بنیاتنەری بینیوە لە پتەوکردنی ئاشتی و بەرەوپێشچوون لە عێراقی دوای سەددامدا، بە هەمان شێوە سەرۆك تاڵەبانیش لە ڕێی بەرپرسیارێتیەکەی خۆیەوە، ئەم دو سەرکردەیە شایستەی ستایشێکی گەورەن لەم ڕووەوە. هەمیشە نەتەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان ئامانجێکی هاوبەشیان هەبووە لە ڕزگاربون لە تاکڕەوی سەددام و لە هێنانەدی ئاشتی و بەرەوپێشچووندا.

*** دوا وتەت چیە؟**

من داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەم بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن، لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەمەریکا و کوردستانیش قوربانی زۆریان داوە بۆ ئەوەی مافی بەشداری کردن بەدەست بهێنن و مومارەسەی بکەن.

**بەرەوپێشبردنی ئەم بوارە– نەوت و گاز– لە کوردستاندا کارێگی ئیجابیە و من پێم وایە بە پەسەندکردنی یاسای نەوت و گاز کە کێشەی دابەشکردنی داهاتەکان چارەسەردەکات، ڕەوتی**

# هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و هۆشیاری سیاسی هاوڵاتیان

## ململانێ و ئاکاری ڕۆژنامەنووس و ڕۆڵی میدیا



بەداخەوە لەگەڵ دەسپێکی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، تێکڕایی ئەو میدیایانەی ناویان لەخۆیان نابوو میدیای ئەهلی و سەربەخۆ لەکوردستان، خۆیان کردە بەشێك لەململانێ سیاسیەکە و هەر بڵاوکراوەیەك بووە زمانحاڵی قەوارەیەکی سیاسیی، ئەم حاڵەت حاڵەتێکی سروشتیە، ئەگەر ستافی ڕۆژنامەکە یان ماس میدیاکە راشکاوانە ئەمە بەجەماوەرەکەی خۆی بڵێت و لێی نەشارێتەوە، کە ئەو ڕۆژنامەیە یان ئەو گۆڤارە لەم هەڵمەتەدا بێ لایەن نییە و ئەوەی بڵاویدەکاتەوە بریتیە لەپروپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ لایەنێکی دیاریکراو، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە، نکۆڵی لەم ڕاستیە بکرێت، یان وەك هەندێك بەناو ڕۆژنامەنووس کاتێك قسە دەکەن بەردەمی خۆیان نابیین و لەرۆژنامە و هۆیەکانی دیکەی ڕاگەیاندن هەرچی نەشیاوبێت و هەرچی تۆمەت بێت، بۆ لایەنەکانی بەرامبەری دروستدەکات و کە قسەش دەکات، دەڵێت : «یەکێك لەئامانجەکانی ئێمە وەك لیستی گۆڕان ئەوەیە پشتگیری لەئازادی ڕۆژنامەوانی و میدیای ئازادبکەین». ئەم قسەیە بێجگە لەگاڵتەکردن بەهەست و نەستی هاوڵاتیان شتێکی دیکە نییە، لەبەرئەوەی یەکەم لایەن کە میدیای ئەهلی و سەربەخۆی تێکەڵاوی سیاسەت کردەووە و نەیهێشت دەنگە جیاواز و ئازادەکان بوونی هەبێت لیستی گۆڕان و کۆمپانیای وشە بوو.

کۆمپانیای وشە هەر لەسەرەتای دامەزراندیەوە تا ئێستا بۆ بەرهەمهێنانی ئەو وشانەیە، کە ئەقڵی لاوەکانمان چەند یەکەیەك دەگێڕێتەوە بۆ دواوە و دەیباتەوە بۆ سەردەمی شاخ و ئەقڵیەتی شۆڕشگێری بۆ رووخان نەك بۆ بونیادنانەوە و داهێنان. بۆ تەجمیدکردنی ئەقڵ و تەجنیدکردنی لاوەکان لە تەلبەندی ئایدۆلۆژیەتێکی ستۆك، ژیاندنەوەی هەندێك وشە و دروشمی بریقەدار کە ئێستا باوی نەماوە، دروستکردنەوەی هەندێك چوارچێوە بۆ موناقەشە و یکتری قبوڵکردن و ڕێزگرتن لەڕای بەرامبەر بۆ گاڵتە پێکردن و قسەی بازاڕی و دوور لە لۆژیکی ئەقڵانی و دەرخستنی ماناکانی ئازادی و پێکەوە ژیان و لێبوردەیی و یەکتری قەبووڵکردن.

ئەم ئاراستەیە لەسەرەوەی لیستی گۆڕانەوە ڕێچکەی گرتووە، لەسەر زاری کەسی یەکەمی لیستی گۆڕانەوە، ئەو ئەقڵییەتە ناشارستانیە ڕێچکە دەگرێت، ئەقڵییەتێك هیچ حیسابێك بۆ بەرامبەر ناهێڵێتەوە، ئەقڵییەتێك هەڵوێستی بەرزترین دامەزراوەی شەرعی وڵات کە پەرلەمانە بە «هیچ و پووچ، بەماوە بەسەرچوو، بەمەجلیسی تەشریعی» ناودەبات، لەپێش هەڵبژاردنەکان، نەوشیروان مستەفا پاکانەی لەوەکرد، کە ئیدی بێجگە لەوتەبێژی رەسمی خۆی کەسی دیکە بۆی نییە بەناوی کەسێکی

نزيك لەنەوشيروان مستەفاوە قسە بكات، بەڵام لەيەكەم بەيانی رەسمی وتەبێژی نەوشيروان مستەفا، ئەوەبوو رايگەياند «ئێمە پابەند نابين بەهيچ بڕيارێكەوە، كە پەرلەمانی ماوە بەسەرچووی كوردستان دەريدەكات». پرسيار لێرەدا ئەوەيە، ئايا ئێوە ئەو مافەتان هەيە، بەوجۆرە بەيان لەكاتی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن دەربكەن، ئەگەر هەتانە شەرعيەتی ئەو بڕيارە لەكوێوە سەرچاوەی گرتووە، لەكاتێكدا، خۆشتان نازانن، ٤ كورسی بەدەستدەهێنن، يان ٦ كورس. ئەم لەخۆ رازيبوون و بەرامبەر بەهيچ نەزانيينە پاشماوەی ئەقڵييەتێكی ستۆكی ديكتاتۆرييە، كە دەيەوێت هەموو كۆمەڵگە لەپاوانی ئايدۆلۆژيەتی خۆيدا بەندبكات، پێيانبڵێين، ئێوە تەماشاكەن، ئێمە لەبری ئێوە بيردەكەينەوە، بەڕاستی ئەم سەردەمە لەجيهاندا بەسەرچوو، بەداخەوە ئێستا خەريكە لەكوردستان زيندوودەبێتەوە.

كێ قازانجی كرد رۆژنامەی ئەهلی و سەربەخۆ لەكوردستان نەما؟

جوانی ئەم هەڵبژاردنە زياتر دەبوو، ئەگەر رۆژنامە ئەهلييەكان، بەتەواوەتی خۆيان وەك زمانحاڵی لايەن يان قەوارەيەكی ساسيی يەكلايی نەكردابايەوە، ئەم رۆژنامانە بەداخەوە، ميسداقيەتی هەنگاوەكانی بەرەو كامڵبوونی ميديای ئازادی خستە ژێر پرسيارەوە، ئەم هەنگاوە گەروەترين گورز بوو لەيەكێك لەگرنگترين كۆڵەگەكانی ديموكراسی لەكوردستان وەشێنرا، لەبەرئەوەی لەپرۆسەيەكی هەڵبژاردندا، ميديای ئازاد و سەربەخۆ بوونی نەبێت، واتە ئەو كۆمەڵگەيە، وەك كۆمەڵگەيەكی ديموكراتی حيسابی بۆ ناكرێت و زياتر پێناسەی كۆمەڵگەی داخراو دەيگرێتەوە، نەك كۆمەڵگەی كراوە.

ئەم راپۆرتە كە لەگۆڤارێكدا بڵاو دەبێتەوە و گۆڤارەكەش يەكێكە لەو بڵاوكراوانەی لەم هەڵمەتە بانگەشە بۆ ليستی كوردستانی دەكات، لەناخی دڵەوە پێی ناخۆشە، كە نەمانی دەنگە ئازادەكان، بەزيان بۆ پرۆسە ديموكراتيەكە دەشكێتەوە و خزمەتی هيچ لايەنێكی سياسيی ناكات، ئەمە بەو مانايە نييە، گلەيی لەوە بكرێت ستافی ئەو ميديايە يان ئەو رۆژنامەنووسانەی لەو ميديا كاردەكەن مافی ئەوەيان نييە دەنگ بەلايەنێكی دياريكراو بدەن، نەخێر قسەی ئێمە لەسەر ئەوە نييە، ئەو رۆژنامەنووسە وەك كەس نەك رۆژنامەنووس ئازادە دەنگی خۆی بەكێ دەدات، بەڵام ئازاد نييە، پيشەی رۆژنامەنووسی بێ مانا بكات، مانای كاری رۆژنامەنووسی پەيوەستە بەو ناسنامەيەی رۆژنامەنووس، لەكاتی رووماڵكردنی كێشەكاندا بۆخۆی دروستدەكات، كاتێك وەك كادرێكی حزبی يان زمانحاڵی لايەنێك سەيری رووداوەكان بكات و بەهەمان ئەقڵييەت رووماڵی بكات و ئەوە هەر ناوێك بۆخۆی دابنێت، پەيوەندی بەرۆشنبير و رۆژنامەنووسی ئازادەوە نييە، ئەمە تانە و تەشەر نييە لەو كەسانەی كە بەداخەوە رووی قسەمان دەيگرێتەوە، بەڵكو گۆڕێنی ناسنامە و ئەركە، دەكرێت كەسێك رۆژنامەنووس بێت و لەئۆرگانی حزبێكی دياريكراودا كاری خۆی بكات، ئەوە رۆژنامەنووسی حزبێكی دياريكراوە و كەسيش گلەيی ئەوەی لێ ناكات لەروانگەی حزبی خۆيەوە سەيری رووداوەكە دەكات، بەڵام كاتێك ئەم رۆژنامەنوسە ئيدعای ئەوە بكات رۆژنامەنووسێكی ئازادە و كاری پرۆفيشناڵی رۆژنامەوانی بەپێی ئيتيكی رۆژنامەوانی ئەنجامدەدات، ئەوە نابێت دڵيگران بێت، دەبێت بەگيانێكی وەرزشی قەبووڵی بكات، كە ئەو نە رۆژنامەنووسی پرۆفيشناڵە و نە بەئيتيكی رۆژنامەوانی كاردەكات، بەڵكو بەئيتيكی ئەو حزبە كاردەكات، كە پێيدەڵێين دەستووری حزبە يان پەيرەوپرۆگرام. سەبارەت بەرۆشنبيرانيش هەمان شتە، نابێت رۆشنبيران دڵيان لەوە زوير بێت، كاتێك مەعريفەی خۆيان دەكەنە بانگەشە بۆ لايەنگيری لايەك و بێ بايەخكردنی لايەنێكی ديكە، ئەوە ئێمە نيين، پێيدەڵێين، ئەوەی ديدی رەخنەيی نەمێنێت رۆشنبير نييە و كادری حزبە. بەڵكو ئەوە خودی رۆشنبيرەكەيە، هێندە لەمەعريفە نائومێد بووە، خۆزگە بۆ رۆشنبيری كادرێكی حزبی دەخوازێت، ئەمە نە پياهەڵدانە بەرۆشنبير نە تانەشە لەكادرە حزبييەكان، نەخێر ئەمە جياكردنەوەی ئەركە دياريكراوەكانی هەريەكەيانە، كۆمەڵگەی ئێمەش وەك سەرجەم كۆمەڵگە ديموكراتيەكانی جيهان پێويستی بەبوونی رۆشنبير و كاردانی حزبيش هەيە، ئەم دووانە پێكەوەجوانن، كە تێكەڵ بكرێن ناشرين دەبن، ناشيرينيەكە هێندەی رووی رۆشنبيرەكە دەگرێتەوە، رووی كادرە حزبيەكە ناگرێتەوە. هۆكاری سادە بۆ ئەم شيكارە ئەوەيە، ئەوە رۆشنبيرەكەيە، لەئەركی رەخنەيی خۆی نائومێد بووە شوێن كادرە حزبيەكە دەكەوێت نەك بەپێچەوانەوە، لەلايەكی ديكە جياكردنەوەی رۆشنبير و كادری حزبی خوانەخواستە بەو مانايە نيە، بڵێين، رۆشنبيرەكە سەرچاوەی هەموو مەعريفەيەكە. كادرە حزبيەكە نەخوێندەوارە، نەخێر زۆر كادری حزبی هەيە، زۆر لەهەندێك رۆشنبير زياتر مەعريفەی لايە، بەڵام لەبەرئەوەی مەعريفەكەی بۆ كاری حزبی و كەسبكردنی خەڵك بەئايدۆلۆژيەتەكەی خۆی بەكاردەهێنيت، رێگەی لێدەگرێت بەديدێكی رەخنەيی سەيری كۆمەڵگە بكات و چاويلكەی حزبەكەی خۆی بۆ لەچاو دەكات، ناتوانێت ئەركی رۆشنبير لەكۆمەڵگە بگێڕێت، بەڵكو ئەركی كادرێكی حزبی جێبەجێ دەكات، بەڵام بەرامبەر كە مەعريفەيەكی كەميشی هەيە، كە بەديدێكی رەخنەيی تەماشای كۆمەڵگە دەكات و تاك هاندەدات ئەقڵانيانە بيربكاتەوە، ئيدی ئەو كەسە ئەركی رۆشنبير راڤەدەكات، ئەمەيە جياوازی نێوان رۆشنبير و كادری حزب.

هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن بەبێ بوونی ميديای ئازاد

ئەو پێشەكيە پێويستبوو بۆئەوەی بتوانين لەسەر ئەرزی واقيع و وەك ئەوەی هەيە پێناسەی هەڵمەتەكانی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن بكەين، هەڵمەتی هەڵبژاردن لەكوردستان بەداخەوە بەپلەی يەكەم ئەوانەی رۆڵی ئۆپۆزسيۆن راڤە دەكەن، بێجگە لەبەشينەوەی ناسنامەی نيشتمانپەروەری بۆ ئەو كەسانەی دژايەتی پارتی و يەكێتی دەكەن، تۆمەت دروستكردن بۆ ئەوانەی بانگەشە بۆ ليستی جياوازدەكەن، شتێكی ديكە نييە، هەندێكجار كە لايەنی كوردستانی بەشێوەيەك لەشێوەكان رۆڵيكی بەرگريكارانە هەڵدەبژێرێت و هەوڵدەدات بەهێمنی ئەوانە بەئاگا بهێنێتەوە و پێيانبڵێت، جوانی ديموكراتی ئەوەيە جێگەی هەموو لايەك دەبێتەوە، تۆ ناتوانی ئيرادەی خەڵك بگۆڕێت، ئەگەر ئەو هەوڵەش بدەيت تۆ ناسنامەی ديموكراتی دەدۆڕێنيت و دەبيتە سەركوتكار، هێندەی ديكە دەچنەوە ئەو قاڵبەی كە بەشێوازی رۆژهەڵاتی رەها قسە بكەن، هيچ ئەگەرێكی راستی نەهێڵنەوە، ئەم حاڵەتە كە بەرهەمی ئەو ئەقڵييەتانەيە، زۆر پرۆڤەيان لەسەر «هەقيقەت و گۆڕانی حەتمی و جەبری كردووە» هەموو شتێك بەرهەمبهێنێت ديموكراتی بەرهەمناهێنێت.



**پرۆفیسۆر دانیاڵ سیمیلۆڤ ئوستادی یاسایە لەزانکۆی ناوەڕاستی ئەوروپا لەبۆدابست و بەڕێوەبەری سەنتەری ستراتیژیی لیبرالیە لەسۆفیای پایتەختی بولگاریا، بۆ قسەکردن لەسەر ماوەی تەرخانکراو بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و رۆڵی راگەیاندن لەم ماوە هەستیارەدا، پرۆفیسۆر سیمیلۆڤ بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

## پرۆفیسۆر دانیاڵ سیمیلۆڤ بۆ گوڵان:

# مانای هەڵمەتی هەڵبژاردن واتە خستنەڕووی بەرنامەی لایەنە سیاسییەکان سەبارەت بەپرسە هەستیار و چارەنوسازەکان

*** ئایا دیموکراسی تەنها سازدان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنە، ئایا هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ئەوەندە گرنگی بەهەڵبژاردن دەدرێت؟**

- لەگەڵ ئەوەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن مەسەلەیەکی گرنگ و بنەڕەتییە، بەڵام ناتوانرێت دیموکراسی لەهەڵبژاردندا کورت بکرێتەوە، دیموکراسی بوونی کۆمەڵێك دامەزراوە لەخۆدەگرێت کە بەکارکردنیان و ئەداکردنی ئەرکەکانیان بەشداردەبن لەسەرخستنی دیموکراسیدا. تەنها ئەنجامدانی هەڵبژاردن سیستمێك دروستدەکات کە تەنها لەڕواڵەتدا دیموکراسیە، هەڵبژاردن تەنها ئامرازێکە و ناکرێت ئەوانەی دەسەڵاتیان گرتەدەست لەم ڕووەوە مومارەسەی دەسەڵاتێکی ڕەها بکەن و هەرگیز دەست لەدەسەڵات هەڵنەگرن، بەڵکو دەبێت ئەو بەرپرسە هەڵبژێردراوانە ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی بکەنەوە، ئەگەرنا خۆ هیتلەریش بە هەڵبژاردن هاتەسەر دەسەڵات، هەروەها دەبێت سەروەری یاسا بسەپێنرێت، دەبێت دەسەڵاتی یاسادانان ڕۆڵی خۆی لە چاودێکردندا ببینێت، دەبێت دەسەڵاتێکی قەزائی سەربەخۆ لە ئارادابێت و ڕێکخراو و لیژنەکانی مافەکانی مرۆڤ ڕۆڵی خۆیان ببینن، دەبێت دەسەڵاتەکان لەیەك جیاکرابێتنەوە ە لێپرسینەوە و لێپێچنەوە بکرێت لە دەسەڵات.

*** ئەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کە زۆر ٤-٦ هەفتە درێژەی دەبێت، ئایا ئەمە هۆکارێکە بۆ گەشەسەندنی دیموکراتی؟**

-لەڕاستیدا هەڵمەتی هەڵبژاردن دەرفەتێکە بۆ ئەوەی هاوڵاتیان و دەنگدەران بەبەرنامە و بانگەشەی لایەنە جیاوازە بەشداربووەکان ئاشنابن، واتە بوارێك دەڕەخسێنیت بۆ ئەوەی پارت و لایەنە سیاسیەکان هەڵبستن بە خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی هەڵوێست و سیاسەتەکانیان لە ئاست پرس و مەسەلە گرنگ و هەستیارەکاندا، ئەمە بە شێوەیەکی گشتی مانای هەڵمەتی هەڵبژاردنە. ئەوەی پەیوەندی بە ئەسڵ و مێژووی ئەم دیاردەیەوە هەبێت ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ دیموکراسیەتی لیبراڵی، بەڵام من ناتوانم دەقا و دەق ڕۆژێك دیاری بکەم لەم ڕووەوە، لەبەر ئەوەی ڕەنگە لە هەر وڵات و کۆمەڵگەیەکدا مێژوو و سەرەتایەکی دیاری کراوی هەبێت.

*** ئایا هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لەوڵاتیکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەگەر دەگۆڕێت هۆکاری ئەو گۆڕانە چییە؟**

- لەڕاستیدا دیموکراسی ئامراز و هۆکارێکە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە، واتە لەبری ئەوەی پەنا بۆ هێز و توندوتیژی ببردرێت بۆ چارەسەرکردنی جیاوازی و ناکۆکیەکان پەنا بۆ دەنگدان و هەڵبژاردن دەبردرێت، بەداخەوە لە زۆرێك لەو وڵاتانەی کە دیموکراسی بناخەیەکی پتەوی نییە ئەم پرۆسەیە سەردەکێشێت بۆ سەرهەڵدان و ڕوودانی توندوتیژی کە بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی دەبێت تایبەتمەندی و هەلومەرجی دیاریکراوی هەر وڵاتێك بەجیا وەربگرین.

*** ئەگەر سەبارەت بەلایەنە بەشداربووەکان بپرسین، ئایا ئەخلاقیاتی پارتە سیاسیەکان لەگەمەی دیموکراسیدا چییە؟**

- ئەوەی پەیوەندی بەئەخلاقیاتی سیاسیەوە هەبێت، ئەوا من پێموایە دەبێت پارتە سیاسیەکان پابەندبن بەبنەما بنەڕەتیەکانی دیموکراسییەوە، بۆ نموونە دەبێت خۆیان پابەندبکەن بەململانێکردنی یەکترەوە بێ ئەوەی پەنا بۆ توندوتیژی ببەن لەدژی یەکتری، هەرچەندە بواری ئەوەیان هەیە کە بیروبۆچونی جیاوازیان هەبێت، یاخود سیاسیەتی جیاوازیان هەبێت بۆ پەرەپێدانی ئابووری، بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و هتد، مەبەستم ئەوەیە دەبێت هەڵسوڕانەکانیان لەچوارچێوەی ڕێسا و

بنەما سەرەکیەکانی دیموکراسیدا بێت.

*** دەزگاکانی ڕاگەیاندن هۆکارێك گرنگ و ڕۆڵێکی کارا دەبینن لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەزگاگەلێکی ئازاد و سەربەخۆن، لە کاتێکدا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات، یاخود لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی ئەم دەزگایانە سەر بە پارتە سیاسیەکانن، یاخود لە لایەن ئەم پارتانەوە کۆنتڕۆڵکراون، پرسیارەکە ئەوەیە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندندا چیە؟**

- بەدڵنیاییەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینن لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، هەروەها ئەوەش ڕاستە کە دەبێت تا ڕاددەیەك ئەم دەزگایانە سەربەخۆبن، یاخود بەلای کەمەوە دەبێت فرەییەك هەبێت لەم دەزگایانەدا، مەبەستم ئەوەیە دەبێت دەرفەتی گوزراشتکردن بۆ تێکڕای گروپ و لایەن و کەمینە جیاوازەکان لەم دەزگایانەدا بڕەخسێنرێت.

*** لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا پارتە سیاسیەکان بەرنامە و بانگەشەکانی خۆیان دەخەنەڕوو، بۆ ئەوەی خەڵك دەنگیان بۆ بدەن، لە کاتێکدا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا پارتە سیاسیەکان هەڵدەستن بە کۆکردنەوەی جەماوەر و پڕوپاگەندەکردن بۆ بەرنامەکانیان، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك هۆشیاری سیاسی هاوڵاتیان کاریگەری لە سەرهەڵمەتی هەڵبژاردنەکان لە سەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەیە؟**

- ڕاستە تاوەکو ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری خەڵك باشتر و بەرزتربێت، ئەوا ڕەنگدانەوەی ئیجابی دەبێت لەسەر پرۆسەکە و لەسەر خودی دیموکراسی خۆی، بەڵام لەدیموکراسی و لەپرۆسەی دەنگداندا ئەوە بەمەرج وەرناگیرێت کە دەبێت هاوڵاتیان و دەنگدەران بەرزترین و باڵاترین ئاستی هۆشیای و ڕۆشنبیریان هەبێت، بەڵکو ئەوەی پێویستە ئەوەیە هاوڵاتیان بتوانن بەشێوەیەکی سەربەخۆ بیربکەنەوە، بەشێوەیەکی سەربەخۆ بڕیاربدەن، واتە لەکاتی بیرکردنەوە و بڕیارداندا بەها و بەرژەوەندیەکانی خۆیان لەبەرچاوبێت و ئیختیارێکی ئاقڵانە بکەن.

*** هەندێك جار بە تایبەتی لەدیموکراتیەکانی ڕۆژ هەڵاتی ناوەراستدا، ئاکامی هەڵبژاردن قەبووڵ ناکرێت ئایا بۆچی ئەم حاڵەتە ڕوودەدات؟**

- من کەسێکی شارەزانیم لەبارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگە هۆکاری ڕەتکردنەوە و نارازیبوون و قەبووڵنەکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە لەلایەن پارتێك یان لایەنێکی دیاریکراوەوە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە باوەڕی وایە هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی ئازادانە و عادیلانە بەڕێوەنەچوونە، یاخود ساختەکاری تێداکراوە و لەبەرژەوەندی لایەنێك دەستکاری کراوە.

*** لە ٢٥ مانگی داهاتو هەڵبژاردنە پەرلەمانی و سەرۆکایەتی ئەنجام دەدرێت، ڕاسپاردەی ئێوە چیە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەم ڕووەوە، پێت وایە دەبێت ڕاگەیاندن لەم دۆخەدا چ ڕۆڵێك بینێت؟**

- هەرچەندە ئەمە ئەرکێکی ئاڵۆزە، بەڵام دەبێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن هاوسەنگی بپارێزن و دەرفەت بۆ تێکڕای بیروبۆچوونە جیاوازەکان بڕەخسێنن بۆ ئەوەی بتوانن گوزارشت لەخۆیان بکەن و دەنگ و پەیامی خۆیان بگەیەنن، بەڵام دەبێت خۆیان پابەندبکەن بە ئەم ئەرکەوە چونکە لە بەرژەوەندی هەمو لایەکە.

**هەڵبژاردن تەنها ئامرازێکە و ناکرێت ئەوانەی دەسەڵاتیان گرتەدەست لەم ڕووەوە مومارەسەی دەسەڵاتێکی ڕەها بکەن و هەرگیز دەست لەدەسەڵات هەڵنەگرن**

**دەبێت پارتە سیاسیەکان پابەندبن بەبنەما بنەڕەتیەکانی دیموکراسییەوە، بۆ نموونە دەبێت خۆیان پابەندبکەن بەململانێکردنی یەکترەوە بێ ئەوەی پەنا بۆ توندوتیژی ببەن لەدژی یەکتری**





**پرۆفیسۆر پیتەر باجیمۆلازەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی بۆدابست و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی میدیا لەناوەراست و رۆژهەڵاتی ئەورووپا و ئێستا سەرقاڵی پرۆژەیەکە بۆ رادیۆ و تەلەفزیۆن لەبولگاریا، هەروەها دیراسەتێکی دیکەی هەیە بۆ چۆنیەتی هەنگاو هەڵگرتن بۆ کۆمەڵگەی کراوە، بۆ قسەکردن لەسەر بەرێوەچوونی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و رۆڵی میدیا لەم پرۆسەیەدا پرۆفیسۆر باجیمۆلازەر بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

## پرۆفیسۆر پیتەر باجیمۆلازەر بۆ گوڵان:

# ئەگەر هەڵبژاردن تەنها بریتی بێت لەگەیشتن بەدەسەڵات، لایەنەکان هەموو هۆکارێک دەگرنەبەر بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان

*** لەکۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا هەر چوار ساڵ جارێك هەڵمەتی هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت و پارتە سیاسیەکان ململانێ دەکەن و پشێویەکی زۆر دروستدەبێت لەنێو خەڵکدا، ئایا هەڵمەتی هەڵبژاردن بەمانای چی دێت و لەچییەوە سەرچاوە دەگرێت؟**

- لەراستیدا دوو جۆر لێکدانەوە و شیکردنەوەیە هەیە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن، یەکەمیان پێیوایە ئامانج لەهەڵمەتی هەڵبژاردن ئەوەیە کە زانیاری پێویست لەبارەی لایەنە رکابەرەکانەوە بدرێت بەدەنگدەران و هاوڵاتیان، بۆئەوەی دواتر خۆیان لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانە ئیختیاری خۆیان بکەن، دووەمیان پێیوایە ئامانج لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکان گەیشتنە بەدەسەڵات، یاخود پاراستنی ئەو دەسەڵاتەیە کە لەئارادایە، واتە لەم پرۆسەیەدا پارت و لایەنەکان هەموو هۆکار و ئامرازێکی مومکین دەگرنەبەر بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان.

*** ئایا دیموکراسی تەنها سازدان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنە، ئایا هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ئەوەندە گرنگی بە هەڵبژاردن دەدرێت؟**

- ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و عادیلانە و بەشێوەیەکی دەوری گرنگی خۆی هەیە، بەڵام دەبێت ئەمە هاوشان بێت بە جیاکردنەوە و سەربەخۆی دەسەڵاتەکان لە یەکتری، بە چەشنیك بتوانن کۆنترۆڵی یەکتری بکەن، هەروەها دەبێت کار بەچەمکی هاوڵاتی مەدەنی بکرێت و ئاین و دەسەڵات لەیەك جیابکرێنەوە.

*** هەڵمەتی هەڵبژاردن لەئەورووپای رۆژئاوا سەریهەڵدا، بەڵام حاڵی حازر لەسەرتاسەری جیهاندا پیادە و پەیرەودەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی هەیە لەنێواندا ئەنجامدانی ئەم هەڵمەتە لەوڵاتە ئەورووپیەکاندا بەبەراورد بەو وڵاتانەی لەسەرەتای پرۆسەی پەرەپێدانی دیموکراسیدان، بۆ نموونە لەئەورووپادا، هەڵمەتەکە بەئاشتیانە بەرێوەدەچێت بەپێچەوانەی ئەو وڵاتانەی لەسەرەتای پرۆسەکەدان، ئایا هۆکار و سەرچاوەی بوونی ئەم جیاوازیە بۆچی دەگەرێنیتەوە؟**

- ئەوە پرسیارێکی گرنگە و رەنگە نەتوانم وەڵامی بدەمەوە، ئەمە پێویستی بەبنیاتنانی دامەزراوەکان دەبێت، بەبوونی ئەو دەزگا راگەیاندنانەی دەتوانن دەرفەت بۆ بڵاوکردنەوە و گەیاندنی بیروبۆچونە جیاوازەکان برەخسێنن، واتە بوونی دەزگای راگەیاندنی سەربەخۆ، کە لەم رووەوە جیاوازیەکی زۆر بەدی دەکرێت لەنێوان دیموکراسیەتە سەقامگیرەکان و ئەو وڵاتانەی لەسەرەتای پرۆسەی پەرەپێدانی دیموکراسیدان.

*** ئێمە دەزانین هەلومەرجی هەڵبژاردن پەیوەستە بەبنچینەکانی گەمەی دیموکراسیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بنەماکانی دیموکراسی بۆ تێکشکاندنی خودی دیموکراسی بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە لەمیسردا هەڵبژاردن بۆ دووبارە شەرعیەتپێدانەوەیە بەدەسەڵاتی حکومڕان، ئایا ئەخلاقیاتی پارتە سیاسیەکان لەگەمەی دیموکراسیدا چییە؟**

- من پێموایە دەبێت بریاربەدەست و بەرپرسەکان ئەو راستەیەیان لا روون بێت کە ئەگەر شێواز و رێگا نادیموکراسیەکان بگرنەبەر، ئەگەر هەر لایەنێك پەنا بۆ کارێکی نادیموکراتی ببات، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەبێت ئامادەبێ باجەکەی بدات، بەچەشنی ئەوەی ئێستا لەئێراندا دەیبنینین.

*** دەزگاکانی راگەیاندن هۆکارێك گرنگ و رۆڵێکی کارا دەبینن لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، لە وڵاتانی رۆژئاوا دەزگاکانی راگەیاندن دەزگاگەلێکی ئازاد و سەربەخۆن، لە کاتێکدا لە وڵاتانی رۆژهەڵات، یاخود لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بە گشتی ئەم دەزگایانە سەر بە پارتە سیاسیەکانن، یاخود لە لایەن ئەم پارتانەوە کۆنترۆڵکراون، پرسیارەکە**

**ئەوەیە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندندا چیە؟**

- ئەگەر ڕاگەیاندن لەلایەن دەوڵەتەوە یان پارتێکی سیاسی دیاریکراوەوە کۆنترۆڵکرابێت، ئەوا دەبێتە ئامرازێکی بۆ پاوانکردن، کە بە زۆری لە سیستەمە شمولیەکاندا ئەم حاڵەتە بەدی دەکەین، ئەمە لە کاتێکدا لە سیستەمە دیموکراسیەکاندا ڕاگەیاندن ڕۆڵی گەیاندنی بیروبۆچونە جیاوازەکان دەبینێت، ڕۆڵی چاودێریکردن و ئاشکراکردنی پێشێلیکاری و گەندەڵیەکان دەبینێت، واتە دەبێت ئامرازێك بەدەست خەڵکەوە بۆ ئەوەی حکومەت ناچاربکەن لە ئاست بەرپرسیارێتیەکانیدا بێت و شەفافانە کاربکات، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە ڕاگەیاندن هەم لەڕووی سیاسی و هەم لەڕووی ئابووریەوە سەربەخۆ بێت.

*** لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا پارتە سیاسیەکان بەرنامە و بانگەشەکانی خۆیان دەخەنەڕوو، بۆ ئەوەی خەڵك دەنگیان بۆ بدەن، لەکاتێکدا لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا پارتە سیاسیەکان هەڵدەستن بەکۆکردنەوەی جەماوەر و پڕوپاگەندەکردن بۆ بەرنامەکانیان، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك هۆشیاری سیاسی هاوڵاتیان کاریگەری لەسەرهەڵمەتی هەڵبژاردنەکان لەسەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەیە؟**

- لەڕاستیدا بارودۆخە بە ڕەوتێکی خێرا دەگۆڕێت، هەروەها ئێستا هۆکارەکانی وەك مۆبایل و ئەنتەرنێت دەبنەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و وێنەکان و دواتر دەگەنە تەلەڤزیۆنەکان، بۆیە لەومەودا ناتوانرێت بەتەواوەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کۆنترۆڵ و چاودێری بکرێن.

*** لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا پارتە سیاسیەکان تاوەکو ئاشکراکردنی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان ململانێی یەك دەکەن، بەڵام لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە پارتە سیاسیەکان دەکەونە ململانێیەوە لەگەڵ یەکدا، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی پارتە سیاسیەکان لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەشێوەیەکی گشتی بەئاسانی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان قەبوڵ ناکەن؟**

- بوونی ئەو حاڵەتەی لە وڵاتانی ئەوروپادا بەدیدەکرێت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە بەردەوام موومارەسەی ئەم پرۆسەیە دەکرێت و بەردەوام هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت لە وڵاتانەدا، بۆ نموونە هەڵبژاردنی پەرلەمانی، هەڵبژاردنی مەحەلی، هەڵبژاردنی یەکێتی ئەوروپا و چەندین ڕاپرسی لەسەر مەسەلە جیاوازەکان.

*** لە ٢٥ ساڵی داهاتوو هەڵبژاردنە پەرلەمانی و سەرۆکایەتی ئەنجام دەدرێت، ڕاسپاردەی ئێوە چیە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەم ڕووەوە، پێت وایە دەبێت ڕاگەیاندن لەم دۆخەدا چ ڕۆڵێك ببینێت؟**

- بەڵام من ئەوەندە دەڵێم کە ڕاگەیاندن ئازاد ئامانجێك نیە ڕابگەیەنین و بڵێین بەدەستمانهێناوە و ئەرکمان تەواو بووە، بەڵکو دەبێت بەبەردەوامی کار و کۆششی بۆ بکەن.



ئەگەر هەر لایەنێك پەنا بۆ کارێکی نادیموکراتی ببات، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەبێت ئامادەبێ باجەکەی بدات، بەچەشنی ئەوەی ئێستا لەئێراندا دەیبینین

ئێستا هۆکارەکانی وەک مۆبایل و ئەنتەرنێت دەبنەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و وێنەکان و دواتر دەگەنە تەلەڤزیۆنەکان، بۆیە لەومەودا ناتوانرێت بەتەواوەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کۆنترۆڵ و چاودێری بکرێن



# ئاسایشی نەتەوەیی واتە ئاسایشی دەوڵەت و زەمینەسازی بۆ ئاشتی و پیادەکردنی سەروەریی یاسا

ئاسایشی دەوڵەت دابینکردنی ئاسایشە بۆ کۆی تاکەکانی کۆمەڵ، پاراستنی ئاسایشیش ئەرکی سەرشانی هەر تاکێکی کۆمەڵە کە بەشداربێت لە پاراستنی ئاسایشی خۆی بۆ ئەوەی ئاسایشی نەتەوە(دەوڵەت) پارێزراو بێت، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵ هەریەکێکیان بە جیا ئاسایشی خۆی بپارێزێت، ئایا باردۆخی کۆمەڵگە چۆن دەبێت؟ بە گەڕانەوەمان بۆ پرانسیپی حکومڕانی تاك لە کۆمەڵگەی دیموکراتی و لیبڕالی و بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی تاك چۆن لەو کۆمەڵگایانە حکومڕانی دەکات؟ دەگەینە ئەو وەڵامە لۆژیکییەی کە تاك بۆ ئەوەی راستەوخۆ حکومڕانی خۆی بکات و بڕیارەکانی دەوڵەت رەنگدانەوەی ئیرادەی تاك بن، دەبێت تاکەکان بەرێگەی سندووقی دەنگدان و لە چوارچێوەی ئەو ماف و ئازادیانەی لە دەستووردا هاتوون، نوێنەری خۆی هەڵبژێرێت بۆ پەرلەمان، بۆ ئەوەی نوێنەرەکانی لە ناو پەرلەمان ئەو یاسایانە دابڕێژن کە دەبنە دەربڕی ئیرادەی ئەو تاکانەی دەنگیان بۆ ئەو پەرلەمانە داوە.ئەمە پێمان دەڵێت حکومڕانی لە کۆمەڵگەی لیبرال و لیبرال دیموکراتی بە سیستەمی نوێنەرایەتی گەل دەکرێت، بەڵام ئەم سیستەمی نوێنەرایەتیە مافی حکومڕانی لە تاك وەرناگرێتەوە، راستە سەرجەم تاکەکان لە پرۆسەی یاسادانان و جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارەکان بەشدار نابن، بەڵام هەموویان لە لێپرسینەوە لەگەڵ دەسەڵاتی خۆیان بەشدار دەبن، هەر چوار ساڵ جارێك ئەو نوێنەرانەی هەڵیبژاردوون دادگایی دەکات و بە شێوەیەکی ئاشتیانە دەیانگۆڕێت و نوێنەری دیکە دەستنیشان دەکات، ئەم میکانیزمە لەگەڵ ئەوەی باشترین میکانیزم نییە، بۆ رەنگدانەوەی ئیرادەی تاك لە حکومڕانیدا، بەڵام بەبەراورد لە میکانیزمی هەموو سیستەمەکانی دیکە باشترە، باشی ئەم میکانیزمە ئەوەیە، چەند ئەم پرۆسەیە بەردەوام بێت، سیستەمەکە زیاتر دەچەسپێت و حکومەت و نوێنەرانی پەرلەمان ئاسانتر و ئاشتیانەتر دەگۆڕێن، ئەمەش واتە حکومەت یان دەسەڵات، فریای ئەوە ناکەوێت، یان ئەگەر فریاش بکەوێت دەسەڵات خراپ بەکاربهێنێت، ئەوا تەمەنی ئەو خراپ بەکارهێنانە کورت دەبێت و گەل بە شێوەیەکی ئاشتیانە دادگایی دەکات.
ئەمە پێچەوانەی دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکانە بۆ نموونە کوبا، لە ساڵی ١٩٥٩ ەوە کاسترۆ حکومڕانی کوبایە، ئێستا ٢٠٠٩ واتە بە درێژایی ٥٠ ساڵ، هێشتا گەل بواری ئەوەی بۆ نەرەخساوە لە حکومەت یان دەسەڵاتی وڵاتی خۆی بپرسێتەوە.
ئەم چەند دێرە بۆ ئەوە بوو بڵێین، تاکەکان

بەڕێوەبردنی دەوڵەت بە نوێنەرەکانی خۆیان و ئەو دامودەزگایانەی دەوڵەت دەسپێرن، کە پێش هەموو شت توانای ئەوەی هەبێت ئاسایشی تاکەکان یان ئاسایشی دەوڵەت یان ئاسایشی نەتەوە بپارێزن.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئاسایشی نەتەوەیی، بچووکردنەوەی ئاسایشی دەوڵەت نییە لە ئاسیاشی نیشتمانیەوە بۆ ئاسایشی نەتەوە، بێگومان ئاسایشی نەتەوەیی لە بنەرەتدا واتە ئاسایشی دەوڵەت، دەوڵەتیش لە بنەڕەتدا (مەبەست لە بونیادی دەوڵەتی هاوچەرخە) واتە دەوڵەتی نەتەوەیی، شەڕەکانیش کە روویانداوە شەڕی گەل و نەتەوەکان بووە، هەتا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان، هەر بۆیە ئاسایشی دەوڵەتیش ئاسایشی تاکەکانی نەتەوە بووە. بەڵام پرسیارێکی دیکە لێرەدا سەرهەڵدات، ئایا هەموو دەوڵەتەکانی ئەورورپا، دەوڵەتی هامۆجینی یەك نەتەوە بوون و، نەتەوەی دیکەیان لە گەڵدا نەژیاوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا دەڵێین کەم دەوڵەتی ئەوروپی هەیە، دەوڵەتێکی هامۆجینی یەك نەتەوەیی بێت.بەڵام دەوڵەتی فرە نەتەوەیی، یان پێکەوە لکاندنی بەشێك لە خاکی نەتەوەیەك بە دەوڵەتێکی دیکەوە، ئامانج لێی تێکەڵاوکردن، یان پێکهێنانی دەوڵەتی فرەیی و پێکەوە ژیان نەبووە، بەڵکو ئەم پێکەوە لکاندنە، میکانیزمێك بووە، بۆ پاراستنی ئەو دەوڵەتەی کە ناسنامەی نەتەوەیی سەردەست بووە، ئەم زوڵمە مێژووییەی بە درێژایی چەندین سەدە لە نەتەوەکان کراوە، هەڵەیەکی مێژوویی سەردەمی فراوانخوازی ئیمپریالیزمی جیهانی بووە، کە بەبێ حسابکردن بۆ ئیرادەی تاکەکانی نەتەوەکان، خاکی ئەم نەتەوەیەیان لکاندووە بە خاکی ئەو نەتەوەیەی کە لەبەرژەوەندی خۆیاندا بووە، یان دابەشکردنی بەشی دەسکەوتەکان وەك داهات و دەسکەوتی شەڕ، لە ژوورە داخراوەکان و بە پێی راستە لەسەر نەخشە بەشەکان دابەشکراون، هەربۆیە زۆر لە بەشەکان لە نێوان زلهێزەکاندا ئاڵوێری لەسەر کراوە، هەر بۆ نموونە ویلایەتی موسڵ، بەپێی رێککەوتنی سایکس بیکۆ، بەشێك بووە،لە بەرکەوتەی فەرەنسا، بەڵام دوای شەڕ ئەم بەشە درایەوە بەریتانیا و خرایە سەر ئەو عێراقەی کە بۆ چارەسەرکردنی کێشە پادشایەتی بنەماڵەی هاشمیەکان دروستکرا،کەواتە هەتا ئەم ساتەش ئاسایشی نەتەوەیی ئێمە، وەك بەشێکە لە ئاسایشی دەوڵەتی عێراق، کە هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە میکانزمی ئەو ئاسایشە سەیر دەکات، نەك میکانیزمێك هەبێت، بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی یان نەتەوەیی کوردستان.

## پێناسەی ئاسیاشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان

ئەگەر لەو چوارچێوە گشتیەوە بێینە سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان و، بپرسین،کە ئاسایشی ئێمە یان ئاسایشی نەتەوەیی ئێمە، میکانیزمێك بێت، بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی یان نیشتمانی عێراق، ئایا بۆچی پاراستنی ئەو ئاسایشە گرنگە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لەو خاڵەوە دەدرێتەوە،کە کورد یان کوردستانیەکانی هەرێم،بڕیاری جیابوونەوەیان لە عێراق نەداوە، هەتا ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی دابڕێژن و، بڕیار بدەن ئەم ئەرکە قورسە دەگرنە ئەستۆی خۆیان، بەڵکو لە دوای راپەڕینەوە، حکومەتی ئەو کاتی عێراق بە کشانەوەی دامودەزگا دەوڵەتیەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان، پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی بۆ دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان بە جێهێشت، بەو ئومێدەی هەرێمی کوردستان ببێتە ئاژاوە و هۆکاری دەستێوەردانی ئیقلیمی و پەڕینەوەی کێشەکە لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ دەوڵەتانی دراوسێ و پاشان بە ناوی گێڕانەوی ئاسایشەوە سەرلەنوێ هەرێمی کوردستان داگیر بکرێتەوە، بەو ئومێدەی ئەگەر هاوپەیمانان لە رێگەی ناوچەی دژە فڕینەوە، هەرێمی کوردستان لە دەستێوەردانی دەرەکیش بپارێزن، لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان ئاژاوەیەك دروست بێت، پریشکی ئەو ئاژاوەیە دەوروبەر بگرێتەوە.

لەم خاڵەوە پاراستنی ئاسایشی کوردستان، وەك پاراستنی دەوڵەتێکی دیفاکتۆ (ئەمری واقیع) لە ناوەخۆوە کەوتە سەر شانی دوو هێزە سەرەکیەکەی کوردستان پارتی ویەکێتی،لەسەر ئاستی دەرەوەش کەوتە سەر شانی هاوپەیمانان، کە لە پێگەی ئەنجەرلیکەوە سەروو هێڵی **٣٦** یان دەپاراست، ئەم پاراستنە نێودەوڵەتیە بۆ باری دیفاکتۆی هەرێمی کوردستان، جێگەی ئەو بریار و یاسا نێودەوڵەتیانەی گرتبووەوە، کە بەرێگەی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەوڵەتانی خاوەن سەروەریی دەپارێزن، بەڵام هەرێمی کوردستان دەوڵەتی دیکفاتۆ بوو، نەك دەوڵەتی خاوەن سەروەریی،بۆیە ئەرکی پابەندبوونی بە یاسا وبریارە نێو دەوڵەتیەکانی دەکەوتە سەرشان، کەواتە ئەرکی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان بوو، بنەمای هاوسێیەتی باش(حسن الجوار) لەگەڵ دراوسێکانی پیادەبکات و رێگە نەدات هەرێمی کوردستان ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ئەوان، بەڵام مافی ئەوەی نەبوو داوای پرۆتۆکول و مامەڵەی هاوسێیەتی باش لە دراوسێکانی بکات، هەر بۆ نموونە، ئەگەر تورکیا یان ئێران سنوری هەرێمی کوردستانی ببەزاندایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو مافەی نەبوو، نارەزایی دژی ئێران لە نەتەوە یەکگرتوەکان بەرز بکاتەوە، بەرزیشی بکردایەوە گوێی لێ نەدەگیرا، ئەمەش لەبەر هۆکارێکی زۆر سادە، هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی ئەندامی نەتەوە یەکگرتوەکان نەبوو،تەنانەت مافی ئەوەشی پێنەدراوە وەك چاودێر بەشداری کۆبونەوەکانی نەتەوەیەکگرتوەکانیش بکات.

دۆستەکانمان بە درێژایی ساڵانی ١٩٩٢ -٢٠٠٣ هەستیان دەکرد ئێمە بە قۆناخێکی گەلێك ناسك و هەستیار و تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی هەستیاردا تێدەپەرین، بۆیە بەردەوام جەختیان لێدەکردینەوە، ئایندەتان لە یەکریزی ناو ماڵی خۆتاندایە،ئەمەش واتە ئەگەر دەتانەوێت،ئایندەتان هەبێت،دەبێت پارتی ویەکێتی لەم قۆناخە هەستیارە پێکەوە و بەیەك هەڵوێست ئەم قۆناخە تێپەرێنن، راستە پارتی ویەکێتی لەسەرەتاوە بە هۆی کێشەی ناوخۆوە، کە بنەماکەی دەستپێکێکی هەڵە بوو بۆ بونیادی دیموکراتی لە کوردستاندا (سیستەمی فیفتی فیفتی )، بەڵام سەرەنجام پێش پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، ئەم هەڵەیە راستکرایەوە و هەنگاوێکی گرنگ و مێژوویی، بۆ یەك هەڵوێستی کورد و یەکریزی کوردستانیەکان بۆ ئازادکردنی عێراق هەڵگیرا، کەشوهەوای سەقامگیری هەرێمی کوردستان بووە وێستگەی یەکەمی کۆبوونەوەی سەرجەم ئۆپۆزسیونی عێراقی بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی ئازادی عێراقدا.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە، بۆ پێناسەی سەرەتای چەمکی ئاسایشی نیشتمانی کە بە ئاسایشی هەرتاکێك و ئەرکی هەر تاکێك پێناسەمان کرد، ئایا هەموو تاکێکی کوردستان راستەو خۆ بەم ئەرکە هەستان،یان لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستاندا دەزگایەك بۆ ئەم ئەرکە

**ئاسایش و سەقامگیری کوردستان وەک دەسکەوت بۆ حکومەت و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەخوێنرێتەوە**

**فەراهەمکردنی ئەم ئاسایش و سەقامگیریە، کوردستانی لەبەشەکانی دیکەی عێراق جیاکردۆتەوە**

**پاراستنی ئاسایش وسەقامگیری هاوڵاتیان، لە وڵاتی سەقامگیر و دیموکراتیدا، هەتا ئەو کاتەی مەترسیەکە لە دیواربەندی پیاوانی پارێزەری ئاسایشەوە دزە نەکات بۆ کۆمەڵگە، هەست بە مەترسیەکەی ناکرێت**

پێکهێنرا،لەوەڵامدا دەڵێن، لەسەرەتادا، ئەم ئەرکە ئەرکێکی هاوبەشی پارتە سیاسیەکان بوو، کە هاوکات لەگەڵ هەماهەنگی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش، ئەم ئەرکە گرنگەی لە ئەستۆ گرتبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دیفاکتۆی پاراستنی ئاسایشی هەرێم بەکردەیی ببووە،ئەرکی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی کوردستان، بۆیە وەك یەکێك لە دامەزراوە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان کە ئەرکی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی کوردستانی پێسپێرێت،ئاژانسی پاراستنی کوردستان، وەك دەزگایەکی فەرمی و یاسایی لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کرا، کەواتە ئاژانسی پاراستنی کوردستان لە دەزگایەکی حزبییەوە، گۆردرا بۆ دەزگایەکی نیشتمانی، ئەرکەکەشی لە پاراستنی ئاسیشی حزبەوە گۆڕدرا بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی.

به فەرمی ناساندنی ئاژانسی پاراستنی کوردستان،لەلایەن پەرلەمانی کوردستان، بووە سەرەتایەك بۆ دارشتنی ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی فیدراڵی کوردستان لە چوار چێوەی عێراقدا، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا دەستووری عێراق رێگە بەمە دەدات؟ یان ئایا ئەمە نابێتە خروقات بۆ دەسەڵاتی حەسری حکومەتی فیدراڵی ناوەند.؟ لەوەڵامی ئەمەشدا دەڵێن نەخێر، لەبەر ئەوەی دەستووری عێراق رێگەی داوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بێتە بەشێك لە سوپای عێراق بە ناوی پاسەوانی کوردستان یان گاردی کوردستان، واتە چۆن هێزی پێشمەرگە پاسەوانی هەرێمی کوردستانە و بەشێکیشە لە سوپای عێراق، چۆن پاسەوانی هەرێمی کوردستان دەکات، ئەواش ئامادەباشی تێدایە ئەگەر حکومەتی فیدراڵی ناوەند داوا بکات،بچنە ناوچەکانی دیکەی عێراق، بە هەمان پێوانە دەستووری عێراق ئەو مافەی داوە بە هەرێمی کوردستان خۆی ئاسایشی خۆی بپارێزێت و بەبێ رەزامەندی پەرلەمانی کوردستان سوپای عێراق بۆی نییە بە هیچ بیانوویەك بێتە ناو کوردستانەوە، ئەمەش واتە بەپێی دەستووری عێراق، هەرێمی کوردستان ئەرکی سەرشانی خۆیەتی هەرێمەکەی خۆی بپارێزێت، ئەمە مانای ئەوە نییە، سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بەشێك نین لە سنوورە نێودەوڵەتیەکانی عێراق،بەڵکو وەك بەشێك لە عێراق، هەرێمی کوردستان ئەو ئامادەباشیەی هەیە کە بتوانێت هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە عێراقی فیدراڵی بپارێزێت، کاتێکیش هەڕەشەکان لە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرچوو، پەرلەمانی کوردستان بە پێویستی زانی پێویستە هەموو عێراقیەکان بەرگری لە ئاسایشی عێراق بکەن لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستانەوە، ئەوا پەرلەمانی کوردستان داوا لە حکومەتی فیدراڵی ناوەند دەکات،هێزی پێویست بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بنێرێت بۆ سنوورەکانی هەرێمی کوردستان هەتا مەترسیەکە دەڕەوێتەوە، هەروەك چۆن حکومەتی ناوەندی عێراق داوای لە گاردی کوردستان کرد لە پرۆسەی دابینکردنی ئاسایش لە بەغدا و دیالە و موسڵ و تکریت بەشداری بکەن.

ئەم واقیعە، پێناسەیەکی تایبەتی بۆ ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان دروستکردووە، کە ئاسایش و سەقامگیری کوردستان وەك دەسکەوت بۆ حکومەت و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەخوێنرێتەوە، هەربۆیە، فەراهەمکردنی ئەم ئاسایش و سەقامگیریە، کوردستانی لەبەشەکانی دیکەی عێراق جیاکردۆتەوە، ئێستا کوردستان بۆتە وێستگەی کارکردنی فیعلی کۆنسولخانە بیانیەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، لەهەمووشی گرنگتر بۆتە وێستگەیەکی گرنگی بووژانەوەی ئابووری و دەروازەیەك بۆ ئاوەدانکردنەوە و رێکخستنەوەی ژێرخانی ئابوری عێراقیش.

## ئایا مەترسی لەسەر ئاسایشی کوردستان هەیە؟

ئەگەر مەترسی نەمێنێت، واتە ئاسایش پێناسەی نامێنێت،بۆیە دەبێت هەموو کات دەزگای راسپێردراو بەو جۆرە سەیری ئاسایش بکات، کە ئاسایش لە مەترسیدایە، وەك چۆن جیمس بێکەر وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا لە پۆستی بووشی باوکدا، لە کتێبی (السیاسە الدبلوماسیە) ئاماژەی پێکردووە، هەر گیز لای پیاوانی پارێزەری ئاسایش، ئاسایش بەرقەرار نابێت، هەموو کات ئاسایش لەمەترسیدایە، بۆیە دەبێت بەردەوام بەدوای ئەوەدا بگەرێین،ئەو مەترسیانەی رووبەرووی ئاسایش دەبنەوە دووریبخەنەوە، پاراستنی ئاسایش وسەقامگیری هاوڵاتیان،لە وڵاتی سەقامگیر و دیموکراتیدا، هەتا ئەو کاتەی مەترسیەکە لە دیواربەندی پیاوانی پارێزەری ئاسایشەوە دزە نەکات بۆ کۆمەڵگە، هەست بە مەترسیەکەی ناکرێت، هەروەك چۆن پێش کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر، کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەمریکا (کە هەتا ئێستا نموونەی سیستەمی لیبرال دیموکراتیە لە جیهاندا)گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی هیچ هێزێك نییە هەڕەشە لە ئاسایشی ئەمریکا، تەنانەت لەناو دەوڵەتی ئەمریکاشدا قەناعەتێك دروست بوو بوو. کە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەو دیو ئەتڵەسی و پاسفیکەوە دەست پێدەکات.بەڵام ١١ی سێپتەمبەر ئەم قەناعەتەی پێچەوانە کردەوە،، کە پاراستنی ئاسایشی ئەمریکا، لە شەقامەکانی نیویۆرك و واشنتۆنەوە دەست پێدەکات و مەترسیەکان لە ناو ئەمریکاوە سەرچاوە دەگرن، ئەمە وەڵامێکە بۆ بێئاگایی و فروفێڵی ئەو ئایدۆلۆژیە مەبەستدارانەی کە بانگێشەی ئەوە دەکەن، ئێستا ئاسایشی هەرێمی کوردستان هیچ مەترسیەکی لەسەر نییە، بێگومان راستە ئێمە وەك هاوڵاتی هەستدەکەین کەشێکی سەقامگیر و ئاسایش فەراهەم بووە، بەڵام ئەم کەشە سەقامگیر و ئارامە بەرەنجامی ئەوە نییە، کە مەترسیەکان رەویونەتەوە، بەڵکو بەرەنجامی هەوڵ و شەونخوونی پیاوانی پارێزەری ئاسایش و لێهاتوویی ئاژانسی پاراستنی کوردستانە.

## ئایا ئاسایشی نیشتمانی تەنها سەقامگیری دەگرێتەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە دەکرێت بڵێین بەڵێ، ئاسایشی نیشتمانی واتە سەقامگیریی، بەڵام سەقامگیری بە مانا فراوانەکەی نەك تەنها بە مانای دابینکردنی ئاسایش و بەس. بەڵام کە بۆ هەرێمێکی وەك هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی سەقامگیری بە مانای دابینکردنی ئاسایش کورتدەکەینەوە، لەبەر ئەوەیە نەمانی کەشوهەوای سەقامگیر و ئاسایش، هەموو لایەنەکانی دیکەی ئاسایشی نیشتمانیمان دەخەنە مەترسیەوە، هەر بۆنموونە، ئەمرۆ لە کوردستاندا، هێندەی تیرۆر و دەستی تێکدەر هەرەشەیە بۆسەر ئاسایشی کوردستان، هێندە مەترسی مادە هۆشبەرەکان مەترسی نین، کە دەڵێین مەترسی نیین، مەبەستمان ئەوە نییە، بڵاو بوونەوەی مادە هۆشبەرەکان ئاسایین، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە، بێجگە لە پیاوانی پارێزەری ئاسایش،کۆمەڵگەش رێگە نادات ئەم دیاردەیە بڵاو بێتەوە،بۆیە ئەخلاقی کۆمەڵگەی ئێمە یان پیشاندانی چەند کەسێك لەسەر تەلەفزیۆن کە خەریکی بڵاوکردنەوەی مادەی هۆشبەرن، لەوانەیە

بـــەس بێـــت بۆئـــەوەی ســـنوورێك بۆ ئەم مەترســـیە دابنرێت، یان ئاسایشی خۆراك، کە ئێمە لە قۆناخی بونیادنانەوەداین، هێشتا هێندە نەکەوتووینەتە ســـەرپێی خۆمان، کە پشـــت بەبەرهەمی خۆمان ببەســـتین، یان نەگەیشـــتووینە ئەو ئاستەی دەستی تێکدەر هەوڵبدەن، بەرێگەی هەڕەشەکردن لە ئاسایشی خۆراکمان مەترسیمان بۆ درروست بکەن،بۆیە ناکرێـــت ئەولەویەتی دابینکردنی ئاســـایش و ســـەقامگیری لەگەڵ ئاسایشی خۆراك بەراورد بکرێت، یان ئاسایشی ئابووریمان بەو رادەیە پێشـــنەکەوتووە، کە قەیرانی جیهانی کاریگەری زۆر سلبی لەسەر دروست بکات، ئێمە ئەوەی هەمانەو نیمانە ٤ ســـاڵە بەشێك لە بودجەی عێـــراق وەردەگرین،٪٧٠ی ئەو بودجەیەش وەك مووچە دابەشدەکرێت، ئێستا ئێمە تایوان نییـــن، ئەندامی WTO بین و قەیرانی جیهانی کاریگەری راستەوخۆی لە سەر ئاسایشی ئابووریمان یان سەقامگیری ئابووریمان دروســـت بکات، پرســـیار لێرەدا ئەوەیـــە، ئایا ئـــەم لایەنانـــە گرنگ نین؟ بێگومـــان زۆر گرنگـــن، بەڵام باشـــترین نموونە بۆ ئێستای کوردســـتان ئەوەیە، ئایا لە ســـەدا چەندی کوردســـتان ئـــاگاداری ئەوەیە هۆکارەکانی قەیرانی ئابووری جیهان چین؟، ئەم نەزانینە پەیوەســـت نییە بەوەی، میللەتی ئێمە ناهۆشـــیارە، نەخێر پەوەیستە بەوەی کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ئێمە نییـــە، بۆ نموونە یەکێك لـــە هۆکارەکان کە چاودێرانی باردۆخی تورکیا لە هەڵبژاردنی شـــارەوانیەکانی تورکیا بـــۆ دەنگی کەمی پارتی دادو گەشـــەپێدان، ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کـــە یەکێك لە هـــۆکارەکان قەیرانی ئابووری جیهانیە، بەڵام ئایا لە کوردســـتان قەیرانی ئابـــووری جیهانی بۆتە هۆکار بۆ هیچ کێشەیەك؟بۆیە ئەولەویەت لە ئاسایشی هەرێمی کوردســـتان دابینکردن و بەردەوامی ئەو ســـەقامگیرییە کە لەهەرێمی کوردستان دابینکراوە،لەبـــەر ئـــەوەی ئـــەم لایەنەش گرنگترین لایەنە کە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ئاسایشی نیشتمانیمان دەبێت، هەموو مەترسیەکان لەسەر ئەو خاڵە کۆدەبنەوە.

## چۆن دابینکردنی سەقامگیری دەبێتە بنەما بۆ ئاشتی و پیادەکردنی سەروەریی یاسا؟

دابینکردنی ســـەقامگیریش، وەك بونیادی دیموکراتـــی، گەلێك جار بەپێی مەبەســـت و خواســـتی دەســـەڵات پێناســـەی بـــۆ دادەتاشـــرێت،بۆ نموونە ئێستا لە تورکیا بە بیانووی ئەوەی ناوی حزبی ئیسلامی، واتە ئەگەر لەبری پارتی داد وگەشـــەپێدان بڵێن (پارتی داد وگەشەپێدانی ئیسلامی تورکیا) یان (DTP پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی، ئەگەر ببێت بە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی کـــورد لە تورکیا) دەبنە هەڕەشـــە بۆســـەر ئاسایشی دەوڵەتی تورکیا، کەواتە بۆ ئەوەی ســـەقامگیری وڵات تێکنەچێت،دەبێت هیچ پارتێکـــی نەتەوەیی و ئایینی بوونی نەبێت، ئەمە لەمیسر و تونسیش بەتایبەتی بۆ حزبە ئیسلامیەکان بەوجۆرەن.

ئەمجـــۆرە بیرکردنەوەیـــە بـــۆ پاراســـتنی ســـەقامگیری، خـــۆی دەبێتـــە هـــۆکاری ناســـەقامگیری و پیادەکردنـــی حکومـــی سەربازی و ژێر پێخستنی سەروەری یاسا.

کەواتە لێرەدا ئێمە مەبەستمان لە دابینکردنی ســـەقامگیری، زەمینە رەخساندنە بۆ ئاشتی بـــۆ پیادەکردنی ســـەروەری یاســـا و پێکەوە ژیـــان وبونیادی دیموکراتی، ئـــەم ئامانجە، بە مانـــا فەلەســـەفیەکەی واتـــە بونیادی ئاشـــتی و پاراســـتنی مـــاف وئازادیەکان و دیموکراتی،بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی هەوڵدان بۆ سەقامگیری لە تورکیا کە یەکێکە لە دراوسێکانمان، خودی هەوڵەکە هۆکارێکە بۆ ناسەقامگیری، بەڵام هەوڵەکانی هەرێمی کوردســـتان هۆکارێکە بۆ ئاشـــتی و پێکەوە ژیان؟بێگومان جیاوازیەکە لەو میکانیزمەدایە کە پێناسەی سەقامگیری وەك ئامانج پراکتیزە دەکات. هەر بۆ نوونە:

١- ئەگەر تورکمانەکانی کوردســـتان هەموو شـــەقامەکانی هەولێر بە ئـــاڵای نەتەوەیی خۆیان برازێننەوە، سەدان رێورەسمی نەتەوەیی خۆیـــان پیادە بکەن، تەنهـــا ئەرکی پۆلیس و ئاسایشـــی کوردســـتان ئەوەیە، ئەو رێورەسمە بپارێزێـــت و رێگە نەدات دروشـــمەکانیان لێ بکرێتەوە، ئەمەش واتە پۆلیســـی کوردستان خـــۆی بە پارێـــزەری هاوڵاتیەکی تورکمانی کوردستان دەزانێت، سەروەریی و سەقامگیری کوردســـتانیش لـــەو ئازادیـــەدا دەبینێت، کە ئـــەو هاوڵاتیـــە تورکمانانە لە کوردســـتاندا هەســـتی پێدەکەن، بۆیە تورکمانەکانی هەرێم دەســـتی ئاشـــتی و پێکەوەژیانی دەسەڵاتی کوردستان رەتناکەنەوە، بەڵام ئەگەر لەیەکێك لەشـــارەکوردیەکانی تورکیـــا، ئاڵایەکـــی کوردســـتان بەرز بکرێتەوە، پۆلیسی تورکیا، ئەمە بە ســـەرەتای رووخانی دەوڵەتی تورکیا دەزانێت، ئەمەیە دەربڕینی هەستی نەتەوەیی و ئایینی بۆ هەنگاو هەڵگرتن بۆ ســـەروەریی یاســـا دەگۆڕێت بـــۆ مەترســـی و تێکدانی سەقامگیری و حکومی عورفی سەربازی.

٢- ئەگەر پارتێکی ئیسلامی (بێگومان ئەو پارتانـــەی وەك داد وگەشـــەپێدان بێ ناوی ئیسلامی خۆیان بە پارتی ئیسلامی دەزانن) لەســـەر یەکێك لـــە تەلەفزیۆنەکانی تورکیا بانگێشـــەی ئەوە بکات هۆکاری دواکەوتنی تورکیا و بێ ئەخلاقی گەڕەکەکانی ئەستەنبوڵ و ئەنقـــەرە، ئـــەو سیســـتەمە عەلمانیە کە دەستوورێکی عەلمانی لە وڵات پیادەدەکات، دەبێت سەردەمی عەلمانیەت بەسەر بچێت وبە شەریعەتی ئیسلامی یاســـا دابنێن،دەبینین، نەك هـــەر حزبەکە قەدەغـــە دەکرێت، بەڵکو ســـەرانی حزبەکەش دادگایی دەکرێت، بەڵام لە دەســـتووری هەرێمی کوردســـتان دانانی شەریعەتی ئیسلام وەك یەکێك لەسەرچاوەکانی یاســـادانان و نابێت هیچ یاســـایەك هاودژی لەگـــەڵ شـــەریعەتی ئیســـلام دروســـت بکات،دەبێتە بڕگەکانی دەســـتوور، دەسەڵاتی کوردســـتان ئەمە بە هەڕەشـــە نازانێت، بۆیە هیچ هاودژیەك لە نێوان ئەو کەســـانەی داوا دەکەن شەریعەت سەرچاوەی یاسا دانان بێت و ئەوانەی دوا دەکەن یاســـان وەزعی بن دروست نابێت، بۆیـــە کاتێك ئەم دەســـتوورە دەخرێتە دەنگدانـــەوە، چۆن نەتەوەییـــەك یان چەپێك یـــان هاوڵاتیەکی ئاســـایی دەنگی پێدەدات، دەبینین، ئەندامی حزبێکی ئیسلامیش دەنگی پێدەدات، بۆیە سەقامگیریەکە دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی هەموو یاساکان بەسەروەری خۆیان و بەرەنگدانەوەی ئیرادەی خۆیان بزانن، هەست دەکەن هەموو یەکسانن لەبەردەم ئەو یاسایانەی لە چوارچیوەی ئەو دەستووورە دەردەچن، بۆیە کە هەڵبژاردنیش دەکرێت، بە ئاسانی ئاکامی هەڵبژاردن و پرۆســـەی دەستاودەســـتکردنی دەســـەڵات قبوڵ دەکرێت، تەنها هۆکار بۆ ئەم تەباییە ئەوەیە کە هەموو شتێك لەو کۆمەڵگەیە بە گۆڕاو سەیر دەکرێت، بەڵام دامەزراوەکانی دەوڵەتە دیموکراتیەکە وەك سیستەم (نەك کەس یان حزبە سیاسیەکان)بە نەگۆڕ سەیر دەکرێن.

لەم روانگەیەی باسمان کرد، مانای چەمکی دابینکردنـــی ســـەقامگیریە لە دەســـەڵاتی هەرێمی کوردســـتان و ئەو دەزگایەشـــی بۆ ئـــەم کارە دامەزرێنراوە و راســـپێردراوە، هەتا ئێســـتا بەمجۆرە مامەڵەی لەگەڵ چەمکی ســـەقامگیری کردووە،هەربۆیە سەقامگیری هەرێمی کوردستان بەردی بناخەی ئاشتی و سەروەری یاسا و دیموکراسیە.

**ئاسایشی نیشتمانی واتە سەقامگیریی، بەڵام سەقامگیری بە مانا فراوانەکەی نەک تەنها بە مانای دابینکردنی ئاسایش و بەس**

**ئەمڕۆ لە کوردستاندا، هێندەی تیرۆر و دەستی تێکدەر هەڕەشەیە بۆسەر ئاسایشی کوردستان، هێندە مەترسی مادە هۆشبەرەکان مەترسی نین**

# ئاسایشی نیشتمانی و
# چەمکی ئاسایشی هەرێم

نووسینی: مسرور بارزانی



مرۆڤ هەر لەسەرەتای پەیدابوونی لەسەر گۆی زەوی وەکو هەر بوونەوەرێکی زیندوی تر رووبەرووی هەڕەشەکانی (ژینگە، بوونەوەرەکانی تر، هاورەگەزی خۆی) بووەتەوە، بۆیە بەردەوام بە دوای دابین کردنی ئاسایشی خۆی گەراوە، بەپێچەوانەی بوونەوەرەکانی تر کە تەنها لەچوارچێوەی ئەوەی سروشت بەشێوەیەکی سروشتی پێیانی بەخشیوە دەتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن یاخود ببن بەهەڕەشە لەسەر لایەنەکانی تر. بەڵام مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی خاوەن هزر و بیر و توانای زیاتری هەیە بۆ دروستکردنی هەڕەشەی مەترسیدار لەسەر هاورەگەزی خۆی (بەبەکارهێنانی توانا ماددی و مرۆییەکان) و لەهەمانکاتدا توانای زیاتری هەیە بۆ پاراستنی خۆی.

جۆری ململانێ و رکابەرایەتی مرۆڤ رەهەندی جیاوازی وەرگرتووە وەك، سەربازی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئایدیۆلۆژی، تا ئەو رادەیەی کە زانایەکی وەکو (هانتیگتون) باوەڕی وایە کە ململانێ و رکابەرایەتی و پێکدادان لەنێوان شارستانیەکان هەیە و زانایەکی تری بەناوبانگ وەکو (تۆفلەر) لەوەش زیاتر دەچێ و دەڵێ رکابەرایەتی هەیە لەنێوان شارستانیە هەرە گەورەکان (Super civilization) کە بریتین لەشارستانیەتی کشتوکاڵی واتە شەپۆلی یەکەم و شارستانیەتی پیشەسازی شەپۆلی دووەم و شارستانیەتی سێیەم لەسەر بنەمای تەکنۆلۆژیای زانیاری دامەزراوە.

تێروانین و بۆچوونەکانمان هەرچۆنێك بن رەت یان تاکیدی هەموو یان بەشێکی لەبیروبۆچوونی زاناکان بکەین بەڵام سەبارەت بەململانێ و رکابەرایەتی نێوان تاك و کۆمەڵگاکان راستیەکی حاشاهەڵنەگر هەیە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هێشتان نەگەیشتوەتە ئەو ئاستە کە لەململانێ وپێکدادان دوور بێت، سەرەڕای ئەوەی کە هەوڵێکی زۆر لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەدرێت بۆ روونەدانی کێشە و پێکدادان و لەناو گەلانیش جۆرە تێککەیشتنێك هەیە لەوەی کە مافی یەکتر بپارێزن، بەڵام هێشتا هەڕەشە بوونی هەیە و ئەگەر هەڕەشەش بوونی هەبوو نا ئەمنی دروست دەبێ، بۆیە مرۆڤ هەوڵدەدات هەموو ئەو شتانەی (لە توانا و ئامرازەکان) کە لەبەردەستی دایە بەکاربهێنێت بۆ دوورکەوتنەوە لە هەڕەشە و مەترسیەکان یاخود بۆ زاڵبوون بەسەریان یان رەواندنەوەیان یاخود هەردووکیان لە یەککاتدا، ئەویش بەهەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە و ئەوەی ژینگە بۆی دابین دەکات و لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە وەك بەربەست لەپێشی دەبن.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە ئاسایش بریتیە لە هەستکردن بەئەمنیەت کە خۆی لەئەمنیەتی هزری و پاراستن لەمەترسیەکان، کە ئەمنیەتی راستەوخۆ و بەرچاوە دەبینێتەوە، هەرچەندە مرۆڤ بەدوای ئاسایشی رەهادا دەگەرێ بەڵام بەو شێوازە رەهایە بەدەستی ناکەوێ بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئاسایش رێژەییە.

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئەویش: کێ بەرپرسە لە دابینکردن و پاراستنی ئاسایش؟ دابینکردن و پاراستنی ئاسایش ئەوەندە گرنگە کە هەندێ لەزانایان پێیانوایە کە ئامانجی سەرەکی لەدروستبوونی دەوڵەت پاراستنی ئاسایشی هاوڵاتیانە، بەبێ هەبوونی ئاسایش کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەو پێشکەوتنەی کە ئێستا پێیگەیشتوە بێگومان پێی نەدەگەیشت.

زانایەکی وەکو رابرت ماندلاً پێیوایە کە باشترین حاڵەت ئەوەیە کە هەر کەسێك بەرپرس بێ لەپاراستنی ئاسایشی خۆی، کە لەو حاڵەتەدا ئەو کەسەی ئاسایش دابیندەکات لەگەڵ ئەو کەسەی ئاسایش دەپارێزێ یەك کەسن و بەتەواوی هاوتەریبن و گرنگی بەئەولەویاتی خۆی دەدات و ماندڵ هەر بەخۆی وەڵامی ئەوە دەداتەوە کە ئایا هەمووان توانا و ئارەزووی (رغبەتی) دابینکردنی ئاسایشی خۆیان هەیە؟ بێ گومان نە. هەروەها ئەم بابەتە دەبێتە هۆی بەفێڕوچوونی (بەهەدەر دانی) وزە و سەرمایەکی زۆر و توانای بەرهەمهێنانی کۆمەڵگا بەگشتی کەمدەکاتەوە. بۆیە پسپۆرەکان ئاسایش بەکەرەستەیەکی گشتی دادەنێن کە کۆمەڵگا دەتوانێ بە کارایی زیاتر و رێگایەکی رێکوپێك تر بۆ ئەندامەکانی دابین بکات.

لەم نووسینەدا چەمکی ئاسایشی نیشتمانی بەکاردەهێنین لەجیاتی ئاسایشی نەتەوەیی کە پێمانوایە لەگەڵ کۆمەڵگا و پێکهاتەی ئێمە گونجاو ترە. چەمکی ئاسایشی نیشتمانی چەمکێکی تێکەڵاوە و لەدوو وشەی ئاسایش و نیشتمانی پێکهاتووە کە بەرامبەر ئەو وشانە لەزمانەکانی تریش هەن و کۆنن بەڵام تێکەڵاو کردنیان و دروستکردنی چەمکێکی وەکو ئاسایشی نیشتمانی کە واتای خۆی هەبێ بەپێی رای هەندێ لەزانایان دیاردەیەکی نوێیە و لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی هاتووەتە ئاراوە. لەرووی دیراساتەکانی ئەکادیمیەوەش هەر دوای ئەو کاتەوە دەستکراوە بەنووسینی بابەت لەسەر ئەم چەمکە، بەڵام بێگومان لەرووی کرداریەوە زۆر پێشتر بووە کە بەدرێژایی مێژوو دەوڵەتان هەوڵیانداوە ئاسایشی خۆیان بپارێزن.

چەمکی ئاسایشی نیشتمانی لەلایەن پسپۆرانەوە (بەپێی فەلسەفەی فکری خۆیان و تێروانینیان بۆ هەڕەشەکان و بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان و چۆنیەتی پاراستنیان) پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. لەسەرەتاوە لەژێر کاریگەری فەلسەفەی ریالیستەکان ئەم چەمکە زیاتر لەروانگەی سەربازیەوە پێناسەدەکرا و یەکەم کەس کە پێناسەی روونی بۆ ئاسایشی نیشتمانی کرد (والتر لیپمەن) بووە کە دەڵێ «دەوڵەت ئەوکاتە ئاسایشی هەیە کە ناچار نەبێ قوربانی بەبەرژەوەندیە شەرعیەکانی بدات بۆ دوورکەوتنەوە لەشەڕ و هەر کات تووشی شەڕ بوو توانای پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانەی هەبێ».

بەپشتبەستن بەروانگەی سەربازی بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی، وڵاتەکان بەرەو گرنگیدان بە بەهێز کردنی هێزی سەربازی هەنگاو دەنێن و بەهێزی خۆیان لەبێ هێزی وڵاتانی تر دەبیننەوە، بۆیە وڵاتان بەرەو پێشبرکێی پڕ چەك کردن دەبەن، هەروەها لایەنەکانی تری ئاسایشی نەتەوەیی وەکو بواری ئابووری،

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە ئاسایش بریتیە لەهەستکردن بەئەمنیەت کە خۆی لەئەمنیەتی هزری و پاراستن لەمەترسیەکان، کە ئەمنیەتی راستەوخۆ و بەرچاوە دەبینێتەوە، هەرچەندە مرۆڤ بەدوای ئاسایشی رەهادا دەگەرێ بەڵام بەو شێوازە رەهایە بەدەستی ناکەوێ بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئاسایش رێژەییە

**كشانەوەی دامودەزگا ئیدارییەكان لەساڵی ١٩٩٢ لەلایەن رژێم بۆ پەكخستنی ژیانی هاوڵاتیان و دانانی ئابلۆقە لەسەر هەرێمی كوردستان وەكو هەڕەشە و گوشارێك بوو بۆ كوردستانییەكان و بەمەزندەی رژێم خەڵكی كوردستان و سەركردایەتی سیاسی كوردستان ناتوانن ئیدارەی دۆخەكە بكەن وپشێوی و ئاڵۆزی دروستدەبێ و رژێم دەگەڕێتەوە كوردستان**

كۆمەڵایەتی، رامیاری و فەرهەنگی لەبەرچاو ناگیرێن و دوای ماوەیەك وڵات بەرەو لێكترازان و تەنگژە دەچێت. كە بارودۆخی عێراق لەكاتی دروستبوونی (لەدوای شەڕی یەكەمی جیهان) دەرخەری راستی سەرەوەیە كە هەمیشە لەروانگەی دیدی سەربازییەوە حكومەتە یەك لەدوا یەكەكان ویستویانە ئاسایشی وڵات بپارێزن و گەڕانەوەیەكی خێرا بۆ مێژووی ئەو وڵاتە زیاتر بەرچاومان روون دەكاتەوە. هەموو سەركردە سیاسییەكانی كوردستان كە لەدوای دروستبوونی دەوڵەتی عیراق دەستیان بەخەباتی سیاسی و چەكداری كردووە لەهەر دەرفەتێ هەوڵیانداوە بەرێگای گفتوگۆ چارەسەری كێشەكانی خۆیان بكەن بەتایبەتی لە شۆڕشی ئەیلولی مەزن كە درێژترین و بەهێزترین شۆڕشە لەمێژووی كورد كە توانی لەناو خاكی كوردستان بۆ ماوەی (١٤) ساڵ درێژە بەخەباتی خۆی بدات لەژێر سەركردایەتی یەكگرتوو و بەهێزی بارزانی نەمر و هێزێكی پێشمەرگەی راهێنراو و پشتئەستور بەجەماوەرێكی خاوەن بیروباوەڕ و هەبوونی دەزگای كۆكردنەوەی زانیاری بەناوی دەزگای پاراستن كە خاڵێكی گرنگی مانەوەی شۆڕشی ئەیلول بووە بەدرێژایی هەموو ئەو ساڵانە كە زۆر پیلانی ئاشكرا كرابوون.

**دەوڵەت ئەوكاتە ئاسایشی هەیە كە ناچار نەبێ قوربانی بەبەرژەوەندیە شەرعیەكانی بدات بۆ دووركەوتنەوە لەشەڕ و هەركات تووشی شەڕ بوو توانای پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانەی هەبێ**

یەكێك لەئاماژەكانی بەهێزی شۆڕش و بارزانی لەوەدا بوو كە سەرۆك كۆماری عێراق عبدالرحمن عارف و صدام حسین جێگری سەرۆك كۆمار أحمد حسن بكر لە دوو مێژووی جیاواز سەردانی بارزانی نەمر و سەركردایەتی شۆڕشیان كرد. سەركردایەتی گەلی كوردستان هەمیشە لەهەر دەرفەتێك گەر هەلی چارەسەری كێشەكانی بەرێگای دیالۆگ بۆ رەخسا بێ هەڵەكەی لەدەستنەداوە، بەڵام بەداخەوە هەمیشە ئەو رژێمانەی كە حوكمی عیراقیان كردووە فاكتەری (كات)یان تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەكارهێناوە كە خۆیان لەرووی سەربازییەوە بەهێز بكەن و هێرشیان كردوەتە سەر كوردستان.

لەساڵانی حەفتاكان كاتێك رژێمی بەعس هێرشی دەستپێكرد، شۆڕشی كوردستان توانی شكستی گەورە بەهێزەكانی رژێم بكات كە بەدانپێدانی خودی صدام رژێمی عیراقی چەكی قورسیان لانەمابوو و لەجیاتی ئەوەی رێگای دروست بگرێتەبەر و لەگەڵ سەركردایەتی شۆڕشی كوردستان وتووێژ بكات و واز لە زوڵم وستەم بهێنێ و مافی كوردستانییەكان دابین بكات، پەنای بۆ دەوڵەتی شاە برد و وازی لەهەندێ خاكی عیراق هێنا و بەپیلانێكی نێودەوڵەتی لەرێككەوتنی جزائر لەساڵی ١٩٧٥ شۆڕشی كورد بەپیلانی سیاسی بۆ ماوەیەكی كورت پاشەكشەی كرد و عێراق لەو پێناوەدا ئامادە بوو ئاسایشی نیشتمانی و سەروەری خاك و ئاویی خۆی لەدەستبدات بەڵام ئامادە نەبوو لەگەڵ هاونیشتمانیانی خۆی گفتوگۆ بكات، دیارە ئەم شكستە شكستی سەربازی نەبوو بەڵكو شكستی سیاسی بوو بۆیە كورد بەماوەیەكی زوو دەستی بەخەباتی سیاسی و چەكداری كردەوە، بەڵام بۆ حكومەتی عیراق و خودی خەڵكی عیراق نەهامەتی زۆری بەدواداهات و ئەو هەلەیەی كە رژێمی عیراق كردی بووە هۆی هێرشی عیراق بۆ سەر ئیران كە شۆڕشی ئیسلامی ئیران لەساڵی ١٩٧٩ رژێمی شای ئیرانی گۆڕی بوو و ئەوكاتیش صدام و سەركردەكانی بەعس لەعیراق خوێندنەوەیەكی هەلەیان بۆ دۆخی ئیران هەبوو، شەڕی (٨) ساڵەی



عیراق و ئیران نەك تەنیا ئیرانی لەناو نەبرد بەڵکو عیراق هیچ دەسکەوتێکی فعلی دەست نەکەوت بەڵکو بووە هۆی بەهێزبوونی دەسەڵاتی ئیران لەڕووی سەربازی و ئیدارییەوە، وئیران توانی کێشەکانی ناوخۆی خۆشی چارەسەر بکات و شەڕی عیراقیش بکات.

لەدوای وەستانی شەڕ لەسالی ١٩٨٨، عێراق خاوەن هێزێکی سەربازی و جبەخانەیەکی زۆر بوو، بەڵام لەڕووی داراییەوە قەرزی زۆری لەسەر بوو لە ئەنجامی شەڕ و نەخوێندنەوەی بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی کە گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتبوو و یەکێتی سۆڤیەت وەك جاران نەبوو بۆیە بڕیاری هێرشی دا بۆ سەر کوێت لەساڵی ١٩٩٠ کە ئەنجامەکەی دروستبوونی هاوپەیمانێتیەکی نێودەوڵەتی بەسەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو و عێراق لە کوێت دەرکرا و ئابڵوقەی ئابووری وسەربازی خرایە سەر و دەرفەتێك بوو کە جەماوەر و حزبە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان هەمووڵا بەیەکەوە تێکۆشان بۆ رزگار بوونی بەشێك لە کوردستان.

لەڕووی تیۆری و دراساتی ئەکادیمی یەوە لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و تەوژمی جیهانگەری کە پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان لە جیهان روو لەزیادبوون کردووە، پشتبەستن تەنیا بەبواری سەربازی گونجاو نییە و هەڕەشەی نوێ رووبەڕووی وڵاتان بوونەتەوە، بۆیە هەروەکو (بریجینسکی) دەڵێ ئاسایشی سەربازی رەهەندێکی گرنگی رکابەرایەتی مێژووی نێوان سۆڤیەت و ئەمریکا بوو بەڵام ئێستا رەهەندەکانی تر وەکو رەهەندی سیاسی، توانای ئابووری، تەکنولوژیای نوێ.. بوونیان هەیە و بێ رەچاو کردنی ئەو رەهەندانە ئاسایشی نەتەوەیی ناتوانێ سەرکەوتوو بێ. رابرت ماندڵ چوار رەهەندی سەرەکی دیاردەکات بۆ ئاسایشی نیشتمانی ئەویش ئاسایشی (سەربازی، ئابووری، سەرچاوەکانی سروشتی، سیاسی و فەرهەنگی) کە لەمێژووی عێراق بەگشتی هیچ کات لەبەرچاو نەگیراون.

خەڵکی کوردستان و پارتە سیاسیەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەبەهاری ساڵی ١٩٩١ لەدوای رەخسانی دەرفەتی گونجاو لەکاتی شەڕی کەنداو، توانیان بە راپەڕینێکی سەرتاسەری وشکۆدار و ئازاد کردنی کوردستان، نموونەیەکی بێ وێنە لەمێژووی خەباتی سیاسیان تۆمار بکەن.

هێرشی هێزەکانی رژێم بۆ تێکشکاندنی ئەم سەرکەوتن و ئازادیەی کە هاتبووە دەست و کۆچرەوی مێژوویی هەمان ساڵا و بەرگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، گوشارێك بوون بۆ سەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ دەرکردنی بڕیارێکی نێودەوڵەتی بۆ دابینکردنی ناوچەیەکی پارێزراو لەکوردستان کە بەمەش رژێم ناچار کرا کە هێرشەکانی رابگرێت. کشانەوەی دامودەزگا ئیداریەکان لەلایەن رژێم بۆ پەکخستنی ژیانی هاوڵاتیان و دانانی ئابڵوقە لەسەر هەرێمی کوردستان وەکو هەڕەشە و گوشارێك بوو بۆ کوردستانیەکان و بەمەزندەی رژێم خەڵکی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ناتوانن ئیدارەی دۆخەکە بکەن وپشێوی و ئالۆزی دروست دەبێ و رژێم دەگەڕێتەوە کوردستان، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەبڕیارێکی ژیرانە، ئەم هەڕەشەیەی قۆزتەوە و بڕیارێکی ستراتیژی گرنگی دا ئەویش ئەنجامدانی هەلبژاردنەکان



**لەساڵی ٢٠٠٤ بەبڕیاری ژمارە (٤٦)ی پەرلەمانی کوردستان ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دامەزرا کە توانی رۆلی یەکجار زۆر لەدابینکردنی ئاسایش لەهەرێم ببینێ و ئەو ئاسایشەی کە هەیە بووەتە هۆی پەرەپێدانی بواری ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و سەرمایەگوزاری زیاتر**

**هەرێمی کوردستان لەڕووی ژئوپولیتیکیەوە ناوچەیەکی داخراوە، بێگومان ئێستا و لەداهاتوودا رووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی دەبێتەوە، بۆیە پێویستی بەسیاسیەت و ستراتیژیەتی ئاسایشی هەرێم هەیە کە بتوانێ هەموو رەهەندەکان لەبەرچاو بگرێ و بەرنامەی پێویست دابنرێ**



(کــە لە ســاڵی ١٩٩٢ ئەنجام درا) کە بەرهەمەکــەی بونیادنانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو.
هەرێمێــك کە بەرهەمــی خەباتی دەیان ســاڵەی خەڵکــی کوردســتان و هێزە سیاسیەکان وپێشــمەرگە قارەمانەکانی بوو کە بەچەندین شۆڕشی یەك لەدوای یەك لەدوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی داوای مافی خۆیان کردووە.
هەر لەســەرەتاوە حکومەتــی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی گرنگی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانیان بــە یەکــەم ئەولەویات دانــا و بڕیاری دامەزراندنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان درا، کە بە هاوکاری هێزی پێشمەرگە و دەزگا ئەمنیەکانی تر توانیان زۆر پیلانی ناحەزان و هەولی تیرۆریستی و تێکدەرانە پوچەڵ بکەنەوە. ڕووخانی ڕژێم لە سالی ٢٠٠٣ دەرفەتێکــی زیاتری بۆ هەرێمی کوردستان ڕەخساند بۆ پەرەپێدان بەهەموو بوارەکان، هەروەهــا ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕوویاندا هەندێك هەڕەشــەو مەترسی زیاتر ڕوویــان لە هەرێم کــرد لەوانەش هەڕەشەی تیرۆر.

> **دەبێ ئەنجومەنێکی ئاسایشی هەرێم هەبێ کە ئەندامەکانی بەپێی یاسا و بڕیار دیاربکرێن کە دەبێ بەرپرس بن لەدارشتنی سیاسەت و ستراتیژیەتی ئاسایشی هەرێم و چوارچێوەی کاری دەزگاکانی سەر بەو ئەنجومەنە دیار بکات**

بە درێژایی (١٨) ســالی ڕابردوو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بارودۆخی سیاسی و ئیداری وکۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان بەرەو باشتر چووە و لەو ئاراستەیەوەش بەردەوام دوژمنانــی ئەزمونی کوردســتان لەخۆ ڕێکخســتن بوون بۆ گۆڕینی شــێواز و جۆرەکانی فشــارە سیاسی و مەترسییە ئەمنیەکان لەســەر هەرێــم، بۆ ئەوەی تەگــەرەی زیاتر بخرێتە ســەر ڕێگای ئارامی و خۆشگوزەرانی کوردستانیەکان بۆیە بەردەوام هــەوڵ دراوە دام و دەزگا ئەمنــی و هەواڵگریەکانی کوردســتان لەگەڵ ئاستی ئەو مەترسی و هەڕەشانە بەردەوام لەخۆ گونجاندن بن و لەکۆتایشدا بە یاسایی کردنی کار و چالاکیەکان بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٤ بە بڕیاری ژمارە (٤٦)ی پەرلەمانی کوردستان ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دامەزرا کە توانی ڕۆلی یەك جار زۆر لە دابینکردنی ئاسایش لەهەرێم ببینێ و ئەو ئاسایشەی کە هەیە بووەتە هۆی پەرەپێدانی بواری ئاوەدانکردنەوەی کوردســتان و سەرمایە گــوزاری زیاتــر، بــەڵام لە ئێســتادا بەتایبەتی لەم دۆخەی کە هەرێم تێیدایە و بۆ یەکگرتنەوەی هەموو دەزگاکان لەژێر چەترێکی یەکگرتوو بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەموو هەڕەشــەکان، هەروەهــا دانانی سیاسەتی ئەمنی و ستراتیژی ئاسایشی هەرێم پێویستی بەئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەن کۆمەڵێك پســپۆڕ و شــارەزا لەم بوارەدا چەندین کۆبونەوەی تایبەتی ئەنجامدراون بــۆ ئامــادە کردنی پرۆژە یاســایەك و کارکــردن بۆ دیار کردنــی بڕگەیەك لە دەستووری هەرێمی کوردستان سەبارەت بەو بابەتە، بۆ ئەوەی پاڵپشــتی یاسایی و دەســتووری بۆ هەر کارێکی لەو شێوە بۆ خزمەتکردنی گەلی کوردستان هەبێت وپرۆژەکە خراوەتە بەردەست سەرکردایەتی سیاسی هەرێم.

> **دەبێ لەمێژوو دەرس وەربگرین گەر صدام دانی بەمافی کورد نابا عێراق ڕووبەڕووی ئەو کارەساتانە نەدەبوو، ئێستاش هەڵپەساردنی کێشەکان و چارەسەرنەکردنی خزمەت ناکات وکەڵەکەبوونی ئەو هەموو شتانە لەبەرژەوەندی گەلانی عێراق و سیستمی سیاسی وڵات نییە**

**ئاسایشی هەرێم و ڕەهەندەکانی:**

هەرێمی کوردســتان وەکــو هەرێمێکی دیموکراســی کــە بەرهەمــی قوربانی دانێکی زۆرە لــە ڕووی ژئوپولیتیکیەوە ناوچەیەکی داخراوە بێ گومان ئێستا و لە داهاتوودا ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی دەبێتەوە، بۆیە پێویســتی بە سیاسیەت و ســتراتیژیەتی ئاسایشی هەرێم هەیە کە بتوانێ هەمــوو ڕەهەنــدەکان لەبەرچاو بگرێ وبەرنامەی پێویســت دابنرێ کە ئاســایش و ســەقامگیری هەرێم ببێتە پالپشتی ئاســایش وسەقامگیری عێراق و ناوچەکــە بۆیە دەبێ ئەم ڕەهەندانە لە خۆ بگرێت:

١. سەربازی.
٢. ئابوری.
٣. ئەمنی و هەواڵگری.
٤. سیاسی و فەرهەنگی.
٥. سەرچاوە سروشتیەکان.
٦. تەکنولوژیای زانیاریەکان.

**پەیکەربەنــدی ئەنجومەنی ئاسایشــی هەرێم:**

دابینکــردن و پاراســتنی بەرژەوەندیــە باڵاکانی هەرێم کە لەلایەن سەرکردایەتی سیاســی دیــار دەکرێــن پێویســتیان بەهەبوونی دەزگایەکی تایبەتمەند هەیە، لە ســەرووی هەمــوو دەزگاکان دەبێ ئەنجومەنێکی ئاسایشــی هەرێم هەبێ کە ئەندامەکانی بەپێی یاسا وبریار دیار



بکرێن که دەبێ بەرپرس بن لە داڕشتنی سیاسەت و ستراتیژیەتی ئاسایشی هەرێم و چوارچێوەی کاری دەزگاکانی سەر بەو ئەنجومەنە دیاربکات، بێگومان چەند دەزگایەکی گرێدراوی دەبێ که لەرووی کۆکردنەوەی زانیاری و پوچەڵ کردنەوەی هەوڵەکانی تێکدەرانە بەشێوەیەکی کرداری بەئەرکەکان هەڵدەستن.

باس کردنی ئەو بابەتە مێژوویانەی که پێشتر باس کرابوون بۆ ئەوەیە که دەبێ هەموو لایەکمان لەمێژوو دەرس وەربگرین، هێشتا بەشێك لەکوردستان ماوە که نەخراوەتە سەر هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکانن که زۆرینەی خەڵکیان کوردن، هەموو رێگای دیالۆگ و گفتوگۆ خراوەتە بەر و لەوەش زیاتر بەرێگای دەستوری عیراق ئالیەتی چارەسەر کردنی کێشەی ئەو ناوچانە دیاریکراون، بەڵام بەداخەوە دەبینین که هێشتا هەمان تاکتیکی سوود وەرگرتن لە کات و چارەسەرنەکردنی کێشەکان و هەمان بیرکردنەوە لەناو حکومەتەکان که لە دوای رووخانی صدام هاتونەتە کایەوە هەیە، بێ گومان ئەمە نەك خزمەتی عیراق ناکات بەڵکو خزمەتی خودی ئەو بڕیار بەدەستانەش ناکات، دەبێ لەمێژوو دەرس وەربگرین گەر صدام دانی بەمافی کورد نابا عیراق رووبەڕووی ئەو کارەساتانە نەدەبوو، ئێستاش هەڵپەساردنی کێشەکان و چارەسەرنەکردنی خزمەت ناکات وکەڵەکەبوونی ئەو هەموو شتانە لەبەرژەوەندی گەلانی عیراق و سیستمی سیاسی وڵات نییە، دیارە برایانی عەرەب ئەوانیش لەهەردوو مەزهەبی شیعە وسوننە لەکاتی رژێمی پێشوو قوربانی زۆریانداوە، زۆربەی ئەو سەرکردانەی کە لەدوای رووخانی رژێم لە پۆستی باڵای عیراق دابوون نزیکترین کەس و کاریان بوونەتە قوربانی و بەخۆیان ناچاربوون بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەل بنەماڵەکانیان لەهەندەران بژین و خەباتیان کردووە بۆ دروستبوونی عیراقێکی ئازاد کە مولکی هەموو عیراقییەکان بێت، ئێستاش داوامان ئەوەیە و بەرژەوەندیش وا دەخوازێت کە بەگیانی برایەتی و هەست بەبەرپرسیارەتیکردن بەکردەوە عیراقی فیدراڵی ئازاد هەبێ کە بتوانێ مافی هەموو پێکهاتەکان دابین بکات.

دواخستنی چارەسەری کێشەکان هەڵەیەکی ستراتیژییە، چونکە گەلی کورد واز لەمافەکانی خۆی ناهێنێ و بێگومان لەجیهانی دینامیکی ئێستا کێشە وهەرەشەی نوێ دێنە پێشەوە بۆیە چارەسەر کردنی کێشەکان لەکاتی خۆی عێراقی فیدراڵ بەهێز دەکات و هەستی پێکەوەژیان لەناو هەموو پێکهاتەکان بەهێز دەکات و دەستی دەرەکیش لە ناو عێراق کورت دەبێ.

> **دواخستنی چارەسەری کێشەکان هەڵەیەکی ستراتیژییە، چونکە گەلی کورد واز لەمافەکانی خۆی ناهێنێ**

ئێمەی کوردستانیش دەبێ ئەوەی بەو هەموو قوربانی دانە زۆرە بە دەستمانهاتووە بە خۆڕایی لەدەستی نەدەین، بە تایبەتی ئەو هێزە سیاسیانەی کە سەرکێشی شۆڕشیان کردووە و خەڵکانێکی زۆر لەرێزی ئەوان بوونەتە قوربانی، بەحوکمرانیەکی باش و دانانی خەڵکی باش و شیاو لەشوێنی شیاو و کارکردنی بە بەرنامە و رەخساندنی دەرفەتی کار و دابینکردنی ئازادیە مەدەنیەکان وئاسایش و خۆشگوزەرانی و هەرێمێك لەسەر بنەمای حوکمرانی یاسایی و دامەزراوی کە خۆشەویستی ئەم هەرێمە لەناو دڵی هەر هاوڵاتیەکی ئەم هەرێمە هەبێت و هەر کەسێ دەسەڵات بەهی خۆی بزانێ.

> **ئێمەی کوردستانیش دەبێ ئەوەی بەو هەموو قوربانی دانە زۆرە بەدەستمان هاتووە بەخۆڕایی لەدەستی نەدەین**

بە گەڕانەوەش بۆ دەستووری هەمیشەیی عێراق کە ئاماژە بەمافی هەرێمی کوردستان دەکات لەبوونی دامودەزگای پێویست بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێم، دەگەینە ئەو ئەنجامە کە دەبێ پەلە بکرێت لەدامەزراندنی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم و رێکخستنەوەی دامودەزگا هەواڵگری و ئەمنییەکان لەچوارچێوەیەکی یاسایی گونجاو بۆ ئەوەی باشتر لەخزمەتی ئاسایشی هاوڵاتیان و هەرێم دابن.

لە کۆتاییدا داوا لەسەرجەم ئەو بەڕێزانەی کە خاوەنی بیر وپسپۆری و شارەزایین لەبواری ئاسایشی نیشتمانی و ستراتیژی لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان هەوڵ بدەن بە وەرگێران و نووسین بەزمانی کوردی لەو بوارەدا دەست بکەن بەتوێژینەوە و دیراسات بۆ دەوڵەمەند کردنی پەرتووکخانەی کوردی و داڕشتنی تیۆری تایبەت بەبواری چەمك و تێگەیشتنی ئاسایش.

**پرۆفیسۆر جۆل جیفری سۆكۆلۆسكی، راگری كۆلێژی ئادابە لەزانكۆی پادشایەتی سەربازی كەنەدا و ئوستادی زانستی سیاسەتە و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوە و بەرگری ئەمریكا و كەنداو، هەروەها پسپۆرە لەسەر رۆڵی سوپا وكۆمەڵگە، بۆ قسەكردن لەسەر بایەخی چەمكی ئاسایشی نەتەوەیی و بایەخی ئەم چەمكە لەژیانی كۆمەڵگە پرۆفیسۆر جۆل بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

### پرۆفیسۆر جۆل سۆكۆلسكی بۆ گوڵان:

# پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی تەنها پەیوەست نییە بەپۆلیس و ئاسایشەوە، دەبێت تێكرایی دامەزراوەكانی حكومەت بەشداری تێدابكەن

*** بەپێی پێناسەكەی ئاسایشی نەتەوەیی پەیوەستە بەبوونی دەوڵەتەوە، واتە ئەگەر دەوڵەت بوونی نەبوو ئاسایشی نەتەوەییش لە ئارادا نابێت، ئایا پێناسەی ئێوە چییە بۆ ئەم چەمكە؟**

- ئاسایشی نەتەوەیی پەیوەندی بەدابینكردنی ئاسایشی هاوڵاتیان، گەشەپێدانی ئابووری و جێگیركردنی سەقامگیرییەوە هەیە لەدەوڵەتدا.

*** ئایا میكانیزمی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی چۆنە، ئایا ئەم میكانیزمە بەپێی شێوازی دەوڵەت دەگۆڕێت؟**

- من پێموایە پرسیارەكە ئەوەیە چۆن كار بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە بكرێت، لە كۆمەڵگەیەكی دیموكراتیدا لە ڕێی پرۆسە دیموكراتیەكان و گفتوگۆی كراوەوە لە نێوان حكومەت و ڕای گشتیدا بڕیار لە بارەی بەرژەوەندیە درێژخایەنەكانی دەوڵەتەوە دەدرێت، واتە مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەی زانستێكی دەقیق نیە، بەو پێیە مەسەلەی هێنانەدی سەقامگیری و گەشەسەندنی ئابووری لە ڕێی گفتوگۆیەكی كراوەوە بڕیاری لێدەدرێت. من پێموایە لەم ڕووەوە حكومەت بەرپرسیارێتی هەیە لەهێنانەدی و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییدا، بەڵام نەك لەڕێی بەكارهێنانی هێزی سەربازی و پۆلیسەوە بە تەنها، بەڵكو دەبێت تێكڕایی دامەزراوەكانی حكومەت بەشداری بكەن، بۆ نموونە ئەگەر وەزارەتی خەزێنەی ئەمەریكا پەرە بە گەشەپێدان بدات، ئەوا بەشداری لەپاراستنی ئاسایشی نەتەوەییدا كردووە.



*** هەر كە باسی ئاسایشی نەتەوەیی دەكرێت ئەوا پەیوەست دەكرێتەوە بەترسەوە، ئایا هیچ حاڵەتێك هەیە كە تێیدا هیچ مەترسیەك لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی نەمابێت؟**

- هەرگیز ئەم حاڵەتە دروست نابێت، لەبەر ئەوەی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی پرۆسەیەكی بەردەوامە و دەبێت حكومەت بەبەردەوامی هەوڵی هێنانەدی سەقامگیری و گەشەپێدانی ئابووری و پاراستنی ئاسایشی هاوڵاتیان بدات، ڕەنگە هەندێ دەوڵەت هەبێت هیچ هەڕەشەیەك لەسەر سنوورەكانیان نەبێت، بە چەشنی كەنەدا، بەڵام لە ڕووی گەشەپێدانی ئابووریەوە كێشەی هەبێت بە تایبەتی لە مەسەلەی بازرگانیدا، یاخود ڕەنگە كێشە كۆمەڵایەتیەكان ببنە كێشە بۆ ئارامی كۆمەڵایەتی، كەواتە ئەمە پرۆسەیەكی بەردەوامە و دەبێت حكومەت كاری بۆ بكات، بەڵام دەبێت حكومەت لە كاتی پاراستنی ئاسایشدا پەنا بۆ ترساندن و تۆقاندنی هاوڵاتیانی خۆی نەبات.

*** ئایا مەسەلەی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی جیاوازی هەیە لە كۆمەڵگە دیموكراتیەكاندا بە بەراودر بە كۆمەڵگە نادیموكراتیەكان؟**

- جیاوازیەكە ئەوەیە لەكۆمەڵگە دیموكراسیەكاندا ئەوەی بڕیار لەسەر ئامانجەكان و چۆنیەتی هێنانەدیان دەدات، تاكەكەسێك نیە، بەڵكو ئەو كەسانەن كە پێشتر متمانەی بڕیاردان و حكومڕانیان وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر بڕیارێك لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی قەزائیەوە چاودێری دەكرێت و پێداچونەوەی پێدادەكرێت، كەواتە جیاوازیەكە ئەوەنیە ئەم دو كۆمەڵگەیە ئامانجگەلی جیاوازیان هەیە، بەڵكو ئەوەیە لەكۆمەڵگە دیموكراسیەكاندا بەشێوەیەك كار بۆ هێنانەدیان دەكرێت كە نەبێتە هۆی ترساندن و تۆقاندنی هاوڵاتیان.

*** زۆرجار لە بری ئاسایشی نەتەوەیی باس لە ئاسایشی نیشتمانی یاخود ئاسایشی دەوڵەت دەكرێت، ئایا جیاوازی چیە لە نێوان ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی نیشتمانیدا؟**

- نیشتمانپەروەری خۆشویستنی نیشتمانە و خواستی ئەوەیە كە هەمو كەس یارمەتی وڵاتی خۆی بدات، بەڵام نابێت بە ناوی نیشتیمانپەروەرییەوە كەسانێكی دیاری كراو بیروباوەڕ و چۆنیەتی ڕەفتاركردنت بەسەردا بسەپێنن و پێیان وابێت ئەنجامدانیان نیشانەی دڵسۆزیتە بۆ نیشتمان، مەبەستم ئەوەیە لە

ديموكراسيدا دڵسۆزی بۆ حكومەتێكە كە بە شێوەیەكی ديموكراسی ئەركەكانی ئەدا ئەكات، هەروەها مافی ئەوەت هەیە هاوڕانەبیت لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتدا بێ ئەوەی ئەمە نیشانەی نادڵسۆزی بێت، یان نیشانەی هەوڵدان بێت بۆ زیانگەیاندن بە دەوڵەت، چونكە زۆرجار دیكتاتۆر و دەسەڵاتە نادیموكراتەكان ڕای دەگەیەنن ئەوەی هاوڕانەبێت لەگەڵ ئێمەدا كەسانێكی خراپن و زۆرجار سیاسەتێك دەگرنەبەر كە لە خزمەتی بەرژەوەندی خەڵك و ئاسایشی نەتەوەییدا نیە.

*** زۆرێك لەشارەزایان ئاسایشی نیشتمانی یەكسان دەكەن بەئاسایشی دەوڵەت، ئاسایشی دەوڵەتیش وا پێناسەدەكەن كە بریتیە لەپاراستنی بەرژەوەندیەكان بێ پەنابردنە بەر ئەوەی شەڕیان لەپێناودا بكەیت، ئایا ئەمە مومكینە؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت حكومەت هەولی هێنانەدی ئاسایشی نەتەوەی بدات و هەوڵبدات كەمترین ڕاددەی ناكۆكی دروست بێت، بەڵام هەندێ جاریش بەكارهێنانی هێزی چەكدار دەبێتە زەرورەت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت حكومەت لەڕێگەی گرتنەبەری شێوازی دیبلۆماسی و پەرەپێدانی ئابووری و پاراستنی سەقامگیری ناوخۆی ئەم ئامانجانە بهێنێتەدی، لە پێناسەی دیموكراسیدا بۆ ئەو ئاسایشی نەتەوەی ئەوەیە نابێت ئەم پرۆسەیە ئازادی تاكەكەسەكان بخاتە مەترسیەوە.

*** چۆن دەتوانرێت ئاسایشی نیشتمانی لەوڵاتێكی نادیموكرات و فرەنەتەوەدا بپارێزرێت؟**

- لەڕێگای ڕێزگرتن لەمافی كەمینەكان و یەكسانبوونی تێكڕایی گروپەكان لەڕووی مافە مەدەنیەكانەوە. پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی لە وڵاتێكی فرەنەتەوەدا كارێكی قورسە، بەڵام من باوەڕم وایە دەتوانین بەشێوازێكی دیموكراسی ئەم كارە ئەنجام بدەین، ئەویش لە ڕێی پرۆسەی گفتوگۆیەكی بەردەوام لەناوخۆی وڵاتەكەتدا كە ڕێككەوتنێك بێتەدی لەبارەی ئەوەی دەبێت چی بكرێت بۆ هێنانەدی گەشەپێدان و خۆشگوزەرانی ئابووری و بۆ جێگیركردنی سەقامگیری.

*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای عێراق دەڕوانیت كە نموونەیەكە بۆ وڵاتی فرەنەتەوە؟**

- گرنگ ئەوەیە هەمو لایەك متمانەی بە سیستمەكە هەبێت و ئامادەی سازشكردن بێت، كە ئەمەش بەشێكە لە پرۆسەی دیموكراسی، ڕەنگە بارودۆخی وڵاتێكی وەك عێراق جیاواز بێت لەگەڵ كەنەدا، بۆ نموونە خەڵكانی وڵاتانی دیكە هاتوون و لە كەنەدا نیشتەجێن بەڵام ئەم خەڵكانە بانگەشەی خاوەندارێتی بەشێك لە خاكی وڵاتەكە ناكەن، بە پێچەوانەی هەندێ وڵاتەوە كە بێ ڕەوچاكردنی پێكهاتەكەی لەو بەشانە دروستكران كە پێشتر یان وڵاتی سەربەخۆبوون، یان بەشێك بوون لە وڵاتێكی دیكە.

*** ئایا مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەیی تەنها لایەنی سەربازی و چەكداری دەگرێتەوە، ئایا بوارەكانی دیكە چین كە پەیوەستن بەئاسایشی نەتەوەییەوە؟**

- لەڕوانگەی دیموكراسیەوە بریتیە لەدابینكردنی ئاسایشی تاكەكەسەكان، پەرەپێدانی ئابووری، چەسپاندنی سەقامگیری ناوخۆیی، دەركردنی بڕیارەكان بە شێوەیەكی شەرعی و بە ڕێگایەكی دیموكراسی، توانای حكومەت بۆ حكومڕانیكردن، حكومەتێك پشت ئەستوور بێت بە پاڵپشتی هاوڵاتیان و بە متمانەی هاوڵاتیان، هەروەها یەكێكی دیكە لە ڕەگەزەكانی ئاسایشی نەتەوەی ئەوەیە هاوڵاتیان ئازادبن لە گوزارشتكردن و دەربڕینی بیروباوەڕی خۆیان و بۆ گەیاندنی نارەزایی و ناهاوڕایی خۆیان لەگەڵ سیاسەتەكانی حكومەتدا، چونكە لەدیموكراسیدا هەمیشە بوار بۆ چارەسەركردنی كەموكورتیەكان و هەمیشە بوار بۆ گۆڕان و چاكسازیی لەئارادا دەبێت.



**ئاسایشی نەتەوەیی پەیوەندی بەدابینكردنی ئاسایشی هاوڵاتیان، گەشەپێدانی ئابووری و جێگیركردنی سەقامگیرییەوە هەیە لەدەوڵەتدا**

**ئاسایشی نەتەوەیی پرۆسەیەكی بەردەوامە و دەبێت حكومەت بەبەردەوامی هەولی هێنانەدی سەقامگیری و گەشەپێدانی ئابووری و پاراستنی ئاسایشی هاوڵاتیان بدات**

پرۆفیسۆر ماك دیستلر، ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی میرالاند و یەکێکە لەتوێژەرە ناسراوەکانی هەردوو ئامۆژگای بەناوبانگی کارینجی و برۆکینگز. بۆ قســەکردن لەســەر چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی و جیاوازی پێناسەی ئەم چەمکە بەپێی تایبەتمەندی وڵاتەکان، پرۆفیسۆر ماك بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

## پرۆفیسۆر ماک دیستلر بۆ گوڵان:

# ئاسایشی نەتەوەیی لەوڵاتانی فرەنەتەوەی دیموکراتیدا بەمافی خۆبەڕێوەبردن و نامەرکەزیەتی دەسەڵات دەپارێزرێت

ئاسایشی نەتەوەیی لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا پتر لەڕەهەندێکی دەرەکی و نێودەوڵەتی هەیە، واتە پەیوەستن بەسیاسەتەکانی بەرگریکردن و کاری دیبلۆماسی و کردارە هەواڵگرییەکانەوە

*** چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی ئەو چەمکەیە پێناســەیەکی جێگری نییە، ئایا پێناسەی ئێوە چییە بۆ ئەم چەمکە؟**


- لەڕاستیدا وڵاتە جیاوازەکان پێناسەی جیاوازیان هەیە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، بۆ نموونە ئاسایشی نەتەوەیی لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا پتر لەڕەهەندێکی دەرەکی و نێودەوڵەتی هەیە، واتە پەیوەستن بەسیاسەتەکانی بەرگریکردن و کاری دیبلۆماسی و کردارە هەواڵگرییەکانەوە.

*** ئەگــەر دابینکردنــی ئاســایش بە تەنها کارێکــی مەحــاڵ بێت ئــەوا دەبێــت بیر لە دروستکردنی ڕێکخراوێك بکرێتەوە بۆ هێنانەدی ئەو ئاسایشــە، بە ڕای ئێــوە دەبێت چ جۆرە ڕێکخراوێك پێکبهێنرێت بۆ ئەم مەبەستە؟**

- ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن پەیوەســتە بە پێناســە بنەڕەتیەکەی ئاسایشــی نەتەوەییەوە، مەبەســتم لەو حاڵەتەیە کــە دەوڵەت دەتوانێت یاســا و نیزام لە ناوخۆی وڵاتدا بچەسپێنێت، واتە ئاسایش و ئارامی جێگیربکات، لە هەمان کاتدا بتوانێت بەربەرچی هەڕەشــە و مەترسیە دەرەکیەکان ببێتەوە، لە ناوخۆدا هێزەکانی پۆلیس و دادگاکان دەتوان یاســا بسەپێنن، ئازادی بۆ هاوڵاتیان دابین بکەن، بە چەشــنێك بتوانن بێ ترس بچن بۆ ســەر کارەکانیــان، هەروەها بۆ دورخســتنەوەی هەڕەشە دەرەکیەکان دەوڵەتەکان دەتوانن لە ڕێی پەرەپێدانی هێزی ســەربازی، باشــترکردنی پەیوەندیــە دیبلۆماســیەکان و بنیاتنانــی پەیوەندیگەلێکــی بنیاتنەرانــە و دۆستانەوە ئەم کارە بکەن.

*** هەر کە باســی ئاسایشی نەتەوەیی دەکرێت ئەوا پەیوەســت دەکرێتەوە بە ترسەوە، ئایا هیچ حاڵەتێك هەیە کە تێیدا هیچ مەترسیەك لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی نەمابێت؟**

- من نازانم ئایا دەتوانین بە تەواوەتی ئاسایشی نەتــەوەی دابیــن بکەین یان نــا، بەڵام وڵاتە پێشــکەوتوەکان هەنگاوی گەورەیان هەڵگرتووە لــەم ڕووەوە، بۆ نموونە هاوڵاتیانی ئەو وڵاتانە و خەڵکانی دەرەوەش کە ســەفەریان بۆ دەکەن هەســت بە ئاسودەیی و ســەلامەتی دەکەن لە کاتێکدا کە گەشتی پێدا دەکەن یان کاری تێدا دەکەن، بەڵام بە داخەوە ئەم حاڵەتە لە وڵاتێکی وەك عێراقدا بەدی ناکرێت.



*** ئایا مەسەلەی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی جیاوازی هەیە لە کۆمەڵگە دیموکراتیەکاندا بە بەراورد بە کۆمەڵگە نادیموکراتیەکان؟**

- بە دڵنیاییەوە جیــاوازی هەیە، لە کۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا ئازادی ڕادەبڕین و هەڵبژاردنی سەرکردەکان و ڕەخنەگرتن لە حکومەت هەیە، لە کاتێکدا لە وڵاتە دیکتاتۆری و نادیموکراتەکاندا بە ناوی پاراســتنی ئاسایشــەوە بواری ڕەخنە ســنوردار و بەرتەســك دەکرێتەوە. لە ڕاستیدا خواســتی کۆمەڵگەکان ئەوەیە کەشــێکی وا بڕەخسێنن کە هاڵوتیان پەنا بۆ شێواز و ڕێگای ئاشــتیانە ببەن بۆ هێنانــەدی ئامانجەکانیان، هەرچەندە هەمــو کۆمەڵگەکانیش نەیانتوانیوە ئەم دۆخە بخوڵقێنن.

*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای عێراق دەڕوانیت کە نمونەیەکە بۆ وڵاتی فرەنەتەوە، بە تایبەتی لە ڕووی ئاسایشتی نەتەوەییەوە لەم وڵاتەدا؟**

- من لــە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی عێراق نیم، بەڵام ئەوەندەی من بزانم بەرەوپێشچوونێك لەو وڵاتەدا هاتۆتــەدی، بە تایبەتی باکووری وڵاتەکە لــە بارودۆخێکی باشــتردایە، بەڵام سەرەڕای ئەم بەرەوپێشچوونە هێشتا گیروگرفت ماوە، هێشــتا تەقینــەوە ڕوودەدات و خەڵکی بێتاوان دەبنە قوربانی.

*** ئایا لە ڕوانگەی ئەزمونــە مێژووییەکانەوە تاکەی بارودۆخی عێراق بەم شــێوەیە بەردەوام دەبێت پێش ئەوەی سەقامگیربێت؟**

- من نازانم و ڕەنگە کەســی دیکەش نەتوانێت ئــەم پێشــبینیە بکات، بــەڵام ئومێــدەوارم حکومەتی عێراق شــەرعیەتی زیاتر بەدەســت بهێنێت و بتوانێت دۆخێك بخوڵقێنێت تێیدا خەڵك بە شــێوەیەکی ئاشــتیانە و مەدەنیانە هەوڵی هێنانــەدی ئامانجەکانیان بــدەن بێ ئەوەی پەنابەنە بەر توندتیژی کە ئاکامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە.

*** چــۆن دەتوانرێت ئاسایشــی نیشــتمانی لــە وڵاتێکــی نادیموکــرات و فــرە نەتەوەدا بپارێزرێت؟**

- دوو ڕێــگا هەیــە، یەکێکیــان پەنابردنە بۆ سەرکوتکردنی گروپە جیاوازەکان، ئەوی دیکە پەنابردنە بۆ بە نامەرکەزیکردن و پێدانی مافی خۆبەڕێوەبردن، کە مــن هیوادارم بەگرتنەبەری ڕێگای دووەم تا ڕاددەیەك بتوانرێت ئەم کێشەیە چارەسەربکرێت.

*** ئایا مەســەلەی ئاسایشــی نەتەوەی تەنها لایەنی ســەربازی و چەکداری دەگرێتەوە، ئایا بوارەکانی دیکە چین کە پەیوەستن بە ئاسایشی نەتەوەییەوە؟**

- بەدڵنیاییەوە لایەنکی گرنگی دیکەش هەن، بــۆ نموونە ئەگەر زۆربەی خەڵك هەلی کاریان بۆ بڕەخســێنرێت و، ئومێدیان بە ئایندە هەبێت و بەئیجابیەوە لێی بڕوانیــن ئەوا ئەگەرەکانی پەیوەندیکردنیــان بەگروپــە توندڕەوەکانــەوە کەمدەبێتەوە، کەواتە ســەقامگیری ئابووری و ســەقامگیری کۆمەڵایەتیش گرنگی خۆیان هەیە.

ئەگەر زۆربەی خەڵك هەلی کاریان بۆ بڕەخسێنرێت و، ئومێدیان بە ئایندە هەبێت و بەئیجابیەوە لێی بڕوانین ئەوا ئەگەرەکانی پەیوەندیکردنیان بەگروپە توندڕەوەکانەوە کەمدەبێتەوە

پرۆفیسـۆر مایکل رید مارك، گەورە شرۆڤەگەری سیاسیی و بەڕێوەبەری سـەنتەری (هاگو)ە بۆ دیراساتی ستراتیژی (HCSS) لەوڵاتی هۆڵەندا. رید مارك پسـپۆرو تایبەتمەندە لەبواری دیراسـاتی بەرگری و ئاسایش و یەکێکە لە گەورە ئەفسەرانی پێشووی سوپای پادشایەتی هۆڵەندا، بۆ قسەکردن سەبارەت بەچەمکی ئاسایشی نەتەوەیی و ئەرکی پاراستنی تاك و دامەزراوەکانی حکومەت بەرامبەر ئەم ئەرکە گرنگە، پرۆفسیۆر ریدمارك بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

### پرۆفیسۆر مایکل رید مارك بۆ گوڵان:

# لەهیچ حاڵەتێکدا ناتوانین بڵێین مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەیی گەیشتۆتە قۆناخێک چیتر پێویست بەوەناکات کاری بۆبکرێت

*** بەپێـی پێناسـەکەی ئاسایشـی نەتەوەیی پەیوەستە بەبوونی دەوڵەتەوە، واتە ئەگەر دەوڵەت بوونی نەبوو ئاسایشی نەتەوەییش لەئارادا نابێت، ئایا پێناسەی ئێوە چییە بۆ ئەم چەمکە؟**

- لەڕاسـتیدا لەهۆڵەندا مەسـەلەی ئاسایشی نەتەوەیـی دوو ڕەهەندی هەیە، یەکەمیان بریتیە لەپاراسـتنی بەها و پێـوەر و نەریتەکان، یاخود بڵێین شـێوەژیانی کۆمەڵگەکە، ئەمەش ئاستە ئایدۆلـۆژی و فەلسـەفیەکەیەتی، ڕەهەندی دووهەم پێنج لایـەن لەخۆدەگرێـت، یەکەمیان ئاسایش یان سـەلامەتی شەخسـی، مەبەست ئەوەیە هاوڵاتیان لەسەر و ماڵی خۆیان دڵنیابن، خاڵـی دووەم بریتیە لەپاراسـتنی یەکپارچەیی خاکەکـە، واتـە دوورخسـتنەوەی هەڕەشـە و داگیرکارییە دەرەکییەکان، سێیەم بریتیە لەپاراستن و پاقژڕاگرتنـی ژینگـە، چوارەم پەیوەسـتە بەپەرەپێدان و پێشخسـتنی ئابووری وڵاتەکەوە، لە ڕێـی بەرەوپێشـبردنی بازرگانی ناوخۆی و دەرەکی و پاراسـتنی بەرژەوەندییە ئابووریەکان، خاڵی کۆتای پەیوەندی بەپاراستن و چەسپاندنی سـەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە هەیە، ئەمانە پێکهاتەی ئاسایشـی نەتەوەیین لەوڵاتی هۆڵەندا.

*** ئاسایشـی نەتەوەیی لەچوارچێوەی دەوڵەتدا دەپارێزرێـت، کە تێیـدا دەبێت هەمـوو تاکێك ئاسایشـی خـۆی دابین بکات، بـەڵام ئەگەر دابینکردنی ئاسـایش بەتەنها کارێکی مەحاڵ بێت ئەوا دەبێت بیر لەدروسـتکردنی ڕێکخراوێك بکرێتەوە بۆ هێنانەدی ئەو ئاسایشە، بەڕای ئێوە دەبێت چ جـۆرە ڕێکخراوێك پێکبهێنرێت بۆ ئەم مەبەستە؟**

- مـن پێموایـە ئەمە ئەرکـی حکومەت نییە بەتەنها، بەڵکو دەبێت پارێزگاکان، شـارەوانیەکان و هاوڵاتیانیش بەشـداری لـەم ئەرکەدا بکەن، ئەمە بەرپرسـارێتیەکی هاوبەشە و دەبێت پێکەوە کاربکـەن بۆ بنیاتنـان و پەرەپێدانـی ژێرخانە گرنگ و هەسـتیارەکانی وڵاتەکـە. لەلایەکی دیکـەوە باس لەوە دەکرێت کـە دەبێت حکومەت ئامرازەکانی بەردەستی بەکاربهێنێت بۆ پاراستنی



ئاسایشـی نەتەوەیی لەنێویاندا بەکارهێنانی هێز، ڕاستە حکومەت مافێکی شەرعی بەکارهێنانی هێزی هەیە، بەڵام دەبێت ئەمە وەك دوا ڕێگاچارە بەکاربهێنرێت.

*** ئایا هەرگیز ئاسایشـی نەتەوەیی دەگاتە ئەو ئاسـتەی کە هیچ مەترسـیەکی لەسەر نییەو پێویست نییە کاری بۆبکرێت؟**

- من لـەو باوەڕەدانیم لەهیچ حاڵەتێکدا بتوانین بڵێین مەسـەلەی ئاسایشی نەتەوەیی گەیشتۆتە قۆناخێك چیتر پێویسـت بـەوە ناکات کاری بۆ بگرێت، چونکە ئەم مەسـەلەیە پتر پەیوەسـتە بە تێگەیشـتن و تێڕوانینمانەوە بۆی، بۆ نموونە روانگـە و تێگەیشـتنێکی کەسـێك لەهۆڵەندا لەئاسـت ئاسـایش و ئارامیـدا زۆر جیـاوازە لەتێڕوانینی هاوڵاتیەکی عێراقی بۆ ئەم پرسـە، کەواتە ئاسایشی نەتەوەیی مەسەلەیەکی ڕێژەییە و ناتوانین بەسەر ڕەش و سپیدا دابەشی بکەین.

*** ئایا مەسـەلەی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی جیـاوازی هەیە لە کۆمەڵگە دیموکراتیەکاندا بە بەراودر بە کۆمەڵگە نادیموکراتیەکان؟**

- بەدڵنیاییـەوە جیاوازی گرنـگ لەنێوانیاندا هەیە، لەکۆمەڵگەی دیموکراسـیدا کە لە ڕێی دەنگدان و متمانەپێدانەوە حکومەت دەسـەڵاتی گرتۆتەدەست و بەشێوەیەکی شەفافانە کاروبارەکان بەڕێوەدەبات، ئـەوا گفتوگۆیەکی کراوە لەبارەی ئاسایشـی نەتەوەییـەوە دەکرێـت، لەکاتێکـدا لەحکومەتە شـمولی و دیکتاتۆریەکاندا ڕەنگە تاڕاددەیەك نیزام و ئاسـایش پارێزراوبێت، بەڵام هاوڵاتیان بەچەشنێك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت کە هەسـت ناکەن بەشێکی ئەو بەرپرسیارێتیەیان دەکەوێتە ئەستۆ.

*** زۆرجار لە بری ئاسایشـی نەتەوەی باس لە ئاسایشـی نیشـتمانی یاخود ئاسایشی دەوڵەت دەکرێت، ئایا جیاوازی چیە لە نێوان ئاسایشـی نەتەوەیی و ئاسایشی نیشتمانیدا؟**

- ئەگەر ئاسایشـی نیشـتیمانی پەیوەست بێت بەپاراسـتن و پەرەپێدانـی بەهـا بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگەوە ئەوا ڕەنگە جیاوازیەکی گەورە بەدی نەکەین لەنێوانیاندا.

*** بەڵام زۆرێك لە شارەزایان ئاسایشی نیشتمانی یەکسـان دەکەن بە ئاسایشی دەوڵەت، ئاسایشی دەوڵەتیش وا پێناسەدەکەن کە بریتیە لە پاراستنی بەرژەوەندیەکان بێ پەنابردنە بەر ئەوەی شـەڕیان لە پێناودا بکەیت، ئایا ئەمە مومکینە؟**

- من پێـم وایە هەر دەوڵەتێـك دەبێت ئامانجە سـتراتیجیەکانی خۆی دیار و دەستنیشان بکات و هەوڵی بەدی هێنانیان بدات و ئەگەر هەستی کردە دووچاری هەڕەشـە دەبنەوە، ئەوا لە ڕێی گرتنەبەری ڕێ و شوێنە دیبلۆماسی، ئابووری، سیاسـی و کۆمەڵایەتیەکانەوە هەوڵی پاراستن و دورخسـتنەوەی هەڕەشە و مەترسیەکان بدات، هەروەها هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد حکومەت دەتوانیت پەنا بـۆ بەکارهێنانی هێز ببات، بەڵام دەبێت ئەمە وەك دوا ڕێگاچارە سـەیری بکرێت، واتـە دوای بـێ ئاکامبوونـی ڕێگاچارەکانی دیکە.

*** چـۆن دەتوانرێت ئاسایشـی نیشـتمانی لە وڵاتێکی نادیموکـرات و فرە نەتەوەدا بپارێزرێت، بە تایبەتی هەنـدێ جار بوونی فرەیی نەتەوەی خۆی لە خۆیـدا دەبێتە هۆکار و سـەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەگەر گروپێکی دیاری کراو لە وڵاتەکەدا هەست بە پەراوێزبوون بکەن، هەست بکەن بایەخیان پێنادرێت و وەك پێویسـت نوێنەرایەتی ناکرێن، ئـەوا ڕەنگە ئەمە ببێتـە هۆکارێك بۆ دروستبوونی نائارامی لە کۆمەڵگەدا.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من هیوای خۆشبەختیتان بۆ دەخوازم و ئومێد دەکەم لە ئایندەیەکی نزیکدا ئاشتی و ئارامی لە ناوچەکەتاندا بچەسپێت.

**تێگەیشتنێکی کەسێک لەهۆڵەندا لەئاست ئاسایش و ئارامیدا زۆر جیاوازە لەتێڕوانینی هاوڵاتیەکی عێراقی بۆ ئەم پرسە، کەواتە ئاسایشی نەتەوەیی مەسەلەیەکی ڕێژەییە و ناتوانین بەسەر ڕەش و سپیدا دابەشی بکەین**

**ئەگەر ئاسایشی نیشتیمانی پەیوەست بێت بەپاراستن و پەرەپێدانی بەها بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگەوە ئەوا ڕەنگە جیاوازیەکی گەورە بەدی نەکەین لەنێوانیاندا**